هەواڵنامەی کتێب

نەورۆزی کوردستان لە ئەفسانەوە بۆ مێژوو

پ.د. زرار صدیق تۆفیق

هەولێر ـ کوردستان ٢٠١٧

نەورۆزی کوردستان
لە ئەفسانەوە بۆ مێژوو

پ.د. زرار صدیق تۆفیق

چاپخانەی زانکۆی صەلاحەدین
هەولێر ٢٠١٧

هەواڵنامەی کتێب

- ناوی کتێب: نەورۆزی کوردستان لە ئەفسانەوە بۆ مێژوو.
- نوسەر: پ.د. زرار صدیق تۆفیق.
- چاپ: چاپخانەی زانکۆی صەلاحەدین_ هەولێر.
- شوێن و ساڵی چاپ: هەولێر _ ٢٠١٧.
- تیراژ: ٥٠٠ دانە.
- ژمارەی سپاردن: ژمارە (D-/2044/17)ی بۆ تەرخانکراوە لە پەرتوکخانەی بەدرخانیان: دهۆک.
- مافی لەچاپدانەوە و بلاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ نوسەر.

دانایێ موعەممەرێ کوهەن سال
ئەڤ رەنگەهە گۆ ژ بۆ مە ئەحوال
کو عادەتێ پێشییێ زەمانان
ئەڤ بوو ل هەمی جھ و مەکانان
وەقتێ وەکوو شەهسوارێ خاوەر
تەحویل دکر د ماهێ ئازەر
یەعنێ کو دهاتە بورجێ سەرسال
قەط کەس نەدما دمەسکەن و مال
(بالجملة) دەچوونە دەر ژ مالان
حەتتا دگەهیشتە پیر و کالان
رۆژا کو دبوویە عیدێ نەوروز
تەعظیم ژ بوو دەما دل ئەفروز
صەحرا و چەمەن دکرنە مەسکەن
بەیدا و دەمەن دکرنە گوڵشەن
خاسما عەزەب و کچێ د باکر
(القصە) جەواهرێ د نادر
تێکدا د موزەیيەن ومولەببەس
ڤێکراڵ تەفەڕوجێ مورەخخەص

....

دەورا فەلەکێ ژ بەختێ فەیرۆز
دیسان کو نوما ژ نووڤە نەورۆز
مەبنی ل وی عادەتێ موبارەك
شەهری و سوپاهیان ب جارەك
بازێر و کەلات و خانی بەردان
تەشبیهی ب نژدەیان و جەردان
صەف صەف دمەشینە کووە و دەشتان
رەف رەف دخشـــــینە ســــــەیرو گەشــــــتان

ئەصنافێ ئومەم صغار و کوببار
قەطعا ڤەنەدما د شەهری دەییار
هندەک ب پەیایی چوونە باغان
هندەک ب سواری چوونە راغان
هندەک ب تەبایی و ب کثرەت
هندەک ب هەڤالی و ب وەحدەت
رابوونەڤە خانم و خەواتین
وان ژی تژی گول کرن بەساتین
حووران کرە مەسکەنێ خوە جەننەت
بێ پەردە وبێ مەلال ومننەت

....

سەوداگەرێ عیشقێ بوون د بازاڕ
هەم بائعێ حوسنێ هەم خریدار
سەرسالی و باکر و رەوالان
سەدسالی و جوان و پیر و کالان
سەرسال ل رەسم و راهێ مەعهوود
گێڕان د جە و مەقامێ مەحموود

ئەحمەدی خانی- مەم و زین

هەواڵنامەی کتێب

ناوەڕۆك

پێشەکی..	٩
ـ بەشی یەکەم: پاڵەوانەکانی ئەفسانەی نەورۆز	
١ـ١ـ جەم ـ جەمشید...	١٧
١ـ٢ـ ئەژدیها پاڵەوانێکی نەورۆزی کوردەواری..............	١٨
١ـ٣ـ ئەژدیها لای گەلانی دێرینی ڕۆژهەڵات..................	٢٠
١ـ٤ـ گۆتییەکان هاوچەشنی ئەژدیها	٢٤
١ـ٥ـ شوێنەواری ئەژدیها ـ زوحاك لە کوردستان..............	٣١
١ـ٦ـ کاوە و ئاڵاکەی...	٣٣
ـ بەشی دووەم: سەرهەڵدانی جەژنی نەورۆز و نەورۆزی کوردەواری	
٢ـ١ـ سەرهەڵدانی جەژنی نەورۆز..................................	٤٣
٢ـ٢ـ سەرهەڵدانی نەورۆزی کوردەواری..............................	٤٦
بەشی سێیەم: نەورۆز لە ئێرانی دێریندا	
٣ـ١ـ لە سەرەتاوە تا سەردەمی ساسانی............................	٥٥
٣ـ٢ـ لە سەردەمی ساسانی (٢٢٦ـ ٦٥١ز)	٦١
ـ بەشی چوارەم: نەورۆز لە سەردەمی ئیسلامی و رابوونی ئێرانیەکان	
٤ـ١ـ نەورۆز وەك ڕۆژێکی ناسراو..................................	٦٧
٤ـ٢ـ وەرگرتنی دیاری ـ نەورۆزانە................................	٧١
٤ـ٣ـ نەورۆز و شیعەگەری..	٧٨
٤ـ٤ـ نەورۆز بنەمای ساڵنامە و ڕۆژژمێری..........................	٨٠

هەزارنامەی کتێب

٤_٥_ رابوونی ئێرانیەکان و بەرزراگرتنی پلەوپایەی نەورۆز................	٨٢
٤_٦_ تۆمارکردنی مێژووی نەورۆز...............................	٨٧
_ بەشی پێنجەم: رێورەسمی یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز لە کوردستان	
٥_١_ نەورۆز لە یادەوەریی کوردا......................................	٩١
٥_٢_ ئاگرکردنەوە و ئاو رژاندن..	٩٥
٥_٣_ رووکردنە دەشتودەر بۆ گەشت و سەیران........................	١٠٢
٥_٤_ گێرانی شایی و دیلان..	١٠٨
٥_٥_ رێکخستنی چالاکیی رۆشنبیری و پێشبڕکێ........................	١١١
٥_٦_ ئەیوبییەکان و یادکردنەوەی نەورۆز..................................	١١٤
٥_٧_ شاعیرانی کورد و نەورۆز..	١١٥
_ سەرچاوەکان..	١١٨
_ پاشکۆ..	١٢٧

هەواڵنامەی کتێب

پێشەکی

نەورۆز ئەفسانەیەکی هەرە دێرین و هاوبەشی گەل و نەتەوە ئێرانیەکانە و رەگی قووڵی بە ناخی مێژووی مرۆڤایەتیدا رۆچووە و کاریگەرییێکی مەزن و بەردەوامی لە کەلتور و هزر و دابونەریتی ئێرانییان و میللەتانی دەرهاوسێیان و شارستانیەتی دەوربەریان بەجێ هێشتووە، بەگوێرەی کتێبی پیرۆزی مەزنییەسنا، لەدایکبوونی زەردەشت و بوونی بە پەیامبەر و لەدایکبوونی زۆربەی شاهانی پێشدادی و سەرکەوتن و سەروەریەکانی ئێرانزەمین بەند و پەیوەستە بە رۆژی نەورۆزەوە[1].

بەمپێیە، هەردەم بووەتە بابەتێکی باڵکێش و بەپێزی نوسین و ڤەکۆڵین و تا هەنووکەش هەردەم کاری لەبارەوە دەکرێت و لێکۆڵینەوە و نوڤچوون لەمەڕ بنەچە و رەهەندە هەمەلایەنەکانی ئەنجام دەدرێت. لەمێژە، نوسەران و ڤەکۆڵەرانی فارس[2] و دواتریش ئەوانەی عەرەب و کورد و رۆژهەڵاتناسان، قەڵەمیان خستۆتەگەڕ و دەیان کتێب و نامیلکە و لێکۆڵینەوەیان سەبارەت بە نەورۆز بڵاوکردۆتەوە و لە هەموو رەهەند و ئاست و بوارەکانی وردبوونەتەوە، وەك: رەگوڕیشەی ئەفسانەی

(١) رەزا دەشتی، نەورۆز و بۆنەکان لە گێڕانەوە مێژووییەکاندا، وەرگێڕانی رێبوار سەرتیپ زەندی، ل٢٥-٣٦.

(٢) بڕوانە: نوروز (مجموعه مقالات)، به کوشش علی دهباشی، نشر افکار(تهران ۱۳۹۱ه. ش)، ۱۱۳۷ لاپەڕە، هاشم رضی، جشن های آب، انتشارات بهجت (تهران:۱۳۸۵ه. ش).

نەورۆز و پەیوەندی و نزیکایەتیی بە جەژن و بۆنەکانی وڵاتی سۆمەر و ئەکەدەوە[1] و رەنگدانەوەی لە مێژوو و فەرهەنگی ئێران[2] و لە شیعر و ئەدەبیاتی فارسی[3] وعەرەبی دا[4] و نەورۆز وەك بنەمایەك بۆ ساڵنامە و رۆژژمێری[5] و خستنەرووی لێکەوتە و کاریگەریی بەسەر کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامیەکاندا و سەرباری شارستانیەتی قیبتیەکانی مصر[6]، هەروەها رۆڵی لە پتەوکردنی پەیوەندی و تێکەڵیی فەرهەنگی و

(١) . بگەڕێرەوە بۆ: حسين قاسم العزيز، الجذور الأسطورية لملحمة نوروز الشعبية، مطبعة دار الشؤون الثقافية العامة (بغداد:٢٠١٠)، المفصل في نشأة نوروز الذهنية الأبداعية، مؤسسة ژين (السليمانية:٢٠١٢)، عبدالكريم شاهين، عيد النوروز الأصل التأريخي والأسطورة، دار الزمان (دمشق:٢٠٠٨).

(٢) زانستیترینیان کتێبەکەی(هاشم رضي) یە، جشن های آب.

(٣) بگەڕێرەوە بۆ: محمد معين، جشن نوروز، مجله جهان نو، سال أول، شماره أول (خرداد ١٣٢٥هـ.ش)، بڕوانە: نوروز(مجموعه مقالات)، به كوشش على دمباشى، ص٥١_٥٤، محمد أمين رشيد، النوروز في الأدب الفارسي حتى نهاية العصر الغزنوي، رسالة ماجستير، كلية الأداب (جامعة عين شمس: ١٩٧٦).

(٤) بڕوانە: د.فؤاد عبدالمعطي الصياد، النوروز وأثره في الأدب العربي (بيروت :١٩٧٢)، وصفي حسن، عيد نوروز في الشعر العربي، مطبعة الخاني (دهوك: ٢٠١٢)، هيرش محمد أمين، نوروز في الشعر العباسي، مجلة جامعة كويه، العدد(٣) (كويه: ٢٠٠٥)، ص٩٥_١١٥.

(٥) بگەڕێرەوە بۆ: عەبدولعەزیم رەزایی، مێژووی نەورۆز و کرۆنۆلۆجیای ئێران، وەرگێڕانی شەریف فەلاح، خانەی موکریانی (هەولێر:٢٠١٢).

(٦) بگەڕێرەوە بۆ: رمضان رمضان متولى، عيد النوروز عند الفرس وتأثيره في المجتمعات العربية، المجلس الأعلى للثقافة (القاهرة:٢٠١٣).

هەولێرنامەی کتێب

شارستانیی نێوان فارس و عەرەب بە درێژایی مێژوو[1].

هاوکات نەورۆزی کوردستانیش بووەتە جێگەی بایەخی نوسەران و لێکۆڵەرانی کورد، بەتایبەت مژاری ڕاپەڕینەکەی کاوە و سەرهەڵدانی داستان و جەژنی نەورۆز [2]، وێڕای کاریگەری و ڕەنگدانەوەیی لە شیعر و پەخشان و ئەدەبیاتی کوردیدا [3] و دانانی بە دەستپێك و سەرەتاییێك بۆ شارستانیەتی کوردستان و جەژنێکی نەتەوایەتی کورد...هتد[4].

نوسەری واشمان هەن، کەوتوونەتەخۆ و بە خوێنگەرمیەوە داکۆکی لە ئەوە دەکەن کە کوردستان لانکەی لەدایکبوونی نەورۆزە و کورد خاوەندی یەکەمیەتی و بە داهێنانی بێخەوشی نەتەوەی کورد

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) بگەڕێرەوە بۆ: كاظم عبد علي، النوروز مظهر من مظاهر التواصل بين العرب والفرس، رسالة ماجستير، الجامعة اليسوعية (بيروت:١٩٧٥)، مهدي ممتحن، النوروز مظهر الثقافة والحضارة بين الفرس والعرب، مجلة آفاق الحضارة الاسلامية، العدد (١) ،السنة(١٨) ١٤٣٦هـ، ص٦٥ـ٨٦.

(٢) بگەڕێرەوە بۆ: محمد توفيق وردي، نوروز وثورة كاوه، مطبعة الغري(النجف الأشرف : ١٩٧٣)، حیلمی عەلی شەریف، داستانی نەورۆز و نەورۆزی کوردستان، دار الحرية للطباعة (بەغدا:١٩٩١)، ئەحمەد زەردەشت، کاوە و نەورۆز، ئەفسانە و بیری نوێ (بەغدا:١٩٩٩).

(٣) بگەڕێرەوە بۆ: حسين عزيز رولندزی، نەورۆز لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی الحوادث (بەغدا:١٩٨٥)، محەمەد عبدالرحمن زەنگەنە، نەورۆزنامە، دار الجاحظ (بەغدا: ١٩٨٥)، عومەر ئیبراهیم عەزیز، دیاریی نەورۆز لە پەخشانی کوردیدا (هەولێر: ١٩٨٩).

(٤) بگەڕێرەوە بۆ: د.ڕەفیق محەمەد شوانی، نەورۆز سەرەتای شارستانیەت و جەژنی نەتەوایەتیی کوردە، ئەکادیمیای کوردی (هەولێر:٢٠١٤).

دایدەنێن[1].

دیارە لەم کتێبانە و لە دەیان کتێب و توێژینەوە و گوتاری دی، کە دەربارەی پەیوەندیی نەورۆز بە کورد و کوردستانەوە دانراون، چەردەیەك زانیاریی نوێ و بۆچوون و لێکدانەوەی زانستی لەمەڕ ئەم پەیوەندییە خراونەتەڕوو، بەڵام پتر جەخت لەسەر لایەن و رووە ئەفسانەییەکانی نەورۆز کراوەتەوە و هۆکار و پاساوەکانی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی لە نێو هۆز و نەتەوەکانی ئێراندا دەستنیشانکراوە و دەگمەن باس لە نەورۆز وەك مێژوو کراوە، پێویستە ئەوەش بڵێین کە نوسینی زۆروزەبەندی نازانستی و پڕ لە زیادەڕەوی و لێکدانەوەی سۆزدارانەش کەم نین کە راستیەکانیان شێواندووە و لە گیانی بێلایەنی و میتۆدی زانستی دوور کەوتونەتەوە.

ئەوەی راستی بێت کتێبی(نوروز والأزدهاك والكورد)[2]، یەکێکە لە کارە زانستیە دەگمەن و ناوەزەکان لەمەڕ ئەفسانەی نەورۆز و پاڵەوانەکانی لە جەمشید و زوحاك و کاوە و نوسەر لە دانانی دا، سەرباری سەرچاوە عەرەبی و فارسییە کلاسیکیەکان، سوودی لە دەیان لێکۆڵینەوەی نوێی فارسی و ئەوروپی وەرگرتووە و شارەزایانە

(١) بگەڕێرەوە بۆ: د. مەولود ئیبراهیم حەسەن، نەورۆزی کورد ..لە ئەفسانەوە بۆ جیهانی بوون، دەزگای بەدرخان (هەولێر:٢٠١٢)، عەباس سلێمان سمایل، جەژنی نەورۆز لە کوردستانەوە سەری هەڵداوە، چاپخانەی رۆشنبیری (هەولێر:٢٠١٣).

(٢) د.عبدالرحمن مزوري، نوروز والأزدهاك والكورد، دراسة في الأسطورة والتأريخ، منشورات الأكاديمية الكردية (أربيل: ٢٠١٣).

هەواڵنامەی کتێب

بۆچوونەکانی خۆیی پێ پشتڕاستکردووە و ئێمە لە بەشی یەکەمدا کەڵکمان لێ وەرگرتووە.

ئەم کتێبەی ئێمەش هەوڵێکی دیکەی ئەکادیمی و زانستییە بۆ ساخکردنەوەی ئەم بابەتە، بە پشتبەستن بە دەیان سەرچاوەی فارسی و عەرەبیی رەسەن، وێڕای سوودوەرگرتن لە نوێترین لێکۆڵینەوەی توێژەرانی ئێران.

لەم کتێبەدا، هەوڵمداوە هەندەی بکرێت و تا چەند دەستبدات، خۆم لە دووبارەکردنەوە و چەند بارەکردنەوەی زانیاریە گشتی و زانراوەکان بەدوور بگرم و کەمتر خەریکی لایەنە ئەفسانەیی و فانتازییەکان بم کە زیاد لە پێویست دووپاتکردنەوە و درێژدادڕیی دەرهەق کراوە، لێرە زیاتر مەبەست سۆراخکردنی نەورۆزە لە هزر و یادەوری و خەیاڵی تاکی کورد دا و دۆزینەوەیەتی لە ژیانی واقیعیی جڤاکی کوردەواری و راستیی مێژوویی- با کەمیش بێت- نەك ئەفسانە بخرێتەڕوو، کە وابزانم هەندێکیان نوێن و پێشتر نەدەزانران و دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمانی پاش دەرکەوتنی ئیسلام، تا زیندووکردنەوەی ئاهەنگی نەورۆز لە لایەن پیرەمێرد(١٨٦٧- ١٩٥٠)ی نەمرەوە، چونکە زانیاریەکی ئەوتۆ نیە پەیوەستبێت بە کوردستانەوە و بگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێشتر،

بە ئاخافتنێکی دی، لەم کتێبەدا لە نەورۆز دەدوێن پتر وەك مێژوو نەك وەك ئەفسانە- هەرچەند ناکرێت ئاخافتن لەدور نەورۆز بەدەر بێت لە باسکردنی رەهەند و لایەنە ئەفسانییەکانی- و گەرەکمانە بزانین ئەم ئەفسانەیە چ کاریگەرییەکی لە مێژووی کوردا هەبووە و چۆن و تا چ رادەیەك لە ژیانی مرۆڤی کورددا رەنگی داوەتەوە.

کاتی خۆی لەگەڵ بەڕێز زریان سالار حاجی کە خوێنکاری دکتۆرا بوو لە زانکۆی سلێمانی، وا ڕێککەوتین کە بە سەرپەرشتیی من، نامەی دکتۆراکەی بۆ نەورۆز تەرخان بکات، کەچی دوای ماوەیەکی کەم بە پاساوی نەبوونی زانیاریی پێویست دەستبەرداری ئەم بیرۆکەیە بوو و هەقیشی بوو، منیش لەو دەمەوە بڕیارمدا بەخۆم شتێك لەمەڕ نەورۆزی کوردەواری بنووسم و کەوتمە کۆکردنەوەی زانیاری و سەرئەنجام ئەم کتێبەی لێ بەرهەمهات[1].

لە کۆتاییدا ڕێز و پێزانین ئاڕاستەی ئەم دوو خوێنکارەی خۆم دەکەم : د. نزار ئەیوب گولی کە دوو دەقی بەهاداری بۆ ناردم و د.زریان حاجی کە ئەرکی دیزاینی کتێبەکەی لە ئەستۆگرت و پێویستە سوپاسی ڕێزداران: ژیهات محەمەد بناڤی و هێرش کەمال ڕێکانی یش بکەم کە لە دانانی ئەم کتێبەدا، بە دەق و بە تایپکردن هاریکارییان کردم.

هەواڵنامەی کتێب

دهۆك ١_٢_٢٠١٧

(١) پێشتر لەسەر داوای برادەرانی ئەکادیمیای کوردی، بە گوتارێك بەشداریم کرد لەو کتێبەی وا ئەکادیمیا لەسەر نەورۆز بلاویکردەوە، بڕوانە: نەورۆز، ئەفسانە، مێژوو، ئەکادیمیای کوردی (هەولێر: ٢٠١٢)، ل١٥_ ٣٢، ئەوگوتارەم دوای لێ زیادکردنی، بووە بەشێك لەم کتێبە.

بەشی یەکەم

پاڵەوانەکانی ئەفسانەی نەورۆز

هەواڵنامەی کتێب

١-١- جەم- جەمشید:

پاڵەوانەکانی ئەفسانەی نەورۆز: جەم- جەمشید و ئەژنیها- زوحاك و فەرەیدون[١]، دەگەڕێنەوە بۆ رۆژگارێك کە هێشتا مۆز و خێڵە هیند و ئێرانییەکان یەك نەتەوە بوون و لێکجودا نەبوبوونەوە و هاوزمان و هاوفەرهەنگ و هاوئایین و خاوەند یەك شارستانیی هاوبەش بوون، خوداوەند و پاڵەوانەکانی داستان و ئەفسانەکانیانیش هەر هاوچەشنن و تەنیا جیاوازییەکی کەم لە ناویان بەدیدەکرێت.

بەگوێرەی بۆچوون و لێکدانەوەی نەتەوەی فارسی سەردەستە و دەسەڵاتدار، جەم یان جەمشید- واتا تیشکی جەم- کوڕی تەهمورسی کوڕی هۆشەنگی کوڕی سیامکی کوڕی کیۆمەرسی پێشدادی، داهێنەری نەورۆزە، ئەو لێکدانەوەیەی کە لە ئەنجامی هۆکارگەلێکەوە زۆر زیاتر لە لێکدانەوەکانی دیی لەمەڕ هاتنەکایەوەی نەورۆز، لە مێژوودا چەسپا.

کیۆمەرس لەکن نەتەوەکانی ئێرانزەمین و بەگوێرەی ئەفسانە و گێڕانەوەکانیان، یەکەم مرۆڤی سەر گۆی زەوی و یەکەم شاهی جیهانە و داهێنەری زۆر شتە و هاوشانی ئادەمە لای سامیەکان و بە گڵ شاه واتا شاهی گڵ- خۆڵ یان کورشاه- شاهی چیا دەنا سرا، چۆنکە لە چیاکاندا دەژیا[٢]، هەواڵزانانی دی دەیخەنە نێوان ئادەم و نوحەوە و

---

(١) فەرەیدونی هیندوئێرانی بەرانبەر پێغەمبەر نوح یان پێغەمبەر ئیبراهیم خەلیلە لای یەهود و سامیەکان.

(٢) المسعودي، التنبيه والاشراف، ص٩١، الفردوسي، الشاهنامه، الترجمة العربية: ابوالفتح البنداري، ص١٢، البيروني، الآثار الباقية، ص٤٨.

هەشە دەیکاتە نەوەی نوح...[1].

جەم لە ئاڤێستا بە (ییمە) هاتووە و لە کتێبی پیرۆزی(ڕێگڤیدا)ی هیندی کە بە زمانی سانسکرێتی نوسراوە، جەم یان یەما هاوشێوەی ڕۆژە وئاگری ڕووی زەویە وەك چۆن ڕۆژ ئاگری ئاسمانیە و هەر ئەویشە مرۆڤی یەکەمی سەر ڕووی زەوی و بابی ئادەمیزاد[2]و زیاتر لەوە دەچێت هاودەم و بەرانبەری سلێمانی کوڕی داودی پێغەمبەری جوو- یەهود بێت.

١-٢- ئەژدیها پاڵەوانێکی نەورۆزی کوردەواری:

ئەژدیها یان ئەژدەهاك- زوحاك کە بە بیوراسپیش ناودەبرێت، پاڵەوانێکی سەرەکیی نەورۆزی کوردە و ئەوە کە شاهێکی بێبەزەمی و خوێنڕێژ و ستەمکارە و هێمای زۆرداری و تاریکی و ناخۆشی و بێدادیە و مایەی کوێرەوەری و ناسۆری وماڵوێرانیی خەڵکانی هەژار و نەدار و بێدەرەتانە، بێگومان دەمی زاڵبوون بەسەریدا و لەناوبردنی یان کۆتوبەندکردنیشی، ڕزگاری و سەرفرازی و کامەرانی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە ڕۆژێکی نوێی تەواو جیاواز.

ناوی ئەژدیها لە ئاڤێستا بە(ئەزی دهاکە)هاتووە و دێوێکی بەرجەستەکەری شەڕانگێزیە و ناهێڵێت ئاوی هەورەکان ببارێتە سەر زەوی و وا بڵاوە کە هەر خودی نەمرودە[3]، کەچی لە شاهنامەی

(١) حمدالله مستوفی، تأریخ گزیده، ص٧٥.

(٢) ر.س.زیهنیر، المجوسیة الزرادشتیة، ص١٥٦-١٥٩.

(٣) ابوهلال العسکري، الأوائل، ص٤١٣.

هەواڵنامەی کتێب

فیردەوسیدا شاهێکی عەرەبە بە ناوی بیوراسپی کوڕی مرداس و نازناوی زوحاکە[1].

گومان لەوەدا نیە کە ئەژدەهاك ـ بیوراسپ، بەو شێوەیەی وا ناسێنراوە و بڵاوبۆتەوە، کەسایەتیەکی خەیاڵیە ودوورە لە واقیع و لە مێژووەوە، بۆیە لەنێو سەرچاوە فارسی و عەرەبیەکاندا، کراوەتە بنیادنەری (بیت المقدس) و کۆشکی غەمدان لە یەمەن[2]و بکەری چەند کردەوەیەکی نائاسایی[3]، فرە بۆچوونی و مشتومڕێکی سەختیش هەیە سەبارەت بە: ناوی خۆی و باوکی، ناسنامە و بنەچە و سەردەمی، ماوە وشوێنی حوکمکردنی کە بە چەند شێوازێك باسکراون[4]، هەر بەگوێرەی حیکایەت و گێڕانەوە بۆ بنەماکان، نەژاد و بنەچەی ئەژدەهاك ـ زوحاك بووەتە بابەتێکی گەرمی ململانێی نێوان فارس و عەرەب نەخاسمە عەرەبی یەمەن[5]، هەر بۆ نموونە، شاعیری ناسراو ئەبو نەوواس:م ١٩٨ك/٨١٤ز) دیگووت زوحاك لە خۆیانە:

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) الفردوسي، الشاهنامه، ص٢٥، ٣٧ـ٣٨.

(٢) المسعودي، مروج الذهب، ٢/٢٠٥، ٢٠٨..

(٣) مەسعودی دەڵێت:" وللفرس في أخبار الضحاك مع إبليس أخبار عجيبة وهي موجودة في كتبهم"، مروج الذهب، ٢/١٠٧..

(٤) بڕوانە: د.حسين قاسم العزيز، الجذور الأسطورية لملحمة نوروز الشعبية، ص٢٠٨ـ ٢٢١.

(٥) تأريخ الطبري، ١/١٩٤ـ ١٩٦، مەسعودی دەڵێت:"وقد تنوزع فيه: أمن الفرس كان أم من العرب؟"، مروج الذهب، ١/٢٠٦، و" أن الضحاك ذا الأفواه المقدّم ذكره في هذا الكتاب الذي تنازعت فيه الفرس والعرب من أي الفريقين هو"، مروج الذهب،

كان منّا الضُحاك يعبده

...... الخابل والجن في مساريها[1].

هۆزی(الأزد)یش شانازییان بەوەوە دەکرد کە زوحاك لەوانە، لەمەش سەیرتر زوحاك کراوەتە شاعیر و شیعری بۆ چێکراوە:

أنَا ابْنُ عَدْنَانَ الْمُنْتَمي

.... صُعُدًا إلَى النَّبيِّ الَّذِي لَهُ الْكُتُبُ

سُمِّيتُ فِي الْمَهْدِ إذْ تَسَمَّيْتُ......

.... ضَحَّاكًا وَكَذَا الْأَسْمَاءُ يُقْتَضِبُ

لَسْتُ بِضَحَّاكِهِمْ وَلَا غَزِلٍ.........

.... صَبٍّ وَلَا مِنْ قَبَائِلِ اللَّعِبُ

لَكِنَّنِي السَّيِّدُ الْقَلَمَسُ لَمْ يُخْلَقْ......

.... مِثْلِي قَبْلَهُ وَلَمْ يَكُنْ عَرَبُ[2].

هەواڵنامەی کتێب

١-٣- ئەژدیها لای گەلانی دێرینی ڕۆژهەڵات:

بیرۆکەی هەبوونی ئەژدیها یان ماری حەفتسەر(التنين)، وەك درندەیەکی بەدفەڕ و چڵێس و دوژمنێکی نەگریس و سەرسەختی خوداوەندە خێرخوازەکان، بیرۆکەیەکی زۆر کەونار و هاوبەشی هەموو

٢/١٠٧ , قَالَ أبُو الْمُنْذِرِ: فَالْفُرْسُ تَزْعُمُ أنَّهُ مِنْهُمْ، وَالْعَرَبُ تَزْعَمُ أنَّهُ مِنْهُمْ"، ابوسعيد النقاش، فنون العجائب، ص١١٤.

(١) تأريخ الطبري،١/١٩٨، مروج الذهب، ٢/١٠٧.

(٢) فنون العجائب، ص١١٥.

مرۆڤایەتیە و لە زۆربەی شارستانیەت و بیروباوەڕە ئایینیە سەرەتاهی و دێرینەکاندا ئامادەیی هەیە. لە داستان و ئەفسانەکاندا، جەنگان و بەرەنگاربوونەوەی ئەژدیهای بەدکار و زاڵبوون بەسەریدا، دواییش کوشتن و سەربڕینی یان کۆتوبەندکردنی بە دەستی خوداوەند و شاه و مرۆڤە نیمچە خوداوەندەکان، هەردەم چیرۆکێکی بەپێز و خوازراو و سەرنجڕاکێش بووە لەکن گشت میللەتان و لە سەردەمانی هەرەکۆنەوە بایەخی پێدراوە و دانەرانی ئەفسانەکان بەشێکی بەرهەمەکانیان بۆ تەرخانکردووە، نیگارکێشانیش بە وێنە و نیگار گوزارشتیان لە شەڕ و پێکدادانی کردووە لەگەڵ خوداوەند و شاهەکان(۱).

لە دەستپێکی داهێنانی بیرۆکەی هەبوونی ئەژدیها و لە کۆنترین ئەفسانەدا، داهێنەران و نوسەرانی بەسەرهات و داستانەکان، وێنایەکی دیاریکراویان بۆ ئەژدیها لە خەیاڵدا نەخەملیبوو. لەم سەردەمەدا، ئەم هێزە کێوییە ترسناک و شەڕانیە، لە قۆناخی نادیاری و نەناسراوی مابووەوە و هێشتا فۆرم و روخساری خۆی وەرنەگرتبوو، پاشتر لە شێوەی ماری حەفتسەر بەرجەستەکرا. ئەوەی تا هەنوکە ساخبۆتەوە، کۆنترین نیگاری ئەژدیها دەگەڕێتەوە بۆ شارستانیەتی وڵاتی دوو ئاوان - میزۆپۆتامیا لە هەزارەی سێهەمی بەر لە زایین کە لەبان مۆرێکی لولەیی نەخشێندراوە و چەند پاڵەوانێك دەردەخات کە چۆن چەند پاڵە وانێکی جەنگاوەر

(۱) صموئیل کریمر، من ألواح سومر، ص۳۳۷، فاضل عبدالواحد علي، سومر أسطورة وملحمة، ص۱۱٤.

هەواڵنامەی کتێب

ئەژدیهایەکی حەفتسەر لەناو دەبەن[1].

لە سەردەمی ئیسلامیشدا، خەڵکی وێنای ئەژدیهای بە زیاتر لە شێوەیەك لەلا چەسپیبوو، بۆ نموونە دەگوترا رەشەبایە و لە ناخی دەریاکانەوە هەڵدەکات یان رەشمارە یان ئاژەڵێکە لە دەریاکاندا خولقاوە[2].

ئەژدیها وەك روونە گیانەوەرێکی ئەفسانەییە و خەیاڵدانی مرۆڤی کۆن لە دێرزەمانەوە دایهێناوە و گوایە لە دارستان و جەنگەڵ و ناوچە شاخاوییە بڕوێن و دوورەدەستەکان خۆی مەڵاسداوە، تا ببێتە چاوگە و سەبەبکاری هەرچی کار و کردەوەی خراپی مرۆڤەکانە یان ببێتە سەرچاوەی رووداو و دیاردە سروشتیە زیانبەخشەکان لە وێنەی باهۆز و لافاو و وشکەساڵی و زەویلەرزە و رۆژگیران...، هەر بۆیەش دەبوو لە خەیاڵی دا وێنەیەکی کرێت و ناقۆڵای بۆ بکێشێت کە هەم کەتە و دڕێو و هەم ترسناك و سامدار بێت، هەندێك جار وەك تیمساحێکی باڵدار و چاوتیژ و چوارپەل خراوەتەڕوو کە هەر پەلێکی چڕنوکی زلی پێوەیە و لە دەمیەوە ئاگر دەبارێنێت، یان هاوڕوخساری شامارێکی چەتەوڵی یەك سەر یان فرە سەرە و دوو چنگی گەورە و دڕێژی پێوەیە و زمانی لە دەمی دەرچووە. لە وێنە و نیگاری دیدا، بریتیە لە لاشەی مار و کەلەی تیمساح و چڕنوکی شێر و باڵی باڵندە و ئاگری لە دەم دێتەدەرەوە و

(١) کارم محمود، أساطیر التوراة الکبری وتراث الشرق الأدنی، ص١٠٢. و بڕوانە وێنەکەی لە کۆتاهی ئەم بەشە.

(٢) المسعودي، مروج الذهب، ١/١٢١_١٢٢.

پێچخواردووە و جەستەشی ئەوەندە زەبەلاحە تا ئەو رادەیەی مەڕ و ماڵات هەڵدەلوشێت(١).

لە پاشماوەی نوسراوە سۆمەریەکاندا، سێ ئەفسانە ماونەتەوە سەبارەت بە کوشتن و سەربڕینی ئەژدیها و یەکێکیان وەك بەشێك لە داستانی گلگامش تۆمارکراوە. لە ئەفسانەیەکی دییاندا، ئەژدیها پەیوەندیی راستەوخۆی بە ئەژدیهاکەی لەمەڕ نەورۆزەوە هەیە، واتا ئەوەی کە لای عەرەب بووە بە زوحاك کە ناوی بە شێوەکانی: ئەساج، ئەساگ، ئاساگ، ئەساگۆ خوێندراوەتەوە و لە دەقێکدا کە لە شەڕی دژی گۆتییەکان دەدوێت، ناوی براوە(٢).

زانای ئەڵمانی د.أ. ئیدزارد(١٩٣٠-٢٠٠٤) لە ناسینی ئەساگ-ئەژدیهاك دەڵێت: "ئەساگ دێوێکی سۆمەرییە و لە زمانی ئەکەدیدا ناوی بووەتە ئەساگۆ، لە بنەڕەتدا بەرپرسیار و هۆکاری پەتا و نەخۆشی بوو، پاشان کرایە دێوێکی دوژمنی وڵاتی سۆمەر کە لە کێوەکان دەژیا و خوداوەندەکانی وەك ئینەننا و نینۆرتا، هێرشیان دەکردە سەری"(٣)، هەروەها لە هەندێك دوعا و نزا و پاڕانەوەی سیحراویدا، باسی شەیتانی ئەساگۆ کراوە(٤).

---

(١) أساطير التوراة الكبرى، ص١٠٢، سومر أسطورة وملحمة، ص١١٤-١١٥، رينيه لابات، المعتقدات الدينية في بلاد وادي الرافدين، ص١٥١-١٥٢.

(٢) كريمر، من ألواح سومر، ص٣٤٠-٣٤١، د.أ.إدزارد، قاموس الآله والأساطير، ص١١٧، سومر، أسطورة وملحمة، ص١١٦-١١٧.

(٣) قاموس الآله والأساطير، ص١١٧.

(٤) سومر، أسطورة وملحمة، ص٦٩-٧٠.

لە لایەکی دیبیەوە، پەیڤی کور لە زمانی سۆمەرییەدا، لە بنەڕەتدا بە واتای چیا و کێو و وڵاتی شاخاوی دەهات، پاشان بەهۆی ئەوەوەی کە ناوچە شاخاویەکانی هاوسنووری وڵاتی سۆمەر و ئەکەد کە مەبەست زنجیرە چیاکانی زاگرۆسە، نزیکترین ناوچەی شاخاویە لێیانەوە و هەردەم سەرچاوەی سەرەکیی گەف و مەترسی بوو بۆ سەر شارستانیەت و ئاوەدانیی وڵاتی سۆمەر و دانیشتوانی ئەم ناوچە شاخاویانە، لۆلۆییەکان و گۆتییەکان بوون و خەڵکانی نامۆ و نەیار و بیانی بوون بۆیان، بۆیە سنوری بەکارهێنانی پەیڤی کور گۆڕانکاریی بەسەردا هات و چەمکەکەی فراوانبوو و واتای وڵاتی بیانی یان وڵاتە شاخاویەکانی دەگەیاند(١).

لە رووی بیروباوەڕی ئایینیەوەش، وشەی کور واتای جیهانی مردووان یان جیهانی ئاخیرەتی دەگەیاند، ئەو دنیایەی تارمایی هەموو مردووەکانی بۆ دەڕوات.

١-٤- گۆتییەکان هاوچەشنی ئەژدیها:

گۆتییە کێوییەکان وەك لە تێکستە سۆمەری و ئەکەدیەکاندا بەدیدەکرێت- کە راستەوخۆ و دەقاودەق دەربڕی دید و هەڵوێستی ئەوانە دەرهەق گەلێکی ناحەز و دوژمنیان-، گەلێکی شاخەوانی چاونەترس و شەڕکەریوون و ئەوەندە گوێیان نادا بە شارستانیەت و

(١) صموئيل كريمر، من ألواح سومر،ص ٣١٥، د.أ. إدزارد، قاموس الآلة والأساطير، ص١١٣، نائل حنون، عقائد مابعد الموت، ص١٧٧.

نیشتەجێبوون و هۆگری کێوەکان بوون و گەورەترین گەف و هەڕەشە و ترسناکترین دوژمنی وڵاتی سۆمەر بوون و بووبوونە سەرچاوەی ترسولەرز و تۆقاندن و مایەی تێکدانی ئارامی و هێمنیی ناوچەکە، ناوبەناو پەلاماری گوند و ئاوەدانیەکانی ناوچە دەشتاییەکانیان دەدا و دەستی خۆیان دەوەشاند و خۆشگوزەرانیی وڵاتیان تێکدەدا و دەکەوتنە تاڵانکردن و بە دەستکەوتەوە هەڵدەکشانەوە بارەگاکانی خۆیان.

لە نزیکەی ساڵی ۲۲۳۰پ.ز دا، هێرشێکی بەرباڵاویان کردە سەر وڵاتی سۆمەر و ئەکەد و دەوڵەتی ئەکەدی(۲۳۷۰-۲۲۳۰پ.ز)یان لەناوبرد کە سەرجۆنی ئەکەدی دایمەزراندبوو و بۆ ماوەی سەدە و چارەکێك حوکمی پانتاییەکی بەرفراوانی وڵاتی دووئاوانیان کرد و لەم ماوەیەدا بیست - بیست ویەك شاهیان حوکمیکرد.

لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیست ودووی بەر لە زایین، بە دەستی شاه ئۆتۆحیکالی سۆمەری دەسەڵاتیان لەنێوبرا و کشانەوە بۆ باکور و شاری ئارابخایان- کەرکوکی ئێستا- لەم ماوەیەدا بنیاتنا، دوای ئەم سەرکەوتنە، ئۆتۆحیکال نازناوی شاهی هەردوو وڵاتی سۆمەر و ئەکەدی لەخۆی نا[1].

لەناوچوونی دەسەڵاتی سیاسیی گۆتییەکان و کشانەوەیان بۆ کێوەکانی زاگرۆس، نەبووە مایەی ئەوەی کە هێز و شیانی لەشکرییان

(۱) کریمر، السومریون، ص۴۹-۵۱، طه باقر، مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة، ص ۷۵، ۴۰۷-۴۱۴.

ئەمێنێت یان تارماهییان بڕەوێتەوە، بەڵکو هێشتا ترسناکترین دوژمنی وڵاتی سۆمر و ئەکەد بوون و لە نوسراو و دۆکیومێنتە ئەدەبی و ئایینیەکانی سەردەمی بەرەبابی سێهەمی ئوور(Ur) دا، هەست بە تارماهییان دەکرێت و ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێی سۆمەرییەکان لە دێوەزمەی گۆتی بە زەقی رەنگیداوەتەوە، لە دەقە سۆمەری و ئەکەدیەکاندا ئاوەها باسی گۆتییەکان دەکرێت:

- " گۆتییەکان کولەوەبیاب و دووپشکی کێوەکانن، ئەوانەی دەستیان بە ڕووی خوداوەندەکاندا هەڵماڵی و شاهنشینی سۆمەرییان گواستەوە بۆ وڵاتی بیانی و خاکی سۆمەریان پڕکرد لە دوژمنایەتی و ژنیان لە ئامێزی مێردەکەی و زاروکیان لە کۆشی دایك و باوکی رفاند"[1].

- "مار و ئەژدیهای کێوە سارد و سڕەکان و دوژمنی خوداوەندەکان"[2].

- " کەلێکن دەستەمۆ ناکرێن و لە وڵاتێکەوە هاتوون نامێتەکرتن و دانیشتوانەکەی لە ژمارە ناهێن، خوداوەند ئەنلیل ئەمانەی لە چیاکانەوە شۆڕکردەوە و بێ شومار هاتن و وەك کوللەزەرد زەوییان داپۆشی و دەستدرێژییان کردە سەر ناوچە دەشتاهیەکان...نە هیچ شتێك لە چنگیان دەربازی بوو و نە هیچ کەسێکیش توانیی لە دەستیان هەڵبهێت، بۆیە نە نامەبەران لە ڕێگاکاندا ماون و نە گەمیەوانان لە کەشتیەکانی ناو رویار، چاودێرانیان لە پۆپی دارەکاندا داناوە لە قەراخ کەناری رویارەکان، ڕێگرانیش لەسەر ڕێگاویانەکان، دەروازەکانی شار

(١) سومر أسطورة وملحمة، ص٧٠.

(٢) مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة، ص٤١٤.

کەوتنە ژێر خۆڵ و خاشاکەوە و نیشتمان هاوارێکی غەمگینی لەناو شوراکانییەوە لێ هەڵدەستێت"[1].

بۆ هەزاران ساڵ، گۆتییەکان بوویبوونە دێوەزمەی دانیشتووانی وڵاتی سۆمەر و ئەکەد و هەردەم تارماییان نەدەڕەویەوە و پێشبینیی سەرهەڵدانەوە و شاڵاوهێنانی کوتوپڕیان دەکرا، ئەم شڵەژان و دڵەڕاوکێ نەبڕاوەیە و ئەم دۆخە دەروونیە ئاڵۆز و نالەبارەی توشی حکومەت و جڤاکی سۆمەری هاتبوو، سەرباری تێکستە مێژووییەکان، بە روونی لە ئەدەبی سۆمەریش رەنگی داوەتەوە و لە ئەفسانە و داستانەکاندا وێنا کراوە و لە شێوەی دوعا و نزا و شیوەن داڕێژراوە، زانای فەرەنسی رینیە لابات(١٩٠٤-١٩٧٤)دەڵێت: گۆتییەکان لای سۆمەریەکان، کۆمەڵە خەڵکانێکی شەڕانی و جەریەزە بوون و هیچ رێزیان لە خوداوەندەکان ناگرت و بگرە دوژمنیان بوون، وەك چۆن رەفتار لە ئاست گوێدرێژ دا دەکرێت، ئاوەها هەڵسوکەوتیان لەگەڵ میللەتانی وڵاتی سۆمەر و ئەکەددا دەکرد[2].

نینۆرتا کە خوداوەندێکی سۆمەریە و کوڕی خوداوەند ئەنلیلە و دواتریش ئەکەدیەکان بە هەمان ناوەوە خواستیانەوە، لە بنەڕەتدا بەرپرسی کشتوکاڵ و چاندن و پیت و بەرەکەتی کێڵگەکان و زاووزێی مەڕوماڵات بوو، کەچی پاش ئەوەی گۆتییەکان پەیدابوون و بوونە مەترسیی راستەقینە بۆ سەر ئاسایش و تەناهیی ناوچەکە، ئەم

(١) سومر أسطورة وملحمة، ص٦٩-٧٠.

(٢) المعتقدات الدينية في بلاد وادي الرافدين، ص٢٧٨.

خوداوەندەش بەکەرخرا و کار و ئەرکی گۆڕدرا بۆ جەنگان و کرایە خوداوەندێکی جەنگاوەر[1].

نینۆرتا کاتێك دەبیستێت ئەژدیهای ئەساگ هاوسەرگیری لەگەڵ کور- کێو کردووە و کوڕێکیان بووە و کردوویانە بە شاهێکی شەڕانگێز کە بەردەوام رادەبێت بە تاڵانکردنی شارەکان و کارێکی وایکردووە دانی ئەژدیهاکان لە لوتکەی چیاکانەوە بڕوێن و سەردەربهێنن، یەکسەر پەلاماری دەدات و لەگەڵی دەکەوێتە شەڕەوە و بەسەریدا سەردەکەوێت. بە ڕا و لێکدانەوەی پسپۆڕان و شارەزایانی مێژووی عێراقی کۆن، ئەم ئەفسانەیەش رەنگدانەوەی هەڵوێست و تێگەیشتنی دانیشتوانی باشووری عێراقە دەرهەق گۆتییەکان و دەربڕی مەترسییانە لەم گەلە شاخەوانە جەریەزە و توندوتیژە و ویستوویانە بە خەیاڵات و ئەفسانە بەسەریاندا زاڵبن[2].

لە ئەفسانەیەکی تیدا، خوداوەند ئەنانا شاڵاو دەباتە سەر چیای ئەبیخ کە بەمەزندە یەکێکە لە چیاکانی زاگرۆس- کوردستان و چیایەکەش خۆی بەدەستەوە نادات، ئەم ئەفسانەیەش هەر ئاوێنەی باروبۆخی سیاسی سۆمەریەکانە و رەنگدانەوەی کێشە و ململانێیانە لەگەڵ گۆتییەکان و لەوانەیە دوای سەرکەوتنی ئۆتۆحیکال بەسەر گۆتییەکان دا داڕێژرابێت و گوزارشت لەو سەرکەوتنە بکات.

هەر خوداوەند ئەنلیل بوو، گۆتییەکانی هاندا پەلاماری مەملەکەتی

---

(١) قاموس الآلهة والأساطير، ص٦٢، سومر أسطورة وملحمة، ص١٠١.

(٢) سومر أسطورة وملحمة، ص١٠١.

ئیرام سین بدەن، چونکە ئەم شاهە هەڵستابوو بە وێرانکردنی پەرستگاکەی لە شاری نەفەر و هەر ئەویش بوو وڵاتی لە چنگ گۆتییەکان دەرهێنا و رادەستی ئۆتۆحیکالی کرد[1]، صمۆئیل نوح کریمەر(١٨٩٧ـ ١٩٩٠) لەمبارەیەوە دەڵێت: لە رێگای سرود و تەراتیلە شاهانەکانەوە لەوە تێدەگەین کە گۆتییەکان ترسناکترین و پڕگەڤترین دوژمنی وڵاتی سۆمەر بوون[2].

جگە لە گۆتییە شاخاویەکان، کێو و زنجیرە شاخەکانی کوردستانیش دوژمنێکی خۆڕسکی وڵاتی سۆمەر و ئەکەد بوون و چاوگی هەمیشەیی بەڵایەکی سروشتیی زیانبەخش بوون، چونکە ساڵانە لە ئاکامی توانەوەی بەفر و سەهۆڵدا، هەردوو روباری دیجلە وفورات هەڵدەستان و خوارووی عێراقیان ژێرئاو دەکرد، واتا هاوشانی مەترسیی گۆتییەکان، هەڕەشەی لافاویش دەبووە سەربار و سەرچاوەی هەردووکیانیش چیاکانی کوردستان بوو، بۆیە لە کۆتاهی رۆژی چوارەمی جەژنی سەری ساڵی بابلیدا کە یازدە رۆژی یەکەمی مانگی نیسانی دەخایاند، داستانی "ئینوما ئیلیش" بە سرود و سترانی ئایینیەوە دەخوێندرایەوە، کە رەنگە وەك ئەلیکساندەر هایدڵ(١٩٠٧ـ ١٩٥٥) دەڵێت بە مەبەستی نزا و جادوو بوبێت بۆ بەرگەگرتن لە لافاوی دیجلە وفورات کە لە ئەنجامی توانەوەی بەفری چیاکانی ئەرمینیا و کوردستاندا، بەهاران

(١) ولتل حنون، حقيقة السومرين، ص٦٩.

(٢) السومريون، ص٥١.

رادەبوون و بەهۆیەوە ساڵانە وڵاتی سۆمەر نقوومی ئاو دەبوو[1].

لێرەدا پێویستە بڵێین کە وەك هەمووان ئاگادارین، لە لایەن خەڵکانی نەیارەوە، ئەوانەی وا خۆشییان بە جەژنی نەورۆزدا نایەت، دەنگۆی ئەوە بڵاودەکرێتەوە کە گوایە نەورۆز پێشینەیەکی مێژوویی نیە لە کەلتوری نەتەوەیی کورد و داهێنانی پیرەمێردی شاعیرە لە سییەکانی سەدەی رابردوودا، لەمەش ترسناکتر دەگوترێت کە نەورۆز یادی ژێرکەوتن نەك سەرفرازیی کوردە و رۆژی سەرکەوتنی کورشی ئەخمینیی فارسە بەسەر ئەستیاگوـ ئەژدیهای دوا شاهی میدیا(٥٨٥ـ ٥٥٠پ.ز)، بەڵام ئەم تەرزە ئاخافتنانە هیچ بنەمایەکی زانستییان نیە و روون بۆتەوە کە ئەژدیهاکەی لەمەڕ نەورۆز، کاراکتەرێکی رۆژگاری بیرکردنەوە و لێکدانەوەی ئەفسانەییە بۆ رووداو و دیاردەکان و جگە لە لەیەکچوونی ناویان، هیچ نزیکی و پەیوەندییەکیان بەیەکدیەوە نیە و هەزاران ساڵیان لە نێوانە[2].

شایانی باسە کە کاتی خۆیشی ئەم تەرزە بوختانانە ئاراستەی پیرەمێردیش دەکرا و گوایە بە فیتی ئێران یان ئینگلیز یادی نەورۆز و ئاگرەکەی دەکاتەوە، ئەویش بە توندی بەدرۆی خستوونەتەوە[3].

---

(١) سفر التكوين البابلي، ترجمة: سعيد الغانمي، ص٣٣ـ٣٤.

(٢) نوروز والأزدهاك، ص٥١ـ٥٣.

(٣) سەرگوتاری رۆژنامەی ژین، ژمارە (٩١٠)، رۆژی١٨ی مارتی ١٩٤٨. بگەڕێرەوە بۆ: پیرەمێرد چیی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، بنکەی ژین (سلێمانی: ٢٠١٣)، ل٩٤ـ٩٥.

١-٥- شوێنەواری زوحاك لە کوردستان:

ئەوەی جێگای سەرنجە تا سەرەمی ئیسلامی، بگرە تا ئەمڕۆیش، شوێنەواری لکاندن و گرێدانی کەسایەتیی ئەژدیها- زوحاك بە کوردەوە، چ لە کوردستان وچ لە هزر و خەیاڵی کورد هەر ماوە. بەر لە هەر شتێك نەتەوەی فارس بەخۆیان، نەتەوەی کوردی ئامۆزایان پەیوەست دەکرد بە زوحاکەوە[1]، سەرەڕای ئەوەی چیایێکی کوردستانیش بە (التنین)- ئەژدیها ناودەبرا کە دەکەوتە تەنیشت کێوی ناودار و مێژوویی جودییەوە[2]، بەپێی وەصفی مەسعودی (م: ٣٤٦ك/٩٥٧ز) کە بەخۆی ناوچەکەی بینیوە، ئەم چیایە دەکەوتە بەرانبەر جودی و ڕوباری خاپوور بە نێوانیاندا تێدەپەڕی[3]. تا ئێستاش قەلاّ و ئەشکەفتێك لە گوندی ئەوێی بناری شاخی سورێن لە شارەزور هەیە کە بە زیندانی زوحاك دەناسرێت و ڕەنگە هەمان ئەو زیندانەی شارەزور بێت کە وەك لە شاهنامەی فیردەوسی هاتووە ئەسکەندەری مەکدۆنی ئیل و ئەیارانیی تێدا بەند دەکرد.

پاشماوە و شوێنەواری پەیوەندیی نێوان زوحاك و شارەزور، لە ناوی جوگرافی و لە حیکایەتی میللیی کوردەواریدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەتا لە هەواڵێکدا هاتووە کە شارەزور بە دەستی زوری کوڕی زوحاك ئاوەدان کراوەتەوە و بۆیە ناونراوە شاری زور- شارەزور و موصڵیش

---

(١) ابن قتيبة، المعارف، ص٦١٨، مروج الذهب، ١٠٧/٢.

(٢) ياقوت الحموي، معجم البلدان، ٤٦١/٣.

(٣) التنبيه والاشراف، ص٥٤.

راوەندی کوڕی زوحاك ئاوەدانی کردۆتەوە[1]، گەڕۆکی عوسمانی میتراقی زادە- ساڵی ١٥٣٤ز- شارەزور بەو شوێنە دادەنێت کە شاهی ماران واتا ئەژدیهای تیادا دەژێت[2] و شێخ مارفی نۆدێ (١٧٥١-١٨٣٧) لە داخوازنامەیەکدا بۆ سولتان سەلیمی سێهەمی عوسمانی(١٧٨٨-١٨٠٧ز) کە بە قەصیدە هۆنیویەتیەوە، دەڵێت کوردستان کە زیاتر مەبەستی شارەزور و مەملەکەتی بابانە، وڵاتێکە شاخی شەیتانەکانی تیایدا سەری دەرهێناوە:

بِلادٌ بِها قَرن الشياطين طالعٌ ... وكَم فتية فيها مساعِر فِتنَةٍ[3].

دیارە سەرباری پێشینە مێژوویەکە، پاساوی ئەم پەیوەستکردنە بۆ ئەو دیاردە سروشتیەش دەگەڕێتەوە کە هەر لە کۆنەوە مار و دووپشك بە رادەیەکی نائاسایی لە شارەزور هەبووە و خەلکەکەی هەراسان کردووە، تەنانەت شارەزور لە جیهان ئیسلامی دا بە زۆری و ترسناکیی دووپشکەکەی ناودار بوو و وەك نموونە دەهێنرایەوە[4] و لە دەمی فتوحاتی ئیسلامیدا، دووپشکی شارەزور گەلێك عەرەبی کوشت، لە مێژووی نزیکیشدا هاتووە کە خەلکی گوڵ عەنبەر- خورماڵ پاش بەهاران لە ترسی مار کە لە درزی دیوارەکانەوە سەری دەردەهێنا، ماڵەکانیان چۆل دەکرد و روویان دەکردە هەردە و پاوەندەکان[5].

(١) معجم البلدان، ١٤٥/٣، ٣٢٩/٤، القزويني، آثار البلاد وأخبار العباد، ص٤٦١.

(٢) رحلة مطراقي زاده، ص٢٩.

(٣) الأعمال الكاملة للشيخ معروف النودهي (بغداد:١٩٨٤)، ٣١٩/٣.

(٤) الثعالبي، ثمار القلوب في المضاف والمنسوب، ص٤٢٤،٤٢٩.

(٥) بڕوانە: خورشيد باشا، رحلة الحدود، ص ٢٩٧.

هەروەها تا ئێستاش وشەی کور- کوڕ ی سۆمەری، لە زمانی کوردیدا واتای خۆی لەدەست نەداوە و هەر بە واتای چیا دێت، بۆ نموونە ناوچەی نافکوڕ- ناوکوڕ، لە دەڤەری بەردەرەش کە دەکەوێتە نێوان دوو چیاوە[1]، لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا بە(بين الجبلين) هاتووە کە هەر وەرگێڕدراوی نافکوڕە[2]، یان کوڕە کاژاو، واتا چیای کاژاو[3]و کوڕ کوڕ، واتا زنجیرە چیا یان چیایەکی درێژ و بن کوڕ کە گوندێکە لە گەرمیان و دەکەوێتە بن چیاییەکەوە.

١-٦- کاوە و ئاڵاکەی:

ناوی کاوە، نە لە ئاڤێستا و نە لە دەقە پەهلەویەکاندا هاتووە، بەڵام بڕوای وا هەیە کە لەم دەقانەدا بەشێوەی کاوك هاتووە، هەرچەند ناوەڕۆکی دەقەکان ئەمە پشتڕاست ناکەنەوە، کەچی لە راستیدا، کاوك ناوی کاوەیە لە بەسەرهاتە میللیەکان نەك لە زمانی پەهلەوی[4]، لە سەرچاوە ئیسلامیەکانیشدا، پتر ناوی بە شێوە فارسیەکەی هاتووە: کابی، کەمتریش بە کاوی[5].

---

(١) كلوديوس جيمس ريچ، رحلة ريچ سنة ١٨٢٠، ص٣٢٧. وبڕوانە: ياسين العمري، غرائب الأثر، ص٩٥.

(٢) العمري، مسالك الأبصار، ٢٦٢/٣، وبڕوانە: ابن المستوفي، تأريخ أربل، ٨٦/٢، ٣٦٨.

(٣) رحلة ريچ، ص١٦٦.

(٤) بڕوانە: مزوري، نوروز والأزدهاك، ص٧٨-٧٩.

(٥) المقدسي، البدء والتأريخ، ١٤٢/٣، ١٤٤، نوروز والأزدهاك، ص٧٢-٧٧.

سەبارەت بە ناسنامە و سەرگوزشتەی کاوە، دەقەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە گوایە پینەدۆز یان ئاسنگەرێکی هەژاری ئەصپەهانی بووە و لە نێو ژان و ئازاری خەڵکی خاکی و رەشۆکیی دەرکەوتووە و ئاڵایەکی پێستینی بڵندکردۆتەوە و داوای لە خەڵکی رەشورووت کردووە دژی ئەژدەهاک- زوحاک راپەڕن و تۆڵەی ئەو دوو کوڕەی لێبکەنەوە کە بردبوونی، خەڵکەکەش بەدەنگیەوە هاتوون و کاوە زوحاکی گرتووە و رادەستی فەرەیدونی کردووە، ئەویش بە کۆتکراوی لە چیای دەماوەند بەندی کردووە، پاشان خەڵکە دەربازبووەکەی دەستی ستەم و بێدادیی زوحاک، لەبەر خۆشویستنی کاوەی فریادرەس و رزگارکەریان، ئاڵاکەیان لەکن پیرۆز بووە و زێڕبەندیان کردووە و وەك هێمای سەرکەوتن و سەرفرازی هەڵیان گرتووە و پاراستوویانە تا دواجار گەهیشتە دەست یەزدەگوردی سێهەمی دوا شاهی ساسانیەکان کە لە شەڕی قادسیە لە ساڵی ١٦ك/٦٣٧ز- یان لە شەڕی مەدائین یان شەڕی نەهاوەند- دژی عەرەبە موسڵمانەکان هەڵیکردبوو و دوای تێکشکانی لەشکری ساسانی کەوتەدەست سەرکردەیەکی عەرەب(١).

لێکۆڵینەوە نوێیەکان، گومان دەخەنەسەر ئەم گێڕانەوەیەی تەبەری و مەسعودی و فیردەوسی و سەرچاوەکانی دی دەرهەق کاوە و ئاڵاکەی و بە هەڵبەستراوی دادەنێن و ئەوەیان بۆ ساخبۆتەوە کە بابەتی کاوەی پاڵەوان و ئاڵاکەی و راپەڕینی دژی زوحاك، بەشێکی

(١) تأريخ الطبري،١/١٩٨-١٩٩، المسعودي، التنبيه والاشراف، ص٩١، الفردوسي، الشاهنامه، ص٣٦-٣٧، مسكويه، تجارب الأمم، ١/٥٦-٥٧.

بنەڕەتی نەبووە لە ئەفسانەی ئێرینی نەورۆز و داهێنراوی سەردەمی ساسانییە، لە راستیدا لە ئاڤێستا دا (گاووس دەرفشە) هاتووە بە واتای ئەو ئاڵایەی وا لە پێستی گا چێکراوە یان ئەو ئاڵایەی وێنەی گای لەسەر نەخشێنراوە، واتا ئاڵای کابیان ـ کاویان لە بنەڕەتدا ئاڵای گاویانە، نەك ئاڵای کەسێکی راپەڕیو بە ناوی کاوە، کەچی بە بیتنی ئێراننناسی دانیمارکی ئارسەر کریستنسن(١٨٧٥ـ ١٩٤٥) ئاڵای کاویان واتا ئاڵای شاهەکان یان ئاڵای شاهانە، چونکە لە زمانی ئاڤێستی کاو ـ گاو بە واتای شاە دێت، ئەگەر ئەمە وابێت، نە کاوە و نە ئاڵاکەی هەر بوونیان نیە و گاوی بە هەڵە لەلای تەبەری و مەسعودی و فیردەوسی لێکدراوەتەوە و کراوە بە کاوی ـ کابی ـ کابیان[1].

ئەوەی شایانی ئاماژەیە، ئاڵاکەی کاوە یان ئاڵای کابیان لە خودی کاوە زیاتر ناوی دێت و لەکن مێژوونوسان و نوسەرانی سەردەمی ئیسلامی ناسراوترە، ئەو ئاڵا پیرۆزەی لە رۆژگاری هەژموون و باڵادەستیی عەرەب و ژێرکەوتن و مەینەتیی میللەتانی ئێراندا، کرابووە هێما و جەڤەنگ بۆ سەردەمانی سەروەری و بەختەوەریی ئێرانیەکان و بەردەوام شانازیی پێوەدەکرا و کرابووە چەکێکی بەرەنگابوونەوەی عەرەب و خەون بە بڵندکردنەوەی دەبینرا، تەنانەت مەجوس ـ زەردەشتیەکان سوێندیان بە پیرۆزیی دەخوارد[2] و لەمبارەیەوە شاعیر

---

(١) کریستنسن، إیران في عهد الساسانیین، ص٤٨٣، مزوري، نوروز والأزدهاك، ص٨١ـ٨٣، ٩١ـ ٩٢.

(٢) العمري، التعریف بالمصطلح الشریف، ص١٩٥ـ١٩٦.

ئیبراهیمی كوڕی مەمشادی ئەصپەهانی- سەدەی٣ك/٩ز- بە توندی توانج لە عەرەب و بنەماڵەی عەباسی دەگرێت و هەڕەشەی ئەوەیان لێدەكات كە ئاڵاكەی كاوە- كابیانی پێیە و هەڵی دەكات و دەوڵەت و سەروەرییەكانی جەمشید زیندوو دەكاتەوە:

أنا ابن الأكارم مِن نَسْلِ جَم .. وحائز إرث ملوك العَجم .

معي علم الكابيان الذي .... به أرتجي أن أسود الأمم .

فقل لبني هاشم أجمعين ..... هلمُّوا إلى الخلع قبل الندم .

فعودوا إلى أرضكم بالحجاز .. لأكل الضباب ورعي الغنم[1].

لە شاعیرانی كوردیش، حاجی قادری كۆیی (١٨٢٥-١٨٩٧) چوار جار باسی كاوە و ئاڵاكەیی كردووە:

پەرچەم و فێسی كەچی تۆ ئەی جوان

تاجی كەیانە و عەلەمی كاویان

من لە غەمت ڕێگایەكم كەوتە بەر

خوانی بەهەشتە و سەفەری هەفت خوان[2].

لە شیعرێكی دیدا، خۆی بە كاوە و شیعرەكانیشی بە درەفشی-ئاڵاكەی كاوە چوواندووە:

یا ئیلاهی بە ئایەتی مونزەل

بە چوار یاری ئەحمەدی مورسەل

بێ ئەولیانی مولكی كوردستان

(١) یاقوت الحموي، معجم الأدباء، ١/١٢٨-١٢٩.

(٢) دیوانی حاجی قادری كۆیی، ل٩٤.

هەر لە گاوانێ تا دەگاتە شوان

لە خەوی جەهل و مەستی و غەفڵەت

بە خەبەر بێن بە نەغمەیی رەحمەت

پاکی دەرچن لە کاری نا بە مەحەل

روومی رافرێنن بۆ دەری ئەسفەل

حاجی یە شیعرەکانی وەك کاوە

رۆژێ دەبیبینن درەفشی هەڵداوە[1].

هەروەها دەڵێت:

فیدایی لەنگەری دەستی سینانی کەیکاووس

درەفشی کاوە، رمی گێو و نێزەیی طووسی

کە هات و کەوتە سەما عیسەوی شکا و نەما

هەلا هەلایی کلیسا، سەدای ناقووسی[2].

(١) دیوانی حاجی قادری کویی، ل١٩٤.

(٢) دیوانی حاجی قادری کویی، ل١٦٢، و بڕوانە: ل٢٦٠.





بەشی دووەم

سەرهەڵدانی جەژنی نەورۆز و نەورۆزی کوردەواری

٢-١- سەرهەڵدانی جەژنی نەورۆز:

بەر لەوەی لەم بابەتە بدوێین، دەبێت بڵێین كە ئەوەی جێگەی داخە و مایەی سەرسوڕمانە، لە سەرجەم سەرچاوەكان و لە دیوانی شاعیراندا، نەورۆز تەنها بە داهێنان و موڵكی فارس دانراوە و راستەوخۆ بە ئەوانەوە گرێدراوە و كورد و نەتەوەكانی دیكەی ئێرانیی لێی بێبەش و بێبەهر كراون، لە لێكۆڵینەوە نوێیەكانیشدا هەر ئەمە كوتومت دوپات دەكرێتەوە، گومان لەوەدا نیە كە ئەم چەوتی و چەواشەكاریە، هەم كەلێن و خەوشێكی مەزنە لە دیرۆك و هەم غەدرێكی گەورە و ناهەقییێكی تاڵە لە نەتەوە نا فارسەكان دەكرێت، دیارە هەژموونی نوسەران و ئەدیبانی فارس بەسەر مەعریفە و رۆشنبیریی ئیسلامیدا، هۆیەكی بنەڕەتیی ئەم شێواندنەیە.

وەك ئاشكرایە، لە شاهنامەی فیردەوسی و لە لای زۆربەی نوسەران و مێژوونوسانی سەردەمی ئیسلامی بە فارس و عەرەبەوە و بە لێكدانەوەیەكی تەواو ئەفسانەییەوە، شاە جەم- جەمشیدی نەوەی كیۆمەرسی پێشدادی داهێنەری نەورۆزە و ئەم جەژنە لە سەردەمی ئەودا پەیدابووە، ئەوەبوو كاتێك دەفری كەژاوەكەی لە بان پشتی دێوێكدا لە بڵندایی ئاسمانا دەفڕی و دەدرەوشایەوە، خەڵكەكەش بینیان و گوتیان ئەوە شید- تیشكی جەمە و ئەمە رۆژی نوێ- نەورۆزە و كردیان بە جەژن. پاساوی ئەم لێكچوونەش رەنگە ئەوە بێت كە هەموویان لە یەك كتێبی پەهلەوی وەریانگرتبێت و هەمان گێڕانەوەیان

لە یەکدی گواستبێتەوە[1].

عو مەری خەییام (م: ٥٢٦ك/١١٣٢ز) لە نەورۆزنامەکە یدا دەڵێت کیۆمەرسی یەکەم شاهی فارس، دەیویست مێژوویەك دیاری بکات تا ببێتە ڕۆژێکی دیار و ناسراو و بکرێتە بنەمای ڕۆژمێری، کە زانیی خۆر لە یەکەم خولەکی ئەو ڕۆژەدا دەگاتە بورجی کارژۆڵە، مو بەزەکانی کۆکردەوە و فرمانی پێکردن ئەو ڕۆژە بکەنە بنەما[2].

ئەمجا بە ڕوانینێ کی دنیابینیەوە لەم پر سەی کۆڵیوەتەوە و جەمشیدی بە داهێنەری نەورۆز داناوە، بەڵام هەوڵیداوە لێکدانەوەیەکی واقعیی دور لە ئەفسانە بۆ ئەم داهێنانە بکات و دەڵێت: دەمێك جەمشید و ئێرانیەکان زانییان خۆر دوو سوڕانەوەی هەیە و یەکێکیان سێ سەد و شەست و پێنج ڕوژ دەخاهێنێت و دوای ساڵێك لە هەمان کات و خولەکی هەمان ڕۆژدا دەگەڕێتەوە جێگای یەکەمی خۆی لە بورجی کارژۆڵە (برج الحمل)، جەمشید ناوی ئەو ڕۆژەی نا ڕۆژی نوێ۔ نەورۆز و کردیە جەژن، دواتر شاهەکانی دی چاویان لێکرد[3].

بەلای عەلیی کوڕی مەهدیی کیسرەویەوە ـ سەدەی ٣ك/٩ز ـ کە

---

(١) تأريخ الطبري، ١/١٧٥، الشاهنامه، ص٢٣، دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە: ڕەزا دەشتی، نەورۆز و بۆنەکان لە گێڕانەوە، ل٢٩ـ ٣٤، رمضان رمضان متولى، عيد النوروز عند الفرس، ص٥٧ـ٧٠، نوروز والأزدهاك، ص١٥ـ١٧.

(٢) نوروز نامه، ص٢، رمضان رمضان متولى، عمر الخيام عالم الفلك و الرياضيات و كتابه نوروزنامه، ص٨٩.

(٣) نوروز نامه ،ص ٢، عمر الخيام عالم الفلك، ص٨٩. و بڕوانە: مسكويه، تجارب الأمم، ١/٥٣.

(الجاحظ: م٢٥٥ك/٨٦٩ز) لێی وەرگرتووە، شاهی ئێران کیاخوسرەوی کوڕی پەروێز جیهانی کوڕی ئەرفەخشدی کوڕی سامی کوڕی نوح، نەك جەمشید، نەورۆزی داهێناوە، چونکە ئەو بوو بنەمای شاهایەتی و دەسەڵاتداریی هێنایەکایەوە و زێڕ و زیو و کانزای دەرهێنا و ئامێری ئاسنینی دروستکرد و ئەسپ و دەواری چوارپێی دەستەمۆکرد و کۆشك و تەلاری بنیادنا و زێ و رووبارەکانی هەڵکۆڵی و دوڕ و عەنبەر و بۆنوبەرامەی دۆزییەوە و لە رۆژی نەورۆزدا دەستەڵاتی شاهێتی گرتەدەست و وڵاتی ئێرانشەهری ئاوەدانکردەوە و پایەکانی دەستەڵاتی چەسپاند و هەزار و پەنجا ساڵ حوکمی کرد[1].

سەرەڕای ئەم لێکدانەوانە، هی دیی تەواو جیاواز هەن[2]، لەوانە: موبزـ مو بدێکی خوراسان سەرهەڵدانی نەورۆزی دەگەڕاندەوە بۆ سەردەمی ساسانی[3].

ئارسەر کریستنسن دەڵێت نەورۆز جەژنێکی بەهاریە و هەندێك تایبەتمەندیی جەژنی زاگمۆگی بابلیە کۆنەکانی پارستووە[4]، توێژەرێکی کوردیش چەند جار لە کتێبەکەیدا، ئەوە دووپات دەکاتەوە کە نەورۆز

---

(١) المحاسن والأضداد، ص٢٣٣_٢٣٤.

(٢) بڕوانە: الراغب الأصفهاني (ت: ٥٠٢هـ/١١٠٨م)، محاضرات الأدباء(بيروت: ١٤٢٠هـ)، ٢/٥٩٣_٥٩٤.

(٣) ابن الفقيه، البلدان، ص٢٦٧، ياقوت الحموي، معجم البلدان، ٣٥٦/١.

(٤) ايران في عهد الساسانيين، ص١٦٢.

داهێنراوی سۆمەریەکانە و هەمان جەژنی زاگمۆگە و سۆمەریەکانە بەر لە کۆچیان بۆ خوارووی عێراق لە کوردستان یادیان کردۆتەوە(1).

لە راستیدا لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین و لە چەند شارێکی عێراق و میزۆپۆتامیا دا، ئاهەنگی جەژنی ئەکیتۆ دەکرایەوە کە هەر جەژنی زاگمۆگە، لەوانەش شاری هەولێر و شوێنی ئاهەنگگێڕانیش لە دەشتی ملکیە بوو(2) کە تا ئێستاش هەر بەو ناوەوە ناودەبرێت. ئەو بۆچوونەش هەیە کە ئەژدەهاک، وێنا و بەرجەستەکەری گرکانێک بووە لە سەردەمی پێشدادی(5000_4000پ.ز)لە چیای سەرکەشی دەماوەند رویداوە(3).

٢_٢_ سەرهەڵدانی نەورۆزی کوردەواری:

کەچی وەك هەموو دەزانین، نەورۆزی کوردەواری داهێنانی جەمشید و کیاخوسرەو نیە و پەیوەندیەکی وەهای بەو دوو شاهەوە نیە، بەڵکو رۆژی لەناوبردنی زوحاکی ستەمکار و بێداد و بنەبڕکردنی ناهەقی و زۆردارییە و ئەو رۆژەیە کە کاوەی ئاسنگەر(؟) لەناو خەڵکی برسی و رەشورووت وستەملێکراو دەرکەوت و دژی زوحاك راپەڕی و دەستەڵاتیی لەناوبرد و رادەستی فەرەیدونی کرد و فەرەیدونیش لە چیای دەماوەند کۆتیکرد و فرێیدایە زیندانەوە و دواتر لەناوی برد.

(١) مەولود ئیبراهیم حەسەن، نەورۆزی کورد، ل١٣، ٢٨، ٤٣.

(٢) رلجحة خضر النعيمي، الأعياد في بلاد وادى الرافدين، ص٨٦.

(٣) نوروزوالأزدهاك، ص٩٥.

بە واتایەکی دی، پەیدابوونی نەورۆز لای فارس پەیوەستکراوە بە سیاسەت و دەوڵەتداری و جیهانگیری یەوە، کەچی لای کورد بەلای چەمکی دەربازبوون لە چنگ شاهێکی زۆردار شکاوەتەوە و جەخت لەسەر بەدیهاتنی سەربەستی و ئازادی و دادپەروەری و نەمانی نەهامەتی و ژێردەستی و ناهەقی و بێدادی کراوەتەوە، لە نەورۆزی کوردەواریدا سەرکەوتن و رزگاربوون و سەرفرازی، ئاوێزانی جوانی و دلگیری و نوێبوونەوە بوونە و ئاوێتەی یەکدی بوونە و جەژنێکیان بەرهەمهێناوە کە ناوەکەی پڕ بە پێستی خۆیەتی...نەورۆز.

ئێمە دلنیاین لەوەی کە هاوتەریبی ئەو گێڕانەوە و لێکدانەوە کلاسیکیەی کەوا لە سەرچاوە پەهلەویەکاندا هاتووە و گوزارشت لە دید و بۆچوونی نەتەوەی فارسی سەردەستە و چینی دەستەڵاتداری ساسانی دەکات و سەرچاوە ئیسلامیەکانیش وەك خۆی وەریانگرتووە، لێکدانەوەیەکی دیی تەواو جیاواز لەنێو جەماوەری خەلکی کوردستان لەئارادا بووە کە زیاتر لە واقیع و لە رووداوێکی راستەقینەوە نزیکە، ئەویش ئەوەیە کە فەرەیدون پاش شەش هەیڤ لە بەندکردن، زوحاکی کوشتووە و ئەو رۆژە کراوەتە جەژن و بەرۆژی نوێ- نەورۆز ناوزەدکراوە.

بە ئاخفتنێکی دی، نەورۆز لای کورد رۆژی کوشتن و لەناوبردنی یەکجارەکیی زوحاکە، ئەم لێکدانەوە کوردانەیەش وەنەبێت نوێ بێت و داهێنراوی هەستی نەتەوایەتی و بزاڤی رزگاریخوازیی کورد بێت، بەلکو کەونارە و هاودەمی ئەوەی فارس و ساسانیەکانە و ئەوەندەی من بزانم لە سێ سەرچاوەی کۆنی سەردەمی ئیسلامی باسکراوە، ئەوەتا(ابن

الفقيه: م٣٤٠ك/٩٥١ز) كە خەڵكی هەمەدانە و(ابوسعيد النقاش: م٤١٤ك /١٠٢٣ز) ودوای ئەوانیش(ابن الأثير: م٦٣٠ك/١٢٣٣ز)، دوو گێڕانەوەیان یاداشتكردوە ئەوە دەسەلمێنن كە جەژنی نەورۆز لە ئاكامی كوشتنی زوحاك و ئاگركردنەوەی ئەو كەسانەی لە سەربڕین رزگاربوون پەیدابووە.

وەك دیاریشە بە گوێرەی زۆربەی سەرچاوەكان، بە شاهنامەی فردەوسی و شەرەفنامەی بەدلیسیی خۆمانیشەوە، كورد نەوەی رزگاربووانی تیخی ئەرمائیل وخوێنرێژیی زوحاكن، ئەمەش پوختەی دوو گێڕانەوەكەیە:

"فەرەیدون پاش ئەوەی بەسەر زوحاكدا زاڵبوو و لە كێوی دەماوەند بەندی كرد و ئەم رۆژە كرایە جەژنی میهرگان- میهرەجان[1]، ئەمجا گازی ئەرمائیلی كرد كە وەزیری زوحاك وبەرپرسی سەربڕینی مرۆڤەكان بوو و هەر رۆژەو دوو كەسی سەردەبڕی و مێشكیانی دەرخواردی ئەو دوو مارە دەدا كە لەبان هەردوو شانی زوحاك رووابوون، و پێی راگەیاند :دەبێ سەرت ببڕم وەك چۆن تۆ خەڵكییت سەردەبڕی، ئەویش پاڕایەوە و گوتی: من رۆژانە لە دوو كەسەكە، تەنها یەكێكیانم سەردەبڕی و دووهەمیانم ئازاددەكرد و لەبریی بەرانێكم دەكوشتەوە.

ئەمجا فەرەیدون لێی پرسی: چۆن بڕوات پێ بكەم؟ ئەویش بردی بۆ ئەو شوێنەی كە كردبوویە دەرەتان و هەتوانی دەربازبووەكان و گوتی

(١) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی میهرگان بڕوانە: رەزا دەشتی، نەورۆز و بۆنەكان، ل١١٧-١٢١.

ئەمانەن، دەربازبووەکانیش لەسەر خواستی ئەرمائیل هەر یەکەو لە جێگای خۆیەوە ئاگری پێکرد تا بناسرێنەوە و فەرەیدون بزانێت ژمارەیان چەندە، فەرەیدونیش پاش ئەوەی بەچاوی خۆی دیتی کە ئەرمائیل چ دلۆڤانییەك و مەردایەتییەکی لەدەست هاتووە، لێی خۆشبوو و کردی بە شاهی دەربازبووەکان و مەملەکەتی دەماوەندیشی پێبەخشی، دواتر پاش شەش مانگ و لە رۆژی نەورۆزدا زوحاکی کوشت، میللەتانی عەجەم گوتیان ئەمرۆ رۆژی نوێیە و نەورۆزە و کردیان بە جەژن[1].

بۆ بیرهێنانەوە و یادکردنەوەی ئاگری دەستەچیلەی دەست رزگاربووان لە باب و باپیرانی کورد، لەبان کێوی سەرکەشی دەما- دەماوەند و بە درێژایی هەزاران ساڵ، گشت شەوانی نەورۆز ئاگرێکی مەزن دادەگیرسێنرا و کە لە دوورەوە دەبریسکایەوە و دەورویەری روناك دەکردەوە[2]، ئەوەی شایەنی ئاماژەیە ئەم یادکردنەوەیە لایەنی کەم تا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە، ساڵانە لە رۆژی(٣١)ی ئاب[3] لە شوێنێکی سەر کێوی دەماوەند سازدەدرا و دەکرا بە جەژن، بەگوێرەی ئاخافتنی گەڕۆك جێمس مۆرییە(١٧٨٠-١٨٤٩) کە بەخۆی ئامادەی بووە، ئەم جەژنە بە جەژنی کورد یان پشووی کورد دەناسرا و بەبۆنەی

---

(١) كتاب البلدان، ص٥٥٢ـ ٥٥٤، فنون العجائب ، ص١١٤ـ ١١٥، الكامل في التأريخ، ٦٦/١.

(٢) البيروني، الآثارالباقية، ص٢٧٠.

(٣) ئەم رۆژە لە کتێبی: (نوروزوالأزدهاك) بە هەڵە بووە بە(٣١)ی مارت.

رزگاربوونی باوانی کوردەوە بوو لە دەستی زوحاك[1].

لە زنجیرە گوتارێکیشدا کە خەلیل خەیاڵی و مەمدوح سەلیم لە ژمارەکانی گۆڤاری (ژین) بڵاویان کردۆتەوە ـ ئەم گۆڤارەش لە ساڵانی ١٩١٨-١٩١٩ بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی لە ئەستەنبول دەردەچوو ـ نیسان رۆژی سەرکەوتنی کاوە بە رۆژی(٢١)ی ئاب دەستنیشانکراوە و زۆر نزیکە ئەم زانیاریە هەر لە جیمس مۆرییەوە وەرگیرابێت.

لە شاهنامە و سەرچاوە دێرۆکیەکاندا، ئەوە بووەتە راستیەکی رەها، کە زوحاك راستەوخۆ پەیوەندیی بە کوردەوە هەیە و گوایە ئەو کەسانەی لە ئاکامی دلۆڤانیی وەزیرەکەی زوحاکەوە لە سەربڕین دەرباز بوون و نەبوونە خوراکی دوو مارەکەی بان هەردوو شانی، ئەوانەن باب و باپیری کورد[2]، بەمپێیە کورد لە هەر میللەتێکی دی پتر نزیکتر و پەیوەستترن بە زوحاکەوە، ئەم روداوە لەبەر مەزنی و کاریگەرییەکەی هاودەم و هاورۆژی سەرکەوتنی گەردوون و سروشت کراوە بە یەکسانبوونی شەو و رۆژ و نەمانی زستانی سارد وناخۆش و هاتنی بەهاری پڕ لە جوانی و قەشەنگی.

ئێمە وای بۆ دە چین کە زوحاك ـ ئەژدەها ـ ئەزی دها کە، هەر (ئە ساگۆ)ی سۆمەریە کە بەرجە ستەکەری ئەو ترس و گەف و دوژمنایەتـ یە بوو کە لە چیا بەرز و سەختەکانی کورد ستانەوە

(٢) James Morier, Second Journey through Persia,Armenia and Asia Minor, (1810-1816), , p 357.

(٣) بڕوانە: العزیز، الجذور الأسطوریة لملحمة نوروز، ص٢١٠-٢١٣.

سەرچاوەی دە گرت و دە بووە ما یەی نیـگەرانی و د ڵەڕاوکێی مرۆ ڤی ولا تی سۆمەر و چارەنو سی خۆی و شار ستانیەتیەکەی دەخ ستە مەترسیەوە، وورد تر بڵێین هەر چیاکانی کورد ستان و گۆتیـیەکانن، ئەساگۆی سۆمەرین و زوحاکی لەمەڕ نەورۆزن.

لە راستیدا مەرج و پێویستیەکانی بەرجەستکردنی ئادەمی و سروشتیی بیرۆکەی ستەمکار و زۆردارێکی وەك ئەساگۆ و زوحاك لە کوردستان هەبووە و گۆتییەکان لای سومەریەکان و ئەکەدیەکان و بابلیەکان، هاوچەشن و هاوڕەفتاری زوحاکی نێو ئەفسانەی نەورۆزن، هەروەها توانەوەی بەفری چیاکانی کوردستانیش هاوشێوەی زوحاك، گەف و هەڕەشە بوون بۆ دانیشتوان و ئاوەدانی و شارستانیەتی عێراقی کۆن .

هەروەها نەورۆز، سەرساڵی بەهاریی تایبەت بوو بە هەرێمەکانی باکوری ئێرانزەمین و بە کوردستانەوە کە شاخاوی بوون و کەش و ئاووهەوایی سارد و بەستەڵەك بوو و وەرزی زستانی دە مانگی ساڵی دەخایاند و هاتنی بەهار و بڕانەوەی وەرزی سەهۆڵبەند و گۆڕانی ئاووهەوا دەبووە سەرساڵ و جەژن بۆ دانیشتوانەکەی، بە پێچەوانەی هەرێمە گەرمەسێرەکانی باشور کە دەستپێکی ساردبوونی ساڵیان دەکرد بە سەرساڵ و جەژن و بە (نەوسەرد) دەناسرا و هەردوو وشەی (ساڵ) و (سارد) لە (سەریدە) وەرگیراوان[1].

---

(١) هاشم رضی، جشن های آب، ص٣٤، عەبولعەزیم رەزایی، مێژوی نەورۆز و کرۆنۆلۆجیای ئێران، وەرگێڕانی شەریف فەلاح، ل١٥٥.

ئێمە لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، پێمانوایە کە مەبەست لە دێوی ئەساگ- ئەساگۆی سۆمەری و ئەکەدی هەر چیاکانی کوردستان و دانیشتوانەکەیەتی لە گۆتییەکان ولۆلۆییەکان و هەمان ئەژدیها- زوحاکەکەی لەمەڕ نەورۆزیشە.

بەسەرچوونی زستانی وەیشوومە و سەهۆڵبەند بەگشت زە حمەتی و ناخۆشیەکانیەوە و هاتنی بەهار بە گشت جوانی وخۆ شیەکانیەوە لە کات و ڕۆژی یەکسانبوونی شەو و ڕۆژ لەلا یەك و رز گاربوونی باب و باپیرانی کوردیش لە جەور وستەمی ئەژدیها- زوحاك لە هەمان کات و ڕۆژدا لە لایەکی دیەوە، واتا ڕێککەوتنی ڕوداوێکی سروشتی و گەردوونی لە گەڵ ڕوداوێ کی دنیایی- بەپێی ئەفسانەکە- کە هەردووکیان بە سەرکەوتنی خۆشی و هەق و داد پەروەری کۆتاهییان هات، بەڕا ستی شایەنی ئەوە یە ناوبنرێ ڕۆژی نوێ- نەورۆز.

بەشی سێیەم

نەورۆز لە ئێرانی دێریندا

٢-١- لە سەرەتاوە تا سەردەمی ساسانی:

نەورۆز وەك لێکۆڵەرێکی کورد دەڵێت:" زاراوەیەکە لە کەلتوری گەلانی ئاری رەگەزدا چەسپاوە و مۆرکی جۆراوجۆری ئایینی، ئەفسانەو مێژوویی، جوگرافی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و نەتەوەیی لای هەر یەکێك لەم گەلانە گرتۆتەخۆی. بەگشتی نەورۆز بابەت و بۆنەو کەلتور و رووداوێکی پیرۆزە. وشەکە لە واتای فەرهەنگیی خۆی زیاتر بەرەو فراوانی رۆیشتووە، واتای نوێبوونەوەکەی زۆر فراوانبوون، رۆژگارێکی تازە و نوێ، رۆژێکی خۆش و گەش و جوان، رۆژێکی پڕ جۆش و خرۆش ...، کۆتایی سەردەمێکی کۆنی ناخۆش و تارێك و ئەستەم و پڕ ستەمە، سەرەتای مێژوویەکی روناك، ئازادی و سەربەستییە.نەورۆز رۆژی گەیشتن بە ئاوات و جێبەجێکردنی داواکارییەکانە، رۆژی تازەبوونەوەی ژیان و بەرپاکردنی نوێییە، رۆژی پڕ خێر و بەرەکەت و فەرە، رۆژی رزگاربوون و سەرفرازییە، رۆژی هیوا و خواستن و جێبەجێکردنی مرازەکانە،... رۆژی ئاوات خواستنە بە کۆتایی ناخۆشی و رەشبینی و رۆژی چاکبوونەوە و رزگارییە لە دەستی خراپەکاری و هێزی شەڕ کە ئەهریمەنە... نەورۆز راستی و دروستییە، رووداو و مێژووە، ئاین و ئەفسانەیە، داستان و راپەڕینە، جوگرافی و گۆڕانی ئاووهەوایە، سەردەمێکی نوێیە"(١).

راستیەکی بەڵگەنەوێستە کە نەورۆز لە دێرزەمانەوە لە ئەفسانەوە

(١) د.رەفیق شوانی، نەورۆز سەرەتای شارستانیەت، ل٨-٩.

بووە بە واقیع و باندۆر و شوێنەواری قوولی لە مێژوودا بەجێهێشتووە و هەر لە ڕۆژگاری دێرینەوە تا ئەمڕۆ، نەخشی هەبووە لە ڕووداو و بەسەرهاتی مێژووی مرۆڤی وڵاتی ئێرانزەمین.

نەورۆز کۆنترین و ناودارترین و مەزنترین جەژنی نەتەوە و هۆزە ئێرانیەکانە، لەگەڵ ئەم ڕاستیەشدا وەك فەکۆلەر و ئێرانناسی بەتوانا و شارەزا هاشم ڕەزی دەڵێت: "نە لە ئاڤێستا ئاماژەی ڕوون و ڕاشکاو بەرچاو دەکەوێت و نە لە هەردوو سەردەمی ئەخمینی- هەخامنشی و ئەشکانی، بەڵگەی نوسراو دەست دەکەوێت سەبارەت بە یادکردنەوەی ئەم جەژنە[1]، تەنها ئەوەندە هەیە نەخش و نیگارەکانی سەر بەرد و کەڤرەکانی تەختی جەمشیدی پایتەختی هەخامەنشیەکان، ئەوەمان بۆ دەگێڕنەوە کە لە دەستپێکی هەرساڵێکی نوێی سەردەمی هەخامنشیدا ، ڕێوڕەسمی ئایینی دەگێڕدرا و ئاهەنگ سازدەکرا و شاهی هەخامنشی بەخۆی ئامادە دەبوو و نەتەوە و میللەتانی ژێر ئاڵای شاهانشا دیارییان دەهێنا و پێشکەشیان دەکرد، هەروەها لە بنیادنانی تەختی جەمشیدا، ڕەچاوی ڕۆژژمێری و ئەستێرەناسی کراوە و بەوردی شوێنی دەرکەوتنی تیشکی ڕۆژ لە کاتی بەرانبەریی بەهاری و پایزی دەستنیشان کراوە، لە ڕاستیدا ئێرانیەکان ساڵانە لە سەردەمی هەخامەنشیدا و بەئامادەبوون و ڕێبەرایەتیی مۆغەکان، ئاهەنگ و کەژاوەی بەرفراوانیان لە تەختی جەمشید سازدەدا[2].

(١) جشن های آب، ص٢٤.

(٢) جشن های آب، ص٢٥.

رۆژهەڵاتناسان: ئێردمان گریشمان و گرالد ڤالسەر، وای بۆ دەچن کە مەبەستی سەرەکی لە ناواکردنی تەختی جەمشید بەو شێوەیە یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز بووە(1). هەروەها لە تلمودی بابلیدا کە لە سەدەی یەکەم و دووەمی زایینی نوسراوەتەوە و کۆکراوەتەوە، هاتووە کە ئێرانییەکان چوار جەژنیان هەیە: Turyaskaik ،Mutardi ، Maharnekaik ،Muhren، بە دیدنی توێژەری ئێرانی سەید حەسەنی تەقیزادە مەبەست لەم جەژنانە نەوسەرد و تیرەکان و میهرەگان و نەورۆزە(2).

ئەمەیش بۆچوونی هاشم رەزی یە دەربارەی بۆنەی نەورۆز لە سەردەمی هەخامنشی دا:

"ئایا بەردە هەڵکۆڵراوەکانی تەختی جەمشید وێنەی ساڵی نوێ و چۆنیەتی بەڕێوەچوون و مەراسیمی پێشکەشکردنی خەڵاتەکانی گەل و نەتەوە ملکەچەکان بۆ شاهەکانی ئێران پیشان نادەن، کە بنیادنانی تەختی جەمشیدیش بەپێی لێکدانەوە گەردوونی و ئەستێرەناسیەکان بووە کە لە ڕێگای وێنەکێشانی هەڵهاتنی خۆر لە هەردووکاتە هەڵگەڕانەوەکەی بەهار و پاییزدا (الإعتدالین) ئەم ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێت.

(١) نوروز، به کوشش علی دهباشی، ص٦٢٨.

(٢) بیست مقال (تهران:١٣٤١هـ.ش)، ص٣٢، لە: کاظم عبد علي، النوروز مظهر من مظاهر التواصل بین العرب والفرس، رسالة ماجستیر، الجامعة الیسوعیة (بیروت: ١٩٧٥)، ص٦٩، وەرگیراوە.

ئەوەی لە میانەی توێژینەوەکاندا بۆمان دەردە کەوێت، ئەوە یە کە توێژەران لەم بارەیەوە یەکدەنگ نین. لە لا یەکی دیکە شەوە لە تا تە بەردەکان و نوسینی مێژوونوسان و پاشماوە شوێنەواریە کۆ نەکان و تا تە قورپ نە زۆرروزەبە ندە بەجێماوەکانی تەختی جەم شید، هیچ بەلگەیەك بۆ شیکردنەوەی بەلگەییانەی ئەم کارە لەبەردە ستدا نی یە. لەگەڵ ئەمانەشدا، کەسانی وەك نیلندەر[1] لەو باوەڕەدان کە ئەما نە پیشاندەری مەراسیمی پێشوازیی ساڵی نوێن، کە لە ڕێگای بەردە هەلکۆڵراوەکا نەوە پێ شانی ئێ مە دەدر ێن، تەنا نەت ڕە صەدکاری ئەستێرەناسانیش لە سەر شێوازی بنیاتنانی ئەم باڵەخا نە بڵندا نە ئەنجام دەدرا.

هەڵبەت لێرەدا، هیچ ئاماژە یەك بۆ بەرێوە چوونی بۆنە یەك لە هەلگەڕانەوەی بەهارە یان سەرەتای بەهار کە هەمان نەورۆزە نی یە، هیچ ئاماژەیەکیش بۆ هەلگەڕانەوەی پاییزە کە هەمان میهرەگانە نییە، بەڵام ئە گەر ب ێت و ئەم لێکدا نەوە لاوازە قبوڵ کەین ئەوا دە بێ میهرە گان بە دە ستپێکی ساڵی نوێ لە سەردەمی پا شایەتی ئەخمینیەکان دابنێین.

لە توێژینەوەکانی بۆنەی سەری ساڵ و بۆ نەی بەهارەی ئەکیتۆ (Akitu) لە بابلدا، ئاماژە بە چەند لێکچوونێك لە نێوان نەورۆز و ئەم بۆنەیەدا کراوە، بەڵام ئەم هەلکۆڵراوانە بە هیچ شێوەیەك لێکچوون و هاوشێوەبوونی هیچ یەکێك لەو بۆنانەمان بۆ دەرناخەن، تەنانەت ئەگەر

---

(١) لە کتێبی (أکتا ایرانیکا، جلد أول:١٩٧٤، ص١٣٨).

بێت و تیۆری وێکچوونی بۆنەی بەهارەی ئەکیتۆ یان هەمان نەورۆزی بابلی لە لای دانیشتوانی ڕۆژئاوای ئێران و ئەخمینیەکان بە ڕاست بزانین ئەوا هێشتا هەلکۆلراوەکان هیچ شتێکمان لەم بارەیەوە بۆ پشتڕاست ناکەنەوە.

لێرەدا ئەگەری ئەوەیە هەیە، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ڕێگای تێکەڵبوون و کارلێکی دوولایەنەی کولتوری دانیشتوانی ڕۆژئاوای ئێران - پێش سەردەمی ئەخمینیەکان - لەگەڵ کولتوری بابلیدا، ئەم دانیشتوانە بۆنە بەهارینەکەی خۆیان بە نوسەرەد (نەوسەرەد، ساڵی نوێ) ناوناوە. هەروەك لە باسەکانی پێشوشدا ئاماژەمان پێکرد سەرەدە Sarada وشەیەکی ئاڤێستایی و سانسکریتیەو بە مانای ساڵ دێت، لە فارسی کۆنیشدا بە شێوەی Tharad(سەرەد) پێشچاو دەکەوێت، بەڵام ئەخمینیەکان و لەوانەشە دانیشتوانی ڕۆژئاوای ئێران پێش سەردەمی ئەخمینیەکان بۆنەی ساڵی نوێیان لە هەلگەڕانەوەی پاییزەدا ئەنجامدابێت کە هەمان بۆنەی میترەکان یان میهرەگان بووە. ئەمەش هەمان ئەو دوو بۆنەیەیە، کە ساڵێکیان دەکرد بە دوو بەشەوە و لە نێو هیندیەکانیشدا پێشینەی هەبووە....

هاوکات لەگەڵ سەردەمی شاهێتی خەشایارشادا و بە ئیحتیمالی زۆر لە ڕێگای مۆغ گەلێکەوە، کە ئیلهامیان لە ئایینی زەردەشتیی ڕۆژهەلاتی ئێران وەرگرتبوو، جۆرێك بزاڤی ئایینی هاتە ئاراوە، کە لەو بزاڤەدا ئایینزا سەرەکی و بەربڵاوەکانی ئێران وا تە: زەردەشتیگەری مەزنییەسنی، زەروانی(زەرڤانی)، میترایی و مۆغە چاکسازیخوازەکان (ڕیفۆرمخوازەکان) لە سەر گەلالەکردنی ڕۆژمێرێك هاودەنگ بوون و

لێرە شدا هەر مانگێك رێك سی ڕۆژ بوو و هەر ڕۆژێکیش بە ناوی خوداوەندێ کەوە ناو دە نراو لە ناو نانی مانگەکانێ شدا ناوە کانی ئەمشاسپەندان (کە ئەمشاسپەند بە مانای سیفەتی پاکی ئاهورا مەزدا دێت و لە صیغەی کۆشدا بە مانای سیفەتە پاکەکانی ئاهورامەزدا دێت) و مەهێن فەرشتەکان بەکار هاتوون. لەوانەیە لەم ڕێگەیەوە بووبێت، کە بۆنەی سالّی نوێ لە هەلگەڕا نەوەی بەهارە و لە سەرەتای وەرزی بەهاردا چووبێتە ڕۆژ ئاوای ئ ێران و هاو شێوەی بۆ نەی میترە کان ڕێوڕەسمی ئەو بۆنەیەی لە ناو خۆیدا جێ کردبێتەوە.

گریمانەی ئەوە لە ئارادایە، کە لەم ڕێگایەوە بۆنەی سەری سالّ لە هەلگەڕانەوەی بەهارەدا چووبێتە ناو ڕۆژئاوای ئێرانەوە و وەکو میترەکان مەراسیم و دابونەریتەکانی لە خۆیدا جێکردبێتەوە، نمونەی ئەو ڕێوڕەسمانەش وەکو بەخشینی خەلاّت بە شاهەکان و ئەنجامدانی مەراسیمی باجدان لەلایەن ولاّتانی ژێردەستەوە، کە هەلکۆلّراوەکانی تەختی جەمشید پیشاندەری ئەمانەن. هەرچەندە ناتوانین بەلگەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ مەراسیمی بۆنەی سەری سالّ لە سەرەتای بەهار لە سەردەمی دەسەلاّتداریەتی ئەخمینیەکاندا بخەینە ڕوو، بەلاّم ئەگەر پشت بە نوسینەکانی مێژوونوسە بیانیەکان ببەستین، کە لە بارەی ئێرانی سەردەمی نوێ و پارتەکانەوە نوسیویانە لەوانەیە قبولّی ئەوەن بکەین کە بۆنەی سالّی نەورۆز لە سەرەتای بەهاردا ئەنجامدراوە"[1].

(١) جشن های آب، ص٢٥_٢٧، هاوڕێی بەڕێزم: م. سۆران بەهاء هەورامی بە سوپاسەوە ئەم برگانەی بۆ وەرگێڕام.

٣-٢- لە سەردەمی ساسانی(٢٣٦-٦٥١ن):

ساسانیەکان هەرچەند دانیشتووی بەشی باشور و گەرمەسێری ئێرانن کە سەرساڵیان نەوسەرد بوو نەک نەورۆز، بەڵام چونکە لە بڕوادارانی ئایینی زەرادەشتی بوون، لەجیاتی میهرەجان، نەورۆزیان بە سەری ساڵ دادەنا[1].

نەورۆز هەر لە دەستپێکی سەردەمی ساسانیەوە تەواو ناسراوە و بە فەرمی و لە ئاستێکی بەرزدا یاددەکرایەوە و لە سەرانسەری وڵات بە کوردستانەوە دەکرا بە جەژن، پەیڤی نەورۆزیش لە دەقە پەهلەویەکانی ئەو سەردەمە بە شێوەکانی: نۆکروچ، نوگرۆچ، نەورۆچ، نەورۆژ هاتووە، بەلای کەمەوە تا پاش دوو سەدەش لە دەرکەوتنی ئیسلام، شوێنەواری ئەم ناوانە هەر مابوو، لە دوو بەیتی شاعیر ئەبو نەواس پەیڤی نەورۆز، بە نوکروز هاتووە[2].

لە چەند کتێبکی پەهلەوی کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ساسانی و سەرەتای سەردەمی ئیسلامی وەک کتێبی(تاجنامک) و کتێبی (بوندەهشن) و کتێبی (دینکەرد)، ئاماژە بە جەژنی نەورۆز دراوە و

(١) هاشم رضی، جشن های آب، ص٣٤، عەبدولعەزیم رەزایی، مێژوی نەورۆز و کرۆنۆلۆجیای ئێران، ل١٥٦.

(٢) الصیاد، النوروز وأثره في الأدب العربي، ص١٣-١٤، جشن های آب، ص٩٥، مزوري، نوروز والأزدهاك، ص١٠-١١...

جەخت لەسەر مەزنی و پیرۆزی و خێروبێری کراوەتەوە[1].

تا رادەیەك زانیاری زۆرە دەربارەی نەورۆزی سەردەمی ساسانیەکان کە شەش رۆژی دەخایاند[2]، بەڵام سەرلەبەری پەیوەستە بە شاە و چینی دەسەڵاتدارەوە، نەك جەماوەری خەڵکی سادە و رەشۆکی و هیچ هەواڵێکمان دەستنەکەوت ئاماژە بکات بە نەورۆزی کوردستان.

سەرچاوە ئیسلامیەکانیش، لە وێنەی(الجاحظ: م٢٥٥ك/٨٦٩ز) لە هەردوو کتێبی (التاج في أخلاق الملوك) و (المحاسن والأضداد) و بەیرونی (م: ٤٤٠ك/١٠٤٨ز)، لە کتێبی(الآثار الباقية)و حکیم عومەری خەییام لە نەورۆزنامەکە یدا و چەندین سەر چاوەی دی، بەوردی ئاخافتوون سەبارەت بە رێورەسمی ئاهەنگێڕان و یادکردنەوەی نەورۆز لەلایەن شاهانی ساسانیەوە.

نەورۆز گەورەترین جەژنی میللی و نیشتمانی بوو و شاهانی ساسانی بە رەنگێکی فراوان یادیان دەکردەوە و لەودەمەدا نەورۆزی تایبەت و نەورۆزی گشتی هەبوو، یەکەمیان تایبەت بوو بە شاە و گەورە بەرپرسانی دەوڵەت، پاشان نەورۆزی گشتی کە هی سەرجەم خەڵکی مەملەکەتی ساسانی بوو[3].

(١) بڕوانە: محمد معین، جشن نوروز، مجله جهان نو، سال أول، شماره أول، (خرداد١٣٢٥هـ.ش)، مزوری، نوروز والأزدهاك، ص١٠،١٤.

(٢) البيروني، الآثار الباقية، ص٢٧٥.

(٣) كريستنسن، إيران في عهد الساسانيين، ص١٦٢-١٦٣.

لە نەورۆزی تایبەتدا، شاە لە كۆشك دادەنیشت و پێشوازیی لە میوانان و گەورە بەپرسان دەكرد كە دەبوو وەك ئەركێكی سەرشانیان بە شرینی و دیاریی بەنرخ و ئاوازەوە بهێنە خزمەتی و هەركەسە بەگوێرەی جۆری كار و پلەوپایەیی، توێژی شاسواران وەك نموونە دەبوو ئەسپێك یان شیرێك یان رمێك بكەنە دیاریی دەستیان[1].

پاش پێشوازی لە سالّی نوێ، دەستدەكرا بە گردكردنەوەی باجی ملكانە و دامەزراندن و گۆڕینی والی و مەرزەبانی هەرێمەكان و لێدانی دراوی نوێ لە دینار و درهەم و خۆشكردنی ئاگری ئاگرخانەكان و ئەنجامدانی رێورەسمی ئاگركردنەوە لە دەمەو ئێوارەدا و ئاو پرژاندن لە سپێدەی رۆژی داهاتوو[2]، هەروەها خەلكی مالەكانیان پاكدەكردەوە و كەلوپەلی ناومالّیان دەگۆڕی، شاهەكانیش دەردەچوون بۆ راووشكار و نێچیرڤانی و جۆرەها خواردن و خواردنەوەیان بۆ ئامادەدەكرا[3].

هەر بە بۆنەی نەورۆزەوە، شاهەكانی ساسانی دیاریی نەورۆزیان وەك سەرانە- الجزیة- سەپاندبوو بەسەر هۆزی تەغلوبی عەرە بدا كە چوویوونە سەر ئایینی مەسیحی، لەمبارە یەوە شاعیر جەریر(م:١١٠ك/٧٢٨ز) لەمیانەی هێرشكردنە سەر شاعیر (الأخطل: م٩٠ك/٧٠٨ز) كە لە هۆزی تەغلوب بوو، دەلّێت:

---

(١) التاج في أخلاق الملوك، ص١٤٥ـ ١٤٦.

(٢) المصدر نفسه، ص١٤٦ـ١٤٧.

(٣) عمر خيام، نوروزنامه، ص١٥ـ٤٣.

تمنتْ خنازيرُ الجزيرةِ حربنا ....

........وَقَدْ حَجَرَتْ من زَأرِ لَيثٍ كلابُهَا ..

عَجِبْتُ لفَخْرِ التَّغْلِبّي وتَغْلبُ ....

........تؤدى جزى النيروز خضعاً رقابها ..

أيفخرُ عبدٌ أمهُ تغلبيةٌ قَدِ ....

........أخضرٌ من أكلِ الخنانيص نابُهَا[1].

---

(١) ديوان جرير، ص٥٦. . .

بەشی چوارەم

نەورۆز لە سەردەمی ئیسلامی و رابوونی ئێرانیەکان

٤-١- نەورۆز وەک ڕۆژێکی ناسراو:

وەنەبێت نەورۆز ناوێکی نامۆ بێت لە مەعریفەی مێژوویی و ئەدەبیاتی ئیسلامیدا، بەڵکو تەواو ناسراوە، وەلێ دەنگوباس و زانیاریەکان لەمەڕ ئەم ڕۆژە، زۆر و بۆرە و بە ژمارە و قەبارە زۆرن و بە ناوەڕۆک کەمن و دووبارەکردنەوەن و زیاتر دەربارەی شاجەمشیدی پێشدادی و چۆنێتی سەرهەڵدانی نەورۆزن لە سەردەمی ئەودا و بوونی بەجەژنێکی گەل و نەتەوەکانی ئێرانزەمین، وێڕای گێڕانەوەی چەردەیەک بەسەرهاتی ئەفسانەئامێز.

لە دیوانی شاعیرانی فارس و عەرەبیشدا[1]، ژمارەیەکی زۆر شیعر هەن سەبارەت بە بەخێرهێنانی نەورۆز و بەهار و دەربڕینی دڵبەندی و بەختەوەری خۆیان و ستایشکردن و پیاهەڵدانی خەلیفە و چینی دەسەڵاتدار لە سوڵتان و میر و وەزیر و گەورە فەرمانبەران، بەڵام بەوپێیەی وشەی نەورۆز لەسەر کێشی(فوعول)ە کە لە زمانی عەرەبی نیە یان دەگمەنە، بۆیە عەرەب دەیانکرد بە(النیروز) لەسەر کێشی (فیعول)، هەرچەند هاوکات (النوروز) یش لە بەکارهێنان نەکەوت، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پرسە، زمانەوانی ناسراو (ابن فارس: م٣٩٥ک/١٠٠٤ز)

---

(١) لە شیعری شاعیران: (ابن الرومي:م٢٨٣ک/٨٩٦ز) و مهیاری دەیلەمی (م:٤٢٨ک/١٠٣٧ز) و (الشریف الرضي: م٤٠٦ک/ ١٠١٥ز) زیاد لە شاعیرانی دی باسی نەورۆز کراوە.

ناميلكەيەكی داناوە(١).

لە دە ستپێكی سەردەمانی فەرمانڕەوایی و بالأدە ستيی عەرە بە موسڵمانەكان و هەر لە رۆژگاری خودی پێغەمبەر محە مەدەوە(ص)، نەورۆز چ وەك پەيڤێكی د يار و چ وەك رۆژێكی پيرۆز و شاييبەخش، نەك هەر ناو و ناووبانگ و باسوخواسی لەدەست نەدا، بەڵكو بوون و ئامادەيی بەهێزی خۆی پارا ست، تەنا نەت گوا يە پێغەمبەر(ص) بە فەرمودە ستايش و پەسندی كردووە(٢).

دەنگۆی ئەوەش هەيە كە كاتێك زانيو يەتی خەڵكی مەدينە دوو رۆژيان هەيە بۆ ياری و كات بە سەربردن، هەردوو جەژنی رە مەزان و قوربانی هێناوەتە ئاراوە تا لەبری ئەو دوو رۆژە نائيسلاميە، خەڵكی مەدينە و دوا تريش ئو مەتی نوێی مو سڵمان ئا هەنگی تێدا بگێڕن و گوزارشت لە كەيف و خۆشيی خۆيان بكەن(٣)، بە بۆچوونی شهاب الدين مەحمودی ئالو سی(م:١٨٥٤)، مەبە ست لەو دوو رۆژە نەورۆز و ميهرەجانە، بەهەر حاڵ لە دەستپێكی دەركەوتنی ئايينی ئيسلامەوە،

---

(١) نوادر المخطوطات، تحقيق عبدالسلام هارون، ٢/٢٣-٣٠.

(٢) جشن های آب، ص٦٢، نوروز، به كوشش علی دهباشی، ص ٩٢٩.

(٣) عَنْ أَنَسٍ قَالَ قَدِمَ رَسُولُ اللَّهِ (ص) الْمَدِينَةَ وَلَهُمْ يَوْمَانِ يَلْعَبُونَ فِيهِمَا فَقَالَ: مَا هَذَانِ الْيَوْمَانِ. قَالُوا :كُنَّا نَلْعَبُ فِيهِمَا فِى الْجَاهِلِيَّةِ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ص): إِنَّ اللَّهَ قَدْ أَبْدَلَكُمْ بِهِمَا خَيْرًا مِنْهُمَا يَوْمَ الأَضْحَى وَيَوْمَ الْفِطْرِ، أبي داود السجستاني، سنن أبي داود، ١/٤٤١. ناصر الدينی ئەلبانييش پەسند و پشتڕاستی ئەم فەرموودەيە ی كردووە.

نەورۆز بە تایبەت لە شاری مەدینە نامۆ نەبووە[1].

لە ئالیەکی دییەوە، نەورۆز بەهۆی ئەوەی واتای رۆژێکی پڕ لە خۆشی و شادی و کامەرانی و جوانی و خۆڕازاندەوە دەبەخشێت و کۆکەرەوەی ئەم مانایانەیە و هاتنی واتای زاڵبوونە بەسەر بەستەڵەک و ساردوسڕیی سروشتدا و سەرکەوتنە بەسەر مرۆڤی دوژمن و ستەمکار دا، بۆیە لە لایەن راڤەکارانەوە(المفسرون)، هەوڵدراوە لە قورئاندا جێگای بۆ بکرێتەوە، یان لایەنی کەم شوێنەواری بۆ پەیدا بکرێت، لە میانەی لێکدانەوەی ئایەتی :(قَالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ الزِّينَةِ وَأَنْ يُحْشَرَ النَّاسُ ضُحًى) [2]، راڤەکاران خوێندەوەی جیاجیان بۆ (یوم الزينة) کردووە و زۆربەیان وای بۆ دەچن کە مەبەستی قورئان رۆژی جەژنە، مقاتلی کوڕی سلێمانی بەلخی (م: ١٥٠ك/١٦٧ز) و دەیان راڤەکاری دی، پێیان وابوو مەبەستی قورئان لەم رۆژە جەژنی نەورۆزە[3]. لە چاکی رۆژهەڵاتی ئیسلامیشدا، نەورۆز ناسنا و رۆشنا بوو لای خەڵکی و هەندەناشکراو ناسراوبوو، مێژووی بە سەرهات و رووداوی پێ دیاری

(١) ابن أبي شيبة، المصنف في الأحاديث والآثار(مصنف ابن أبي شيبة)، ٣٤١/٤، ابن عساكر، تأريخ دمشق، ٢٢/٢٦١_٢٦٢.

(٢) سورة طه، الآية (٥٩).

(٣) الزمخشري، الكشاف عن حقائق التنزيل، ٧٣/٣، القرطبي، الجامع لأحكام القران،٢١٣/١١، تأريخ دمشق، ٦٥/٦١. پیرەمێردیش چەند جارێك دووپاتی دەکاتەوە کە ئایەتی: (أَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يُحْيِي الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا)، سورة الحديد، الآية (١٧)، ئاماژەیە بۆ رۆژی نەورۆز.

دە كرا[1] و پ شوو بە سوپا دەدرا و بڵاوە یان پ ێدەكرا[2] و دەزا نرا دەكەوێتە كام رۆژی ساڵەوە[3] و حەمزەی ئەصپەهانی(م: ٣٦٠ك/٩٧١ز) لە كتێبەكەی(تأريخ سني ملوك الأرض والأنبياء)دا، ساڵانە ئەو رۆژانەی دەستنیشان كردووە كە دەكەوتنە نەورۆزەوە. هەروەها بە شیعر مۆژدەی هاتنی رادەگەهێندرا و گوزارشت لە بەخێرهێنانی دە كرا[4] و هەر بە شیعری پیاهەڵدانیش پیرۆزبایی لە حاكم و بەرپرسانی وڵات دەكرا[5]، جاری واش هەبوو نەورۆزانە دەكرایە دەلیڤەیەك بۆ لەناوبردنی كەسی نەیار و شرینیی ژەهراویكراوی دەرخوارد دەدرا[6].

هاوكات رۆژێكی پیرۆزیش بوو، كە لە صۆفی جونەیدی بەغدادی نەهاوەندی (م: ٢٩٨ك/٩١١ز) لە گیانەلادا بوو، لە رۆژی نەورۆزدا كە دەكەوتە رۆژی هەینییەوە قور ئانی دەخوێند[7] و زانای مەو سوعی ئەبورەیحانی بەیرونی (م: ٤٤٠ك/١٠٤٨ز) بەردەوام سەرقاڵی نوسین و داهێنان بوو و تەنها لە رۆژانی نەورۆز و میهرەجاندا پشووی دەدا[8].

(١) الثعالبي، يتيمة الدهر، ١٣٦/٤، مسكويه، تجارب الأمم، ٣/ ٢٠٦، ١٨٩/٤، الكامل في التأريخ، ٤٣٩/٥.

(٢) النويري، نهاية الارب، ١٧٠/٢٦.

(٣) الكامل في التأريخ، ٥٤٥/٥، ٦٨٦،...هتد.

(٤) يتيمة الدهر، ١٣٨/٥، ١٧٠، ٢٠٤.

(٥) يتيمة الدهر، ١٨٢/١، ٣٨٠/٢، ٧٧/٣، ابن الشعار، قلائد الجمان، ٢١/٦، ٢٥٧/٨.

(٦) تأريخ الطبري، ١٨٤/٩، الكامل في التأريخ، ٥٣٢/٥.

(٧) الخطيب البغدادي، تأريخ بغداد، ١٦٨/٨.

(٨) الصفدي، الوافي بالوفيات، ٩٢/٨.

٤-٢- وەرگرتنی دیاری نەورۆزانە:

دەکرێت بڵێین وەك چاولێکردنێك لە شاهە ساسانیەکان، دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایانی دەوڵەت و میرنشینەکانی جیهانی ئیسلامی زیاد لە هەر شتێکی دی، نەورۆزیان دەکردە بۆنەیەك بۆ زیاتر روتاندنەوەی رەعیەت و هەلێکی لەبار بۆ وەرگرتنی شیرینی و دیاریی ناوازە و دەستخستنی شتومەك و کەلوپەلی پڕبەها، شاعیران و فەرمانبەران و خەڵکانی هەلپەرستیش لە لای خۆیانەوە، فرسەتی نەورۆزیان لەدەست نادا بۆ خۆ نزیکخستنەوە لە خەلیفە و شاهان و گەورە بەرپرسان، لە پێناو سەلماندنی بەندەیی و گوێڕایەڵیی خۆیان و وەرگرتنی پۆست و پارە و ئیمتیازات، ئەم دیاردەیەش هەر لە کۆنەوە نەریتێکی باو بووە:

هذا يومُ جَرت فيهِ العادة بألطافِ إتحافِ العَبيد السادة[1].

واتە لەم رۆژەدا وا باوە بەندەکان دیاری بدەنە خاوەندەکانیان. ئەم دیارییانە هەمەجۆر و هەمەچەشن بوون، لە خواردن و خواردنەوە وەك گندۆرەی کافور، شۆربا، حەلوا[2]، یان داهێنانێکی زانستی[3]، یان کتێب و نامیلکە و قەصیدەی شیعری[4]، یان لەبری باجی نەورۆزانە کتێب

(١) ابوهلال العسكري، الأوائل، ص٣٤٨.

(٢) الثعالبي، يتيمة الدهر، ٤٨٠/١، ٣٢٤/٢، الكامل في التأريخ، ٥٣٢/٥.

(٣) يتيمة الدهر، ٣٣١/٢.

(٤) الأصفهاني، الأغاني، ٣٧/٢٠، نوادر المخطوطات، ٣٥/٢.

دەکردرایە دیاری[1]، یان هەر شتێکی بەنرخ و گرانبەها و ناوازەوەک: ئەسپ، شێر و چەك، جلوبەرگ و پۆشاك، بۆنوبەرامە، خشلّ و زێڕ و زیو...هتد[2].

سەبارەت بە حەڵاڵی و حەرامیی نەورۆزانەش، بۆچوون و لێکدانەوەی جیاواز هەن، فەقیهێك پێیوایە، ئەگەر دیاریەکە میوە بێت وەربگیرێت و ئەگەر شتێکی دی بێت رەتبکرێتەوە[3].

ئەوەی لە سەرچاوەگەلێك دووپاتکراوەتەوە ئەوەیە کە ئیمام عەلیی کوڕی ئەبوتالیب لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتاب(١٣ـ٢٣ك/٦٣٤ـ٦٤٥ز)، یەکەم کەسی موسڵمانە بە بۆنەی نەورۆزەوە دیاریی وەرگرتووە و دەڵێن کاتێك حەلوا یان پالّودەی پێشکەش کراوە، گوتوویەتی: بە چ بۆنەیە کەوە ئەم خوارد نەم پێشکە شدەکەن؟، ئەوانیش پێیان گوتووە بە بۆنەی نەورۆزەوە یە، ئەویش فەرموویەتی هەموو رۆژێکمان هەر نەورۆز بێت[4]، بانگخوازی ناسراوی شیعەی ئیسماعیلی قازی نوعمان (القاضي النعمان: م٣٦٣ك/٩٧٤ز) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(ص) یان ئیمامی عەلی فەرموویەتی: چەند پێتان کرا رۆژانە

---

(١) قلائد الجمان، ٧/٢٥٢.

(٢) الجاحظ، المحاسن والأضداد، ص٢٣٩ـ٢٤٠، المسعودي، مروج الذهب، ٢/٣٠٠، التنوخي، نشوار المحاضرة، ٨/٢٤٦، ابوهلال العسكري، الأوائل،ص٣٤٧، تجارب الأمم،٥/١٨٢،٢٢٥.

(٣) مصنف ابن أبي شيبة، ٥/١٢٦، ٦/٤٣٢.

(٤) الجاحظ، التاج في أخلاق الملوك، ص٢٨١.

بیکەنە نەورۆز[1].

هەروەها والی و گەورە فەرمانڕەواکانی دەوڵەتی ئیسلامی، ڕۆژی نەورۆزیان بە هەل دەزانی بۆ زیاتر چەوساندنەوەی خەڵکی و وەرگرتنی دیاری لێیان،ئەم دیاردەیەش لایەنی کەم لە سەردەمی سێیەم خەلیفەی ڕاشدی عوسمانی کوڕی عەففان (٢٤ـ ٣٥ک/٦٤٥ـ ٦٥٥ز) دەستی پێکرد، ئەبوبەکری صولی(م: ٣٣٥ک/٩٤٧ز)دەڵێت:

"یەکەم کەس وەرگرتنی دیاریی نەورۆز و میهرەجانی کردە نەریت، والی (الوليد بن عقبة بن أبي معيط) بوو، پاشان والی(سعيد بن العاص)، خەڵکی لەبەر بڵندیی ڕێژەی ئەو دراوەی بە بیانووی دیارییەوە لێیان دەستێندرا کە دەگەیشتە دەیان ملیۆن دینار، هاوار و سکاڵایان برد بۆ خەلیفە عوسمان، ئەویش بەدەنگیانەوە هات و ڕێگریی کرد لە دیاری وەرگرتن"[2].

ئەم هەڵوێستەی خەلیفە عوسمان نەبووە مایەی ڕاگرتنی دیاردەی دیاری و بەرتیل وەرگرتن، بەڵکو پتر تەشەنەی کرد و ڕێژەی دیارییەکانیش بڵندتر بوونەوە، نەخاسمە لە سەردەمی دەسەڵاتی ئومەوییەکان (٤٠ـ ١٣٢ک/٦٦٠ـ٧٤٩ز) کە هەرگیز گوێیان بە حەرامی و حەڵاڵیی داهات و شەرعی و ناشەرعیی سەرچاوەکەیی نادا و هیچ کۆڵیان لە وەرگرتنی دیاریی نەورۆز و میهرەجان ناکردەوە، لە ناکامی شەڕی

---

(١) أنه أهدى إليه فالوذج، فقال: ما هذا؟ قالوا: يوم نيروز، قال: فنيرزوا إن قدرتم كل يوم، يعني تهادوا وتواصلوا في الله. دعائم الاسلام، ٢/٣٢٦.

(٢) أدب الكاتب، ص٢٢٠.

بەردەوامی ئومەوییەکان لەگەڵ نەیارەکانیان لە شیعە و شوراتەکان (الشراة- الخوارج) و بزافی عەبدوڵای کوڕی زوبێر و چەندین بزافی نەیاری دی، هەر کاتێك پێویستییان بە پارە و دراو هەبوایە بۆ خەرجیی شەڕ و دابینکردنی کەلو پەلی پێویست، بەتۆبزی باجی ناشەرعییان دەسەپاند، بۆ نموونە تەنها دیاریی نەورۆز و میهرەجانی رەشەخاکی عێراق لە سەردەمی یەکەم خەلیفەی ئومەوی معاویەی کوڕی ئەبوسفیان گەهیشتە دە ملیۆن دینار(١)، بە گوێرەی هەواڵێکی دی، بڕی پارەی ئەم دیارییانە دەگەهیشتە پەنجا ملیۆن دینار(٢) و کاتێك حەجاجی کوڕی یوسف بووە والیی عێراق، باج و دیاریی نەورۆز و میهرەجانی کردە دووهەندە(٣).

وەرگرتنی نەورۆزانە لە سەردەمی خەلیفەکانی ئومەوی درێژەی کێشا، تا خەلیفە عومەری کوڕی عبد العزیز(٩٩- ١٠١ك/٧١٨- ٧٢٠ز) کە ئەم دیاری و باجانەی لەکن ناپەسەند و ناڕەوا بوو، بڕیاری راوەستاندنی ئەو داهاتانەی دا کە لە بنەوانەی ناشەرعیەوە سەرچاوەیان گرتووە و لە نوسراوێکیدا بۆ یەکێك لە والیەکانی، داوای لێکردووە کە چیدی دیاریی نەورۆز و میهرەجان وەرنەگیرێت(٤).

(١) تأريخ اليعقوبي، ١٥٢/٢، الجهشياري، الوزراء والكتاب، ص٢٤، تجارب الأمم، ٢٢/٢.

(٢) الصولي، أدب الكاتب، ص٢١٩.

(٣) أدب الكاتب، ص٢١٩-٢٢٠.

(٤) مصنف ابن ابي شيبة، ٢٦٠/١٢، تأريخ الطبري، ٥٦٩/٦، ابن قيم الجوزية، أحكام أهل الذمة، ١٤٥/١.

ئەم بڕیارەی خەلیفە عومەری کوڕی عبد العزیزیش ئەوەندە بڕی نەکرد و هەر دوای خۆی پشتگوێ خرا و سەر لەنوێ نەورۆزا نەوەردەگیرایەوە.

لە سەردەمی عەباسییەکەم و دووەم(١٣٢-٣٣٤ک/٧٤٩-٩٤٦ز)دا، خەلیفە و دەسەڵاتدارانی عەباسی هاوشێوەی ئومەوییەکان ڕۆژی نەورۆزیان بە دەلیڤە دەزانی بۆ وەرگرتنی دیاری و لەم ڕۆژەدا هەموو جۆرە دیارییەک دەبەخشرایە خەلیفە و سەرکردە سەربازییەکان و بەرپرسە باڵاکانی دەوڵەت، لە مەی و شەراب و خواردنەوەی دی و شیرینی و خواردنی ناوازە و بۆنوبەرامە و هەنگوین و جل و پۆشاکی گرانبەها، لە سەرچاوە مێژوویی و ئەدەبییەکان و لە دیوانی شاعیراندا، دەیان بەڵگە هەن ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن.

شاعیرانیش بۆ خۆبردنە پێشەوە و خۆخۆشەویستکردن لەکن دەسەڵاتداران، بەردەوام بە شیعر و قەصیدە ستایشی گەورە بەرپرسان و ساماندارانیان دەکرد، هاوکات شاعیری واش هەبوو هاتنی ڕۆژی نەورۆز و خۆشبوونی کەش و سازگاریی ئاووهەوا و جوانی و قەشەنگیی سروشت و پشکووتنی جۆرەها گوڵ و ڕەنگاوڕەنگبوونی خاک، دەیوروژاندن و دەیبزواندن و بە شیعری بەرز و ناسک گوزارەشتیان لە ناخیان دەکرد، شاعیری واهەبوو لە وەصفی نەورۆز و خەملینی بەهار و دەربڕینی دڵشادی و ئاسودەیی خۆیدا، ڕەواندێژیی کردووە و وێنەی

شیعریی بەرز و لێکچواندنی جوانی هێناوەتەوە و شاکاری داهێناوە[1] و دەکرێت بڵێین دەگمەن شاعیری فارس هە یە کە شیعری بە نەورۆز نەگوتبێت.

سەبارەت بە ستایشی میرە کوردەکان لە لا یەن شاعیرانەوە، تەنها ئەوە ندە دەزا نین کە قەترانی تەبریزی(م: ٤٦٥ك/١٠٧٢ز) شاعیری دیوەخانی میرە رەوادییەکانی ئازەربیجان، چەند قە صیدەیێکی بە بۆنەی نەورۆزەوە دا ناوە لە پە سن و پیاهە ڵدانی میرا نی شەدادی و رەوادی[2].

ئەوەش بڵێین کە نەورۆز بەو هەموو خۆ شی و پیرۆزیی خۆ یەوە، نەیتوانی ببێتە بەربەست و رێگر لەبەردەم میرانی ئاخرشەڕی کورد لە وێنەی میرانی هەکاری و ناچاریان بکات هەر چ نەبێت لەو رۆژەدا دەست لە دژا یەتی و کو شتوبڕی یە کدی هەڵگرن، لە نەورۆزی ساڵی١٥٨٨ز زەکر یا بەگی کوڕی زەی نەڵ بەگی هەکاری، لەبریی لێ بوردەیی و بەخ شندەیی، زاهـ ید بەگی برای خ ستەداوەوە و کو شتی، نو سەری دیوەخانی میرانی هەکاری تومر خانی یازجی (م: ١٠٤٤ك /١٦٣٤ز)، ئەم رووداوەی بە شیعر یاداشت کردووە:

عجب ساعت خوب و فیروز بود

---

(١) بۆ نموونە بڕوانە: محمد أمين رشيد، النوروز في الأدب الفارسي، ص٢٣٣-٣١١، نوروز، به كوشش علي دهباشي، ص١٠٤٧-١٠٥٦، وصفي حسن، عيد نوروز في الشعر العربي، مطبعة الخاني (دهوك: ٢٠١٢).

(٢) أحمد كسروى، شهرياران گمنام، ص٢٧٩-٢٨١.

محقق کە آنروز نوروز بود[1].

بەدەر لە دەسەڵاتداران، لەنێو چینی گشتییش(العامة) بەخشینی دیاری و شرینی نەریتێکی نەورۆزانە بوو، زانا و حەکیم (ابن سینا:م٤٢٨ ك/١٠٣٧ز) لە پێشەکیی نامیلکەی(الرسالة النيروزية) کە وەك دیاریی پێشکەشی میرێکی کردووە بە ناوی ئەبوبەکر محەمەدی کوڕی عەبدولا، ناڕاستەخۆ ئاماژەی بە راستیەك داوە، کاتێك بۆ میری ناوبراو دەنوسێت و پێی دەڵێت منیش ئارەزووم کرد یەکێك بم لە میلەت و چاوم لە جەماوەری خەڵکی رەشۆکی کرد لە ئەنجا مدانی رێورەسمی نەورۆز و پێشکەشکردنی دیاری[2]، بە مەش زانیاریەکی بچووك بەڵام بەنرخی بەدەستەوە داوە کە بۆ ئێمە گەلێك گرنگە.

وەك روونە لە کوردستانیش، پیرۆزبایی و دیاری بەخشین نەریتێکی کۆن و چەسپیوی نەورۆز بوو، بەڵام مخابن بەڵگەی وا شکناپەین ئەم پرسە پشتڕاست بکات، ئەوەندە هەیە دەستەی نوسەرانی گۆڤاری ژین، لە ژمارە(١٤)ی گۆڤارەکەدا، کە رۆژی ٢٠-٣-١٩١٩ دەرچووە، بە بۆنەی سەرساڵی کوردییەوە نامەی پیرۆزباییان ئاڕاستەی گەلی کورد کردووە و ئاوا تەخواز بوونە لە یەزدانی مەزن نیشتمان سەرفراز بێت، لە ژمارە(٣)ی گۆڤاری (دیاریی کوردستان)یش کە رۆژی٢٨-٣-١٩٢٥

---

(١) منظومه تأریخ هکاری (بە شیعر وبە فارسی نوسراوە).

(٢) نوادر المخطوطات، ٢/٣٥.

دەرچووە، هاتووە" نەورۆز لای قەومی کوردیش رۆژێکی مو بارەك و تاریخی یە، خوا ئەم رۆژە لە میللەتی ئێران و کورد موبارەك بکا"[1].

پیرەمێردی ئەمریش لە سەرگوتاری رۆژنامەی (ژین)، ژ(٧٣٧) کە رۆژی ٢٨ی مارتی ١٩٤٤ دەرچووە، لە ژێر ناوونیشانی (من و نەورۆز) دەنوسێت:

"مندالّ بووم، لای مەلا حسێنە کۆجە ئەمخوێند کە ئەگەیشتینە دەمی بەهار، مامۆستا ئەیگوت بچن نەورۆزانە بێنن. ئێمەیش بەسەر دایکمانا ئەگریاین، سا دلیك و باوکمان هەرچییان لەدەست بهاتایەو هەرچییان لەبارا بولیە، یا (چەرخێ) یا قرانێ حەمەشایی یا پەنابات، ئەیانداینێ. ئەمانهێنا، ئەویش بەشی خۆی لێ هەڵئەگرت، یەکی قەمەرەیێکی ئەداینێ"[2].

٤-٣-نەورۆز و شیعەگەری:

ئیمامی عەلی وەك با سکرا، شیرینیی نەورۆزا نەی وەرگر تووە و فەرموویەتی هەموو رۆژێکمان هەر نەورۆز بێت، دیارە ئەم هەڵوێستەی کاریگەریی قوولی هەبووە لە سەر یادکردنەوەی نەورۆز لەلایەن شیعەوە بە هەموو دەستە و گرووپەکانیانەوە، فاتمیەکان لە مصر بە شێوەیەکی

(١) ژمارە(٣)، رۆژی ٢٨-٣-١٩٢٥، ل١١.

(٢) پیرەمێرد چیی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە، ل٥٧.

فەرمی جەژنی نەورۆزیان دەگێڕا و ئاگریان دەکردەوە و ئاویان دەڕژاند و میری نەورۆزییان دادەنا(١)، قەرامیتە کە گروپێکی شیعەی ئیسماعیلین و لە سەدەی ٣ک/٩ز دەرکەوتن، نەورۆزان بەڕۆژوو دەبوون.

سەبارەت بە گرووپەکانی دیی شیعە، عەلەوییەکان یان نوصیرییەکانی شام بە شێوەیەکی بەرفراوان یادی ئەم جەژ نەیان دە کردەوە، ئەبو سەعید مەیمونی تە بەرانی (م: ٤٢٦ک/١٠٣٥ز) کە یەکێك بوو لە رێبەران و پێشەواکانی شیعە نوصەیریەکان، لە کتێبی (مجموع الأعیاد) لە پیرۆزی و مەزنیی نەورۆز دەدوێت و بە بۆ نە و جەژنێکی خۆ یانی دەزانێت(٢).

لەمەش گرنگتر، لە کتێبەکانی گەورە رێبەرانی شیعەی دوازدە ئیمامی وەك موحەسن فەیضی قەزوێنی (م: ١٠٩١ک/١٦٨٠ز) و محەمەد باقری مەجلیسی (م: ١١١١ک/١٧٠٠ز) لە کتێبی (بحار الأنوار)، ریوا یەتێك لە زاردە فی ئیمامی مەزنی شیعە جەعفەری صادق(م: ١٥٨ک/٧٧٤ز) دەگێڕنەوە کە لە بەرسڤی پرسیاری یەکێك لە لایەنگرانی بە ناوی(معلی بن خنیس) فەرموویەتی و بەپێی ئەو ئاخافتنەی، رۆژی خولقاندنی ئادەم و رۆژی هاتنەخوارەوەی جبریل و رۆژی شکاندنی بتەکان بە دەستی پێغەمبەر ئیبراهیم خەلیل و رۆژی شکاندنی بتەکانی مەکە لە لایەن پێغەمبەرەوە و رۆژی لەدایکبوونی ئیمامی عەلی و رۆژی غەدیر و

---

(١) بروانە: الصیاد، النوروز وأثره في الأدب العربي، ص١٢١-١٢٦، رمضان رمضان متولي، عید النوروز عند الفرس وتأثیره في المجتمعات العربیة، ص١٩٩-٢٠١.

(٢) مجموع الأعیاد، ص١٨٧-١٩٣.

دەرکەوتنی ئیمامی غائیب ...و زۆربەی ڕۆژ و بۆنە تایبەتیەکانی شیعە، هەمووی لە ڕۆژی نەورۆز ڕوویا نداوە[1]، لێرە بەڕا شکاوی کاریگەریی بزاڤی شعوبیەتی فارس و تەشەییوعی صەفەوی بەسەر خولقاندنی ئەم تەرزە ئاخەفتنانە بەدی دەکرێت[2].

٤-٤- نەورۆز بنەمای ساڵنامە و ڕۆژژمێری:

دانی باجی ملکانە بە خیلافەی ئیسلامی لە وەرزی نەورۆزدا، گرفت و ئاستەنگی بۆ کوێخادێ و ملکداران (الدهاقین)دەهێنا یە کا یەوە و ئەم کێشەیە تا سەردەمی خەلیفە (المعتضد: ٢٧٩- ٢٨٩ك/٨٩٢- ٩٠٢ز) بە چارەسەر نەکراوی مایەوە، خیلافە هەر لە سەرەتاوە لە نەورۆزدا وەك ڕۆژێکی دیاریکراو و نا سراو لای خەڵکی، باج و خیرا جی لە ڕەعیەت وەردەگرت، واتا بەر لە پێگەهیشتنی ڕەنج و بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بە چەند مانگێك، ئەمەش گرفت و کێشەی بۆ موڵکداران و جوتیاران و ئاژەڵداران دەنایەوە، لە سەردەمی ئومەویەوە زیاتر لە جارێك هەوڵدرا ئەم ئاریشەیە چارە سەر بکرێت[3]، دوا تر خەلیفە (المتوکل: ٢٣٢-٢٤٧ك/٨٤٧- ٨٦٢ز) بە جدی کاری بۆ چارە سەری ئەم

---

(١) محمد معین، جشن نوروز، مجله جهان نو، سال اول، شماره اول، (خرداد ١٣٢٥ه.ش)، و بڕوانە: نوروز، به کوشش علی دهباشی، ص٤٩-٥٠، ٦٦٧، جشن های آب، ص٢٤٢-٢٤٤.

(٢) جشن های آب، ص٢٢٢-٢٢٦.

(٣) ابوهلال العسکري، کتاب الأوائل، ص٢٧٠-٢٧٢، البیروني، الآثار الباقیة، ص٢٧٤-٢٧٥.

کێشەیە کرد و ئیبراهیمی کوڕی عەبا سی صولی(م: ٢٤٣ك/٨٥٨ز) نوسەری خەلیفە، لەمبارەیەوە نامیلکەی (الرسالة الغربية(؟)في تأخير النوروز)ی نوسی، بەڵام ئەوەندەی نەبرد خەلیفە بە سەریدا کوژرا[١].

ئەمجا خەلیفە(المعتضد)دوای کۆبوونەوە و راوێژکردن لەگەڵ شارەزایان و پیاوانی دەوڵەت، بڕیاریدا وەرگرتنی باج و خیراج دوا بخرێت بۆ رۆژی یازدە یان حەڤدەی حوزەیران و ئەم رۆژەش بە (المنيروز المعتضدي) ناوزەد کرا[٢].

کێشەی ساڵنامە و رۆژمێری و دانانی رۆژێك بە سەرەتای ساڵ، بەم هەنگاوەی خەلیفە چارەسەر نەکرا و مایەوە تا دەستپێکی سەردەمی سەلجوقی و ساڵی٤٦٧ك/١٠٧٤ز سوڵتان جلال الدين مەلیک شاهی سەلجوقی(٤٦٥_ ٤٨٥ك/١٠٧٢_ ١٠٩٢ز) کۆ مەڵێك زانا و ئەستێرەناسی شارەزای هێنا و کۆیکردنەوە کە یەکێکیان شاعیر و حەکیمی ناودار عومەری خەییام بوو، تا رۆژی نەورۆز بگەڕێننەوە شوێنی سروشتیی خۆی و جێگیری بکەن تا بکرێتە دەستپێکی رۆژمێری[٣].

ئەوەی لێرە بۆ مێژووی کورد گرنگە، ئەوەیە کە هەر لە دێرزەمانەوە تا رۆژگاری ئەمڕۆ، لە نێو کۆمەڵگای دێهاتی و کۆچەریی کورد یدا و بەتایبەت لە کاروباری وەرزێری و جوتیاری و مەڕداریدا و بەپێی"

---

(١) ابن الآبار، أعتاب الكتاب، ١٥١/١.

(٢) الآثار الباقية، ص٥٩_ ٦٠، تجارب الأمم، ٤٩٨/٤، الكامل في التأريخ، ٥٥٩/٥_ ٥٦٠.

(٣) الكامل في التأريخ، ٢٦٥/٨.

مەرسومێ قەدیمێ كوردستانێ " وەك ئەحمەدی خانی دەڵێت[1]، پشت بە رۆژژمێری نەورۆزی دەبەسترا و لە حیسابكردنی رۆژ و مانگ و وەرزیشدا، رۆژی نەورۆز دەكرایە تەوەر و بنەما و بە سەری ساڵ دادەنرا، لە ساڵنامەكەی رەنجوری (م: ١٢٢٢ك/١٨٠٧ز) ی شاعیریشدا ئاماژە بە نەورۆز دراوە[2]، لە كوردەواریدا كە بە گوتەی پیرەمێرد خێڵێكی رۆژهەڵاتیە" تا ئێستا سەری ساڵی تازە یان نەورۆز و بەهار بووە و باووباپیرمان بەم ئاییننە كە خوا بە رۆژێكی مو بارەكی داناوە...بە جەژنیان داناوە"[3].

٤-٥- رابوونی ئێرانیەكان و بەرزڕاگرتنی پلەوپایەی نەورۆز:

لە ناوەڕاستی سەدەی٣ك/٩ز خیلافەتی عەباسی و لەگەڵیدا سەرەوەری و باڵادەستیی عەرەب، بەرەو لاواز بوون و پووكانەوە رۆیشت و عەرەب وەك نەتەوەی باڵا و سەردەستە نەمایەوە، لە بەرانبەریشدا، وردە وردە دەسەڵات كەوتە دەست میلەتانی مەوالی- موسڵمانی ناعەرەب- بەتایبەتی ئێرانیەكان لە ناو ئێرانیەكانیش فارس و دەیلەم- گیلەكی و ژمارەیەك كە سایەتیی فارس پۆستی باڵندیان وەرگرت و پلەوپایەی هەستیاریان گرتەدەست لە وەزارەت و دیوانەكان و دامودەزگاكانی دیكەی خیلافەی عەباسی.

---

(١) مەم و زین، ل٨٥.

(٢) عبدالرقیب یوسف، مەلا عومەری رەنجوری ی شالەبەگی، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٠٧)، ئەیلولی ١٩٨٥،ل١٧١.

(٣) پیرەمێرد چیی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە، ل١٢، ١٦.

دواتر و لە ساڵی ٣٢٤ك/٩٤٦ز بوەیهییەکان کە ماڵباتێکی ئێرانین و لە نە تەوەی دەیلەمن، بە غدای پایتەختیان گرت و دەوڵتی بوەیهیان دامەزراند و تا ساڵی٤٤٧ك/١٠٥٥ز حوکمیان کرد.

لە ئاکامی ئەم رەوشە سیاسیە نوێیەی خیلافەی عەباسی، کورد و میللەتانی دیی ئێرانی، بەرە بەرە بێداربوونەوە و دەستیان کرد بە ژیاند نەوەی کە لەپوری دێرینی خۆیان لە دابو نەریتی جەژنەکی و رێورەسمی ئایینی و بوژاند نەوەی فەرهەنگ و روناکبیری و هونەر و لایەن و بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی، هەر لە ئاکامی ئەم بێداربوونەوەیەدا، کێشە و ململانێ کەوتە نێوان عەرەب و فارسەوە و بزاڤی شعوبیەت سەری هەڵدا.

بەبیرهێنانەوە و زیندووکردنەوەی رۆژە ئاییدنیە مێژوویەکانی وەك نەورۆز و میهرەجان و سەدك، یەکێکبوو لەو بوارانەی کە بایەخێکی زۆری پێدرا و کرایە هێمایەکی بەرچاوی خۆدەرهێنان و شانازیکردنی ئێرانیەکان بە شارستانیەت و رابردووی پڕ سەروەریی خۆیان و ئەو رۆژانە وەك ناسنامەیەکی نەتەوەییان لێهات و خەڵکی بە چڕی و بە جۆش و خرۆشەوە ساڵانە یادیان دەکردەوە، بگرە نەورۆز لە قەبارەی دروستی خۆی برایە دەرەوە و گەلێك دیاردەی گەردوونی و سروشتیی وەك ز یادکردن و کەمکردن و هەڵچوون و داچوونی رووباری نیل و بڵاوبوونەوەی دەرد و پەتا و نەخۆشی و بەرپابوونی شەڕو شۆڕ و کەوتنەوەی گرانی و قاتوقڕی ... بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەست

کران بە نەورۆزەوە[1]، بەڵکو هەرچی داهێنان و دە ستکەوتی زاد ستیی مرۆڤایەتی هەیە لە بوارەکانی ژیانی مەدەنیەت و شارستانیەتدا دەدرانە پاڵ جەمشیدی پێشدادی[2].

لەمەیش زیاتر، وا بڵاوبووەوە کە نەورۆز یەکەم رۆژی کات و بوونە و خودا لەو رۆژەدا رو ناکیی خولقا ندووە و خۆر و مانگ و ئە ستێرە هەسارەکانی بزواندووە و گەردوونیش دەستی کردووە بە خولانەوە و هەر لەو رۆژەشدا، خودا پێغەمبەر هودی بۆ گەلی عاد و صالحی بۆ گەلی (ثمود) ناردووە، ئەمانە و چەندین روداوی مێژوویی گرنگ و کاریگەر[3].

ساخکردنەوەی یادی نەورۆز لەنێو زۆربەی خەڵکی بە ئێرانی و غەیرە ئێرانیەوە، هەندە برەوی سەند و ئاهەنگگێڕان لەو رۆژەدا هەندە لە جەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەربڵاوبوو و هاوتەریب رەفتار و کاری لاساری و سەرکێشیی وا ئەنجام دەدرا کە لە گەڵ گیان و جەوهەری ئایینی ئیسلام نەدەگونجا، بۆ نموونە ساڵێکیان نەورۆز کەوتبووە مانگی رەمەزانەوە، کەچی کەسانی وا هەبوون سڵیان نەکردەوە لەوەی تا بەرەبەیان مەی بخۆنەوە[4].

(١) الآثار الباقية، ص٢٨٠-٢٨٢، نوادر المخطوطات، ٢/٥٥-٥٦.

(٢) الفردوسي، الشاهنامه، ص٢١-٢٣، حمدالله مستوفى، تأريخ گزيده، ص٧٥. و بروانە: نوروز، بە كوشش على دمباشى، ص٧٤-٧٥.

(٣) الآثار الباقية، ص٢١٦، ابوهلال العسكري، الأوائل، ص٤١٢، النويري، نهاية الأرب، ١/١٧٥، المقريزي، الخطط المقريزية، ٢/٣٣-٣٤. وبروانە: القزويني، عجائب المخلوقات، ص٧٧.

(٤) ابو الفرج الاصفهاني، الأغاني، ١٩/٢٤٦، ٢٦٥.

لە ئا ست ئەم رەوش و دیاردە یە، خەڵکانی دیندار و پێگیر بە ئیسلامەوە، کاردانەوەیان هەبوو و هەڵوێستیان وەرگرت و بۆ ئەوەی پرشنگی شیرك و کوفریان بەرنەکەوێت و تا بەکردەوە بیسەلمێنن کە ئەوان جیاوازن لەگەڵ کەسانی لادەر و گومڕا و هیچ پابەندییێکیان بەو جەژنەوە نیە، ئەو رۆژە لە ماڵێك یان لە مزگەوت گرددەبوونەوە و بەرۆژوو دە بوون و خۆ یان بە خوێند نەوەی قور ئان و نو ێژکردن و پاڕانەوە خەریك دەکرد[1]، هەروەها (ابن الرُّومي: م٢٨٣ك/٨٩٦ن) ئاماژە بە بەرۆژووبوونی رۆژی نەورۆز دەکات:

صَبْحةُ النُّوْرُوز في الأحدِ غَلَّ عنك الصومُ كلَّ يَدِ

فصباح الفطر موعدنا بصَبوح كامل العُدَدِ[2].

بەرۆژووبوون لە هەردوو جەژنی نەورۆز و میهرەجا ندا، بووە پرسێکی فیقهی و لە نێوان فەقیە و شەرعزاناندا مشتومڕی لێکەوتەوە و ئەو پرسیارە کەڵاڵەبوو کە ناوبەناو گفتوگۆی لەمەڕ دەکرا، ئایە حەڵاڵە یان حەرامە؟[3].

لە راستیدا زۆربەیان وای بۆدەچن کە رۆژوو گرتن لەو دوو رۆژەدا ناڕەوا و نابەجێیە و بەدەرە لە ئیسلام، بەڵکو بیدعە یەکی مەزنە[4]،

(١) ابن وضاح القرطبي، البدع والنهي عنها، ص٤٢، الحكيم الترمذي، نوادر الأصول في أحاديث الرسول، ص١٦٥، البيهقي، شعب الايمان، ٤٢٥/٣، الخطيب البغدادي، تأريخ بغداد، ٤٩٧/٩.

(٢) ديوان ابن الرومي، ص ١٤٢٥.

(٣) "مَا قَالُوا فِي صَوْمِ النَّيْرُوزِ"، مصنف ابن أبي شيبة، ٣٤٣/٢.

(٤) البدع والنهي عنها، ص٤٢.

چونکە پەیوەستە بە میللەتانی عەجەم- ناعەرەب و بە حیسابی عەرەب نەناسراون، ئەنەسی کوڕی مالك (م: ٩٣ك/٧١٢ز) و حەسەنی بە صری (م: ١١٠ك/٧٢٨ز) بەرۆژووبوون لەو دوو رۆژە یان بەباش نەزانیوە و چونکە تایبەتن بە گەلانی ناعەرەب- عەجەم[1]، لەم بارەیەوە(ابن تيمية: م٧٢٨ك/١٣٢٨ز) ئەم ئاخافتنەی(عبدالله بن عمرو بن العاص) دەگێڕێتەوە: ئەو کەسەی چاو لە عەجەمەکان بکات و ئەوەی ئەوان لە نەورۆز و میهرەجان دەیکەن بیکات، ئەوا لە رۆژی قیامەتدا لەگەڵیاندا حەشر دەکرێت[2].

وەلێ هاوکات زانایانی واش هەبوون بەگە ندیان کردووە و بگرە بە جۆرێك لە خوداپەرستی و خۆبەدوورگرتن لە کار و کردەوەی خراپ و ناشەرعییان داناوە و یەکێك بە ناوی(محمد بن الفخار الجذامي) (م:٧٢٣ ك/١٣٢٣ز) لەمبارەوە کتێبی (الفصل المنتضيء المهزوز في الرد على من أنكر صيام النيروز)ی داناوە و بۆ خۆپارێزی، پە سەندی بەرۆژووبوونی نەورۆزی کردووە[3].

هەر لەمیانەی رەتکردنەوەی نەورۆزدا، نوسەر ئەحمەدی کوڕی حوسێنی هەمەدانی ناودار بە(بديع الزمان:م٣٩٨ك/١٠٠٨ز) کە هەرچەند بەخۆی ئێرانیە، وەلێ بە لایەنگرێکی سەرسەختی عەرەب و ئیسلام ناسراوە و دەبێت یادکردنەوەی جەژنەکانی سەدە- سەدك (السدق) و

(١) مصنف ابن أبي شيبة، ٣٤٣/٢.

(٢) الفتاوى الكبرى، دار المعرفة، ٤٧٨/٢.

(٣) ابن فرحون، الديباج المذهب، ٣٠٤/١.

نەورۆز و میهرەگان، تەواو پەست و نیگەرانی کردبێت، بۆیە کاردانەوەی هەبووە و سەرکۆنەی ئەو کەسانە دەکاتە کە لەو سێ جەژنەدا، ئاهەنگ دەگێڕن و ئاگردەکەنەوە و دەڵێت ئەوانە گومڕا و سەرلێشێواون و لەو دنیاش ژووان و دیداریان لەگەڵ ئاگر دەبێت(١).

٤-٦- تۆمارکردنی مێژووی نەورۆز:

بوارێکی دی کەی بایە خدان بە نەورۆز لە سەردەمی را بوونی ئێرانیەکان، بریتی بوو لەوەی کە بە هەموو رێگایەك کار بۆ تۆمارکردنی مێژووی جەژنەکانی نەورۆز و میهرەگان و بۆنە میللیەکانی دی بکرێت، ئەوەبوو چەندین کتێب و نامیلکە سەبارەت بە مێژوو و بنەڕەتی نەورۆز نوو سران تا با یەخ و پیرۆزی و سوودی دەربخرێت، وە لێ مخابن سەرلەبەری ئەم کتێب ونامیلکانە فەوتاون:

- زادویه بن شاهویه (سەدەی٢ك/٩ز)، كتاب علة أعياد الفرس(٢).
- علي بن مهدي الكسروي (سەدەی٣ك/٩ز)، كتاب الأعياد والنواريز.
- علي بن هارون المنجم (م: ٣٥٢ك/٩٦٣ز)، كتاب النوروز والمهرجان(٣).
- حمزة الأصفهاني (م: ٣٦٠ك/٩٧١ز)، رسالة الأشعار السائرة في النيروز والمهرجان(٤).

---

(١) الثعالبي، يتيمة الدهر، ٣٠٤/٤.

(٢) الآثار الباقية، ص٧٨، ٢٧٣.

(٣) ابن النديم، الفهرست، ص١٧٨.

(٤) الآثار الباقية، ص٥٩، ٨٩.

- علي بن حمزة الأصفهاني (م: ٣٧٥ك/٩٨٥ز)، كتاب أعياد الفرس[١].

- الصاحب إسماعيل بن عباد (م: ٣٨٥ك/٩٩٥ز)، كتاب الأعياد وفضائل النيروز[٢].

- نصر بن عامر بن وهب السنجاري، كتاب ما روي في يوم النيروز[٣].

(١) النويري، نهاية الأرب، ١/١٧٥. وبڕوانە: الزركلي، الأعلام، ٤/٢٨٣.

(٢) الفهرست، ص١٩٤.

(٣) النجاشي، الرجال، ص٤٢٨.

بەشی پێنجەم

ڕێوڕەسمی یادکرنەوەی جەژنی نەورۆز لە کوردستان

٥-١- نەورۆز لە یادەوەریی کورد دا:

نەورۆز وەك بۆنەیەکی سروشتی و جڤاکی، بە پتەوی و ڕەگداکوتاوی لە کۆمەڵگای کوردی مایەوە، وێڕای ئەوەی کۆمەڵگاکە لە هەموو ڕوویەکەوە بووە ئیسلامی و ڕێوڕەسم و پرەنسیپ و دابونەریتی ئایینی ئیسلام گشت بوارەکانی ژیانی تەنییەوە و هەژموونی تەواوی خۆی سەپاند، کەچی نەبووە مایەی ئەوەی ناوی پرشنگداری نەورۆز لەبەین بچێت و ئەم ڕۆژە پیرۆزە لە یاد و خەیاڵدانی تاکی کورد ڕەش ببێتەوە، هەرچەند بنەما ئایینی و ئەفسانەییەکانی کاڵبوونەوە و تەنها وەك یادگارییەکی دڵخۆشکەری باب و باپیران خۆی پاراست، دووریش نیە توێژی ئینداران درێغیان نەکردبێت لە ڕەتکردنەوەی یادکرنەوەی نەورۆز و دانانی بە بیدعە و گومڕابوون، لە دەمێکدا دەیان بۆنە و جەژن و دابونەریتی جڤاکیی دی بە یەکجاری بنەبڕکران و شوێنەوارێکی وایان نەمایەوە.

بێگومان نەورۆز لە دێزەمانەوە، لە لای کوردی سەرجەم ناوچەکانی کورد ستان بە ڕەوە ند و دێ هاتی و شارنشینەوە، ڕۆژێ کی نا سراو و لەبیرنەکراو بوو و کوردی وا هەبوو ناوی نەورۆزی لە منداڵی دەنا[١] یان مێژووی ڕووداویان پێ دیاری دەکرد[١]، لەمبارەیەوە شاعیر حارسی

(١) دفتر تحرير مُفصل وإجمال ولاية أربيل لسنة ٩٤٩هـ/١٥٤٢م، ترجمة د.خليل علي مراد (أربيل:٢٠١٥)، ص٥٩. و بڕوانە : ئۆگست ژابا (١٨٠١-١٨٩٤)، فەرهەنگی کوردی- فەڕەنسی، فێردیناند یۆستی ساڵی ١٨٧٩بڵاوی کردۆتەوە، وەرگێڕانی پێشەکی د.نەجاتی عەبدوڵا، ئەکادیمیای کوردی (هەولێر: ٢٠١٠)، ل٤٦١.

بەدلیسی دەڵێت تۆ رۆژی تەواو پاش نەورۆز- ساڵی ١٧٥٩ن- لە دانانی چیرۆکی (لەیلا و مەجنون) بوومەوە:

ئەم رۆژ تەمام پاشی نەورۆز

مەنقووش من کر بگێن پیرۆز[٢].

هەروەها میللەتی کورد دەیزانی کە "رۆژێکە خودا ئەم جیهانەی تێدا دروست کردووە...و ساڵ ئەگەرێتەوە و سەرلەنوێ زەوی زیندوو ئەبێتەوە، درەخت و گیا ئەبووژێتەوە، هەوایێکی تازە ئەکەوێتە ناوەوە. ئینسان کە هەناسە هەڵدەکێشێ، تێ دەگا کەوا گیانی تازە ئەبێتەوە"[٣]، مەرداران و جوتیارانیش وەک پەند و قسەی نەستەق دەیانگوت"نەورۆز عەجیب رۆز- رۆژ"[٤].

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوەش، راپەرینەکەی کاوەی ئاسنگەر و زاڵبوونی بەسەر زوحاکی خوێنرێژ و ستەمکاردا، لەپاڵ داستانی مەم و زینی خانی دا، وەک هێمای سەرکەوتن و جەژنی رزگاری و سەرفرازی، لە لایەن روناکبیرانی کورد و رێبەرانی بزاڤی ئازادیخوازیی کوردەوە خرانەگەڕ، بۆ هاندانی گەل و بزواندنی هەستی نەتەوایەتیی

---

(١) منظومە تأریخ هکاری(بە شیعر و بە فارسی نوسراوە)، محەمەد عەلی قەرەداغی ، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگای دەستخەتەکانیانەوە، ٦/٢٥١.

(٢) لەیلا و مەجنوون، بەرهەڤکرن: تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، دەزگای سپیرێز (دهۆک: ٢٠٠٤)، ل٤٢.

(٣) پیرەمێرد چیی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە، ل٥٨.

(٤) گۆڤاری ژین، ژمارە(٧)، ئیستەنبول:٢ی کانون ثانی١٣٣٥هـ، ل٧.

لاوانی خوێنگەرمی کورد و جۆشدانی خەبات لە پێناو سەرخۆبوون[1] و شێخ سەعیدی پیران و سەرکردەکانی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٢٥ یش بە تەما بوون رۆژی نەورۆز بکەنە دەستپێکی بەرپاکردنی شۆڕش و بەرخودان. وەلێ گرفت و ئاستەنگ لەوەدایە کە دەنگوباس و زانیاری دەر بارەی رێوڕەسمەکانی نەورۆزی کوردستان یەکجار کەمە و سەرچاوەکان شتێکی وەها یان تێدا نیە و لەمڕووەوە هەتا ڕێژەی دەستکورتین و زۆربەی هەواڵ و زانیاریەکان تایبەتن بە شارە ئاپۆڕە و ئاوەدانەکانی وەک بەغدا[2] و موصل[3] و ئەصپەهان[4].

مخابن میر شەرەفخانی بەدلیسی و مەلا مەحمودی بایەزیدی و مێژوونوسانی دیکەی کورد، خۆیان لە باسکردنی نەورۆزی کوردەواری بواردووە، شاعیرانی کوردیش نەورۆزیان تەنها وەک رۆژێکی پڕ خوشی و شادی داناوە و ساتی دەرکەوتنی دلبەریان بە نەورۆز چوواندووە و ئێمە ناتوانین زانیارییێکی ئەوتۆ لە شیعرەکانیان بەدەست بخەین، بۆیە ئەو هەواڵانەی وا لەبەردەست دان زۆر کورتن و سەرپێیین و تەنها بە شی ئەوە دەکەن کە بڵێین رۆژی نەورۆز بەردەوام بەها و پیرۆزیی خۆی پاراستووە. پیرەمێرد لە ژمارە(٥٦٠)ی ڕۆژنامەی (ژین) کە رۆژی (٣ی

---

(١) جوردي غورغاس، الحركة الكردية التركية في المنفى، ترجمة:جورج البطل، ص٢١١_٢١٣.

(٢) نشوار المحاضرة، ٢٩٣/١_٢٩٤.

(٣) الكامل في التأريخ، ٦٨٦/٥، نهاية الأرب، ٢٤٠/٢٢.

(٤) بڕوانە: ابن حوقل، صورة الأرض، ص٣١٠، الآثار الباقية، ص٢٩٠.

مارتی١٩٣٩) دەر چووە، لە ژێر ناونیشانی "نەورۆزی ئێمە چییە؟" دەنوسێت:

" ئەوەتی من هەم و گوێم روواوە و بەلکوو ئەوەتی سلێمانی دانراوە، بەهاران کە وتیان نەورۆزە، یەعنی سەری سالی تازەیە، ئێمە سەیرانمان کردووە، نەورۆزانەمان بۆ نووسراوە و ئەوەتیش ئەم شاری سلێمانی یە هەیە، موناسەبەتێکمان لەگەل ئێران دا نەبوە، بە فارسی هەر"کوردی پدەرسوختە" بووین، وەك تورك پێیان ئەوتین "أكراد بدنهاد".

پار، بە ئیجتیهاد و ئیجادی مودیر شورطەی پێشوو، سوونی مەعنایێك خرایە ناوەوە، مەنعی نەورۆز کرا"[١].

لە کاتێکدا خەلیفە و شاهان و میران و رایەداران، رۆژی نەورۆزیان دەقۆستەوە بۆ گیرفان پرکردن و وەرگرتنی نایابترین دیاری، مەوالیە ئێرانیەکان، بە ئامەنگگێران و سازدانی کۆڕی دیلان و گۆرانی، خۆشی و ئاسودەیی خۆیان دەردەبری.

دەکرێت بلێین لە جەژنی نەورۆزدا ئەم چالاکیانە ئەنجام دەدران:

- ئاگرکردنەوە لە ئێوارەی نەورۆز.
- رووکردنە دەشتودەر بۆ گەشت و سەیران.
- گێڕانی شایی و دیلان.
- رێکخستنی چالاکیی رۆشنبیری و پێشبرکێ.

(١) پیرەمێرد چیی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە، ل١٥.

٥-٢- ئاگرکردنەوە و ئاو ڕژاندن:

وەک ئاشکرایە ئاگرکردنەوە لە دێوارەی ڕۆژی بەر لە نەورۆز، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش زەقترین و دیارترین جەفەنگ و نیشانەی ڕاگەیاندنی نەورۆزی کوردستانە، لە ئاڤێستاش دا ئاگر بەها و پایەی خۆی هەیە و لە توخمەکانی دی: خاک و ئاو و هەوا گرنگترە[١]، ئەم نەریتە تا دێت و ساڵ بە ساڵ بەرفراوانتر دەبێت و لە هەموو ناوەدانییەک و لە ئاوەرەیی و لە هەر جێگاییێک کوردی لێ هەبێت، هەر چۆنێک بێت لە شوێنێکی بڵند ئاگر دەکرێتەوە و بە هێمای سەرکەوتن و سەرفرازی و دەربڕی دڵخۆشی و شادمانی دادەنرێت.

لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردیشدا، روخسار و ناوەڕۆکێکی تەواو نەتەوەیی وەرگرت و بووە جێگای فەخر و شانازی و سمبوڵێکی هەرەدیاری ناسنامەی کوردایەتی.

لەم ساڵانەی دواییشدا، قالبێکی فەرمی وەرگرتووە و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی باڵا و لە شوێنێکی تەرخانکراودا، ئەم ئاگرە دەکاتەوە و چەند ڕۆژێکیشی کردووەتە پشوو.

سەبارەت بە سەردەمانی ئیسلامی و سەدەکانی ناوەڕاست، لە سەر چاوە مێژوو یەکان و لە دیوانی شاعیراندا، بەڵگە گەلێک هەن دەیسەلمێنن کە هەر لەمێژە لە دەمەو دێوارەی نەورۆزدا، ئاگر کراوەتەوە و موژدە و مزگێنیی بڕانەوەی سەرماوسۆڵە و هاتنی بەهار ڕاگەهێندراوە کە لایەنی کەم دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٣ک/٩ز، هاوکات

(١) ڕەزا دەشتی، نەورۆز و بۆنەکان، ل١٣٢-١٣٣.

لەگەڵ رابوونی ئێرانیەكان، بەڵام گرفت لەوە دایە كە سەرچاوەكان ـ وەك ئاماژەی پێدرا ـ تەنها لە ئاگركردنەوەی شارە گەورەكانی وەك بەغدا و قاهیرە دەدوێن[1].

لە ساڵی ٢٨٤ك/٨٩٧ز و بە دوو رۆژ بەر لە نەورۆز، خەلیفە(المعتضد)، لە پەیامێكدا كردنەوەی ئاگری نەورۆز و ئاو ڕژاندنی لە بازاڕەكان قەدەغەكرد، بەڵام لە ئەنجامی پێداگیری و فشاری خەڵكی، هەر زوو لەم بڕیارە پاشگەز بووەوە و بۆ رۆژی دوایی، واتا رۆژێك بەر لە نەورۆز و ئێوارەی ئەو رۆژەی كە ئاگرەكە دەكرێتەوە، رێگادرا ئاگر بكرێتەوە و ئاهەنگ بگێڕدرێت و خەڵكیش بەم كارە رابوون[2].

هەروەها نەورۆزی ساڵی ٣٢٨ك/٩٤٠ز دەكەوتە رۆژی دووهەمی مانگی رەمەزانەوە[3]، خەڵكی لە ترسی ئەوەی نەبادا دەسەڵاتداران

نەهێڵن لە رۆژا نی رە مەزان دا ئاگر بكرێتەوە، پێشوەخت ئاگریان كردەوە و ئاویان رژاند، سەرەتا چینی تایبەت(الخاصة) و ئەوجا چینی گشتی[4] و لە ئاخافتنی قازیی تەننوخی(م: ٣٨٤ك/٩٩٤ز) دەردەكەوێت كە وا لە بەغدا بە شێوەیەكی بەرچاو نەورۆزان ئاگر دەكرایەوە و مۆم و چرا پێدەكران و پارەیەكی زۆر خەرج دەكرا[5].

(١) الخطط المقريزية، ٢/٢٥.

(٢) تأريخ الطبري، ١٠/٥٣.

(٣) رۆژی دووهەمی رەمەزانی ساڵی ٣٢٨ك بەرانبەر رۆژی ١١ـ ٦ـ ٩٤٠زایینیە و ئەم رۆژە نەورۆزە وەك باسكرا بە (النوروز المعتضدي) دەناسرا.

(٤) الصولي، أخبار الراضي، ص١٤٢.

(٥) نشوار المحاضرة، ١/٢٩٣ـ٢٩٤.

هەروەها ئاگری نەورۆزی شارۆچکەی کلوازای خۆر هەڵاتی بە غداش بەناووبانگ بوو[1]، جاری واش هەبوو ئاگرکردنەوەکە ئاژاوەی بەدوودا دەهات[2].

دوای لەناو چوونی خیلا فەی عەبا سی، پ ێزانین دەر بارەی ئاگری نەورۆز کەم دەبێ تەوە، هەروەها پا سکردن و یادی ئەم ئاگرە لە بەر هەمی شاعیران وەك پێ شوو نامێن ێت، هەر چەند بەڵ گەکان و ئاماژەکان بایی ئەوە هەن کە بێژین جەژنی نەورۆز لەو سەردەمانەش و لەلا یەن هەموو دە ڵەت و میرن شینەکانەوە هەر زی ندووبووە و یاد کراوەتەوە[3].

ئاو پرژاندن برگەیەکی دیکەی بنەڕەتیی جەژنی نەورۆز بوو کە بۆ بەیانیی شەوی نەورۆز ئەنجام دەدرا و ئا هەنگگێڕەکان ئاو یان بە سەر خۆ یان و هاتو چۆکەران و شورتەی دەوڵە تدا دە کرد و جارێك یان زمانەوانی ناسراو(ابو القاسم الزجاجي: م٣٣٧ك/٩٤٨ز) بەرکەوت.

دەربارەی بنەچە و پاساوی ئاو پرژاندن، لە را ستیدا بەر سفێکی وا نیە جێگای قەناعەت بێت و رەنگە لەبەر ئەوەی رێورەسمێکی کۆ نە و زادەی سەردەمی ئەفسانەییە، هۆ کارە را ستەقینەکەی بە نەزانراوی بمێنێتەوە، مێژوونو سان هەر لەخۆیا نەوە لێکدا نەوەیان بۆکردووە و بۆچوونی جیاوازیان دەربڕیوە، دەڵێن خەڵکە کە بە هۆی ئاگرە کەوە

(١) البیروني، الآثار الباقیة، ص٢٧٠.

(٢) مسكویه، تجارب الأمم، ٦/٢٨٨.

(٣)جشن های آب، ص٢٥٢، الصیاد، النوروز وأثره، ص٥٧-٦٥.

دووکەڵ و ڕەژوویان لێ ئاڵاوە و ئەم ئاو پرژاندنە وەك خۆشو شتن و خۆخاوێنکردنەوە بووە، یان وەك ڕێورەسمێکی ئایینی بووە تا باران بیارێت، سەرەڕای گەڕاندنەوەی بۆ چەند ڕووداوێکی ئەفسانەیی[1].

لە لایەکی دیکەوە، لە شیعری چەند شاعیرێکدا، دەردە کەوێت کە ئاگرکرد نەوە و ئاو پرژا ندن، دوو مەرجی سەرەکی و دوو نیشانەی تایبەتی نەورۆز بوون و هەر دە بوو ئەنجام بدرێن، شاعیرێك بە ناوی(المعوج)دەڵێت:

كَيْفَ إبتهاجَك بالنيروز يا سَكَني؟ ...

...... وكُل ما فيه يحكيني وأحكيهِ !

فَنارهِ كَلهيب النار في كَبَدي! ....

...... وماؤه كتوالي نَمْعَتي فيهِ !

شاعیرێکی دی دەڵێت:

نَوْرَزَ الناس ونَوْرَزْ... تُ، لكن بِدموعي!

ونَكَت نارهم، والنا...ر ما بَين ضلوعي!

یەکێکی دی دەڵێت:

ولَما أتى النوروز يا غاية المُنى ...

...... وأنتَ على الأعراض والهَجر والصَدِّ

بَعَثتُ بنارِ الشوق ليلاً إلى الحشا ...

...... فَنورزتُ صُبحا بالدموعِ على الخدِّ[1].

---

(١) الجاحظ، المحاسن والأضداد، ص٢٧٩، ابوهلال العسكري، الأوائل، ص٤١٢، البيروني، الآثار الباقية، ص٢٧٤_٢٧٥.

سەبارەت بە ئاگری نەورۆزی كوردستان، نە لە مەم وزینی خانی و نە لە شیعری شاعیران و نە لە دە قە مێژووییەكا ندا، بەلگە یەكمان دەست نەكەوت بە راشكاوی باس لەم رێورە سمە بكات، دیارە پاش سەدەی ٥ك/١١ز و كۆتاهاتنی سەروەری و بالادە ستیی ئێرا نیەكان لە فارس و دەیلەم و كورد و هاتنی تور كە سەلجوقیەكان، رێورەسمی ئاگركردنەوە بەرەبەرە كەمبۆتەوە و بەرەو برا نەوە چووە، ئەوە ندە هەیە مەلای جەزیری (م:١٦٤٠ز)، ئاگری دووتوێی دڵ و سینەی بە ئاگری نەورۆز چوواندووە:

ئەڤ نار و سیڤالا دلە   دائیم ل وی ڤالا دلە
نەورۆز و سەرسالا دلە   وەقتێ هلێتن ئەو سیراج[٢].

هەروەها شاعیرێكی موصلی بە ناوی ئەبویەعقوب ئیسحاقی كوڕی مەروان (م: ٦٣٤ك/١٢٣٦ز)[٣] لە ئاگری كوردان دەدوێت و روون نیە ئایا ئەم ئاگر كردنەوەیەیان وەك نەریتێكی تایبەت و پەیوەندیدار بە جەژنی نەورۆزەوە بووە و لە چوارچێوەی پیرۆز را گرتنی ئاگرەوە بووە؟ یان تەنها لە بەر سەرماو سۆلە و بۆ خۆگەرمكرد نەوە و روناككرد نەوە كردوویانەتەوە، شاعیر شیعرەكەی تایبەت بە(نار الأكراد) داناوە، بەلام تەنها ئەم دوو بەیتەی تۆماركراوە:

(١) النويري، نهاية الأرب، ١/١٧٦_١٧٧، الخطط المقريزية، ٢/٣٧.

(٢) دیوانا مەلایێ جزیری، ل١١٢.

(٣) ئەم شاعیرە لە گەمارۆ گەورەكەی هەولێر ساڵی٦٣٤ك/١٢٣٦ز بە دەستی مەغۆل كوژرا.

قد كانت النار أذا أوقدت ... في الليل لِتَرتاح إليها النفوسِ

فاليوم قَد صارا يراها الفتـ ى فينثني عَنها بوجهٍ عَبوس[1].

لە دوو بەیتە شیعری دیدا، زیاتر لەوە دڵنیامان دەکاتەوە کە ئاگرەکە تایبەت بووە بە کوردان و لە دەربەندەکانا کردوویانە تەوە و خەڵکییان چەواشەکردوە کە گوایە لە ترساندا دەیکەنەوە، بەلام وەك شاعیر دەڵێت وەك ئەوەی بڵێی کەس ئاگای لە کوردان نییە و ترس لەوەدایە کە درۆ بکەن و ئەو رووداوەش سەیرە کە راستیەکەی ئافاتە بۆ کۆچەری و شارنشینەکان:

كم أوقد الأكراد في الدربند نارهم ... من خوفهم كذنيا من غير ما خبر

والخوف أن يكذبوا فأعجب لحادثة ... في صدقها آفة للبدو والحضر[2].

ئاگری نەورۆز پاش نزیکەی هەزار ساڵ خامۆشی، پیرەمێردی شاعیر لە سییەکانی سەدەی رابردوو هەڵی کردەوە و ڕێوڕەسمێکی بنەڕەتی و دێرینی نەورۆزی هێنایەوە یادمان، ئەوەش "بە یادی گیانی پاکی باوك و باپیر[3]" و زیندووکردنەوەی" عەنعەنە و پیشەیێکی باووباپیرمان"[4].

لێرە پێویستە ئەوەش بڵێین کە چە شتە کە سانێك، هەرگیز هەڵوێستیان باش نەبووە و میانڕەیش نەبووە لە ئاست هەر بۆنە و

---

(١) ابن الشعار، قلائد الجمان، ٢/٣٦٥.

(٢) قلائد الجمان،١/٣٦٥ . ئەم برگانەم لەکتێبێکی خۆم (کۆمەڵگای کوردەواری لە سەدەکانی ناوەڕاست، ل٣٠٤_٣٠٥) وەرگرتووە.

(٣) رۆژنامەی ژیان، ژمارە(٤٣٣)، ٢ی ئازاری ١٩٣٥، ل٤. بروانە: پیرەمێرد چیی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە، ل١٨.

(٤) پیرەمێرد چیی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە، ل٣٥، ٥٨.

د یاردە و رەف تارێکی کۆمەڵا یەتی، ئە گەر تەواو لە گەڵ جەو هەر و پرۆسیپەکانی ئایین یەك نەگرێتەوە، چ جای ئەو بۆنا نەی وا بۆنی مەجو سیەت و ئاگرپەر ستییان لێبێ یێت و گو مانی لادان و لەرێگا دەرچوونیان لێبکرێت، رەنگە ئەم هەڵوێستەیان هۆ کارێکی سەرەکیی بنەبڕکردنی ئاگرکردنەوە بووبێت لە کوردستان.

ئێمە هەرچەند لەمبارەیەوە بەڵگە یەکی وا مان لە بەردە ست دا نییە، بەڵام ئەگەر ئاگاداری ئەوە بین کە لە سەردەمی نوێ و لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا، بە گو تەی پیرەمێردی نەمر کە سانێکی "بێ ناموس و زۆڵی بەروو" چیبیان پێ کرد و بە سیخوڕ و پیاوی ئینگلیز و ئاگرپەرست تاوانباریان کرد[1]، دەبێت بپرسین ئەدی لە سەردەمانی پێشوتردا چۆن سەرەدەرییان لە ئاست ئەم پرسەدا کردبێت؟.

پیرەمێرد لەمیا نەی هاتنەدەنگ و بەرپەر چدانەوەی ئەو تەرزە کە سانەدا، لە ژمارە(٥٦٠)ی رۆژنا مەی(ژین)دا، کە رۆژی(٣ی مارتی ١٩٣٩) دەرچووە، دەنو سێت :" با دین و ئایینی ئاتەشپەر ستیش لە پێشدا بووبێ، تووخوا ئێستا دەورێکی وایە ئینسان ئاگر بپەر ستێ!! ئاگرێك کە من خۆم بیکەمەوە و بیکوژێنمەوە و بمسووتێنێ و زەرەرم لێ بدا، چۆن ئەیپەرستم. ئەوانە کەرن کە نیسبەتی ئاتەشپەرستی بە ئێمە ئەدەن"[2].

---

(١) پیرەمێرد چیی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە، ل٩٧.

(٢) پیرەمێرد چیی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە، ل١٦.

هەروەها لە ژمارە(٧٣٧)دا کە رۆژی (٢٨ی مارتی ١٩٤٤) دەرچووە، دەنوسێت:" وەی تۆ ئاگری نەورۆز ئەکەیتەوە، ئاگرپەرستی! کورە باوکم موسڵمانم، ئاگرێك کە خۆم ئەیکەمەوە و ئەیکوژێنمەوە، چۆنی ئەپەرستم؟! خێر، دەستەی ... چوونە لای موتەصەرِیفی ئەوسایە کە "مەجید یەعقووبی" بوو، شکاتیان کرد، چەرمەسەرییێکی زۆریان داین و قوتابیی زانستی حەپس کران و غەزەتەکەیان داخستم، کەس نەیئەوێرا بێ بەلاما. موبارەکێکی تری خۆیشمان، پار نەیدەهێشت نەورۆز بکەم. شکاتم لای" لاین"[1] کرد، ئەویش بۆی نوسیبوو: بۆچی مەنعی ئەکەی؟ وتبووی حکومەت ئیسعافی ئایینی ئاتەشپەرستی ناکا، ئەو جوابەم لەلایە. تا لە بەغداوە وتیان: دیموقراطی ئەم نەوعە قصە قۆڕانە قبووڵ ناکا"[2].

٥-٣- رووکردنە دەشتودەر بۆ گەشت و سەیران:

دەرچوون لە شار و بازێڕە کان و رووکردنە دە شتودەر و بۆ ناو سروشت، پاش ئاگرکردنەوە دیاترین رێورِسمی نەورۆزانەیە، دەربارەی ئەم بابەتەش، لە سەرچاوەکان تەنها ئەوەندە دەزانین کە میر(مەهد الدولة) سەعیدی کوڕی مەروان(٣٨٧- ٤٠١ك/٩٩٧- ١٠١٠ز) ساڵانە بەهاران

---

(١) کاپتن لاین (١٨٩٢-١٩٧٧)، لە بنەماڵەیەکی سکۆتلەندییە، ساڵی ١٩١٨ هاتووەتە میزۆپۆتامیا و بەشداریی داگیرکردنی موصڵی کردووە، لە ساڵانی ١٩٢٠-١٩٢٢ هاریکاری حاکمی سیاسی و لە ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٩ موفەتیشی ئیداریی سلێمانی بووە. پیرەمێرد چیی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە، ل٥٩(پەراوێز).

(٢) پیرەمێرد چیی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە، ل٥٩-٦٠ وبڕوانە: ل٩٥، ٩٧.

بە داروده‌ستە و سترانبێژانەوە رووی دەکردە قەڵای هەتاخ و دە بووە میوانی شێرۆی کوڕی مەم وماوەیەکیان بە خواردنەوە و بەزمورەزم و راووشکارەوە بەسەردەبرد[1].

دەرچوونی بەهاران لە سەردەمی عوسمانیش هەر بەردەوامبوو، لێرەش تەنها دەقێکی تاقانە شکدەبەین، ئەیش ئەوە یە کە خەڵکی شاری زاخۆ بەهاران تێکڕا گەورە و بچووك روویان دەکرە دەشتودەر و ماڵەکانیان چۆل دەکرد، ساڵێکیان کابرایەکی جولەکە چۆلبوونی ماڵ و بازاڕی شاری بە فرسەت زانی و چەندی پێکرا دەستی نەپاراست لە تالانکردن[2].

بەڵام ئەوەی جێگای خۆشبەختیە، ئەمر ئەحمەدی خانی(١٦٥١-١٧٠٧ز) لە مەم و زیندا، باربۆی ئەم ناتەواویەی کردۆتەوە و پەردەی لەسەر برێك نهێنی هەڵماڵیوە و پێزانینی گرنگ و پڕسوودی بەدەستەوە داوە و نەورۆزی بە "مەرسومێ قەدیمێ کوردستانێ" و "مەوسمێ سرور و شادمانی" و "عیدێ وصال" داناوە و لەمانەش هەموو گرنگتر نەورۆزی بە "عادەتێ موبارەك" ژماردووە[3]، کە دەبوو خەڵکی گەشت و سەیران بکەن: بەدەرکەتنا شەهریانە ب دەشتێ

ژ بۆ سەیرانا سەرساڵ و گەشتێ[4].

---

(١) الفارقي، تأريخ الفارقي، ص٨٨.

(٢) ياسين العمري، غاية المرام، ص١٤٢.

(٣) مەم و زین، ل ٨٥.

(٤) مەم و زین، ل٩١.

هەرچەند نەورۆزی کوردستان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بنەما و پیرۆزییە ئایینیەکانی لەدەستدا و زیاتر مۆرك و روخساری دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی وەرگرت، بەڵام لە مەم وزێ ندا تێدە گەین کە چوونە دەرەوەی شارنشینان لە نەورۆزدا بۆ پشوودان و هەوا گۆڕین و رابواردن و بەسەربردنی دەمێك بە هێمنی و ئارامی، وەك تەقس و رێورەسمێکی ئایینی لێهات و دەبوو گەنج و پیر، ژن و پیاو، مندالّ و مەزن، میر و کرمانج وەك ئەرکێکی سەرشانیان جێبەجێی بکەن، لە سۆنگەی ئەمەوە خۆیان دەڕازاندەوە و بەهاترین جلوبەرگ و پۆشاکیان دەپوشی و بە سواری و بە پیادە، بڕ بڕ یان تاك تاك دەردەکەوتن و روویان دە کردە پاوەند و مێرگوزارەکان تا ئەو رادە یەی بازێڕ و قەڵا و ماڵەکان لە ئاوەدانی چۆل دە بوون، بە واتا یەکی دی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بە جل و پۆشاکی رەنگاوڕەنگ و ئاڵاوواڵاوە لە سەیرانگاکاندا ئامادەدەبوون بۆ دەربڕینی دڵخۆشی و ئاسوودەیی خۆیان و بۆ نوێکردنەوەی سوز و پەیمان لەگەڵ نەورۆزدا، ئەوەندە بە گەرموگوڕی و جوش و خروشەوە ئاهەنگیان دەگێرا وەك بێژی رێورەسمێکی ئایینی بەجێ دەگەهێنن و ئەرکێکی پێویستی سەرشانیان ئەنجام دەدەن کە نەدەکرا سازشی لەسەر بکرێت و چاوی لێ بپۆشرێت، ئەم دیاردەیەش لە دێر زەمانەوە هەر هەبووە و پیرەمێرد و باب و باپیران گێڕاویانەتەوە:

هندەک ژ تەحەڕوکا طەبیعی
ئەو تێنە ب نوقطەیا رەبیعی
تەجدید دکن ژ بۆ مە سالێ
گافا وەکوو تێنە ئیعتدالێ
دانایێ موعەممەرێ کوهەن سال

ئەڤ رەنگەهە گۆ ژ بۆ مە ئەحوال
کو عادەتێ پێشیێ زەمانان
ئەڤ بوو ل هەمی جە و مەکانان
وەقتێ وەکوو شەهسوارێ خاوەر
تەحویل دکر د ماهێ ئازەر
یەعنێ کو دهاتە بورجێ سەرسال
قەط کەس نەدما د مەسکەن ومال
(بالجملة) دەچوونە دەر ژ مالان
حەتتا دگەهیشتە پیر و کالان
رۆژا کو دبیت عیدێ نەوروز
تەعظیم ژ بوو دەما دل ئەفروز
صەحرا و چەمەن دکرنە مەسکەن
بەیدا و دەمەن دکرنە گولشەن
خاسما عەزەب و کچێ د باکر
(القصة) جەواهرێ د نادر
تێکدا د موزەییەن و مولەببەس
ڤێکرا ل تەفەرووجێ مورەخخەص[1].

بە دەرکەتنا شەهریانە ب گەشتێ
ژ بۆ سەیرانا سەرسال و گەشتی
دەورا فەلەکێ ژ بەختێ فەیرۆز
دیسان کو نوما ژ نووڤە نەورۆز
مەبنی ل وی عادەتی موبارەك
شەهری وسوپاهیان ب جارەك
بازێر و کەلات و خانی بەردان
تەشبیهی ب نژدەیان و جەردان

(١) مەم و زین، ل٨٧_٨٩.

صەف صەف دمەشینە کووە و دەشتان
رەف رەف دخشینە سەیر و گەشتان
ئەصنافێ ئومەم صیغار و کوببار
قەطعا ڤەنەما د شەهری دەییار
هندەک ب پەیایی چوونە باغان
هندەک ب سواری چوونە راغان
هندەک ب تەبایی و ب کثرەت
هندەک ب هەڤالی و ب وەحدەت[1].

گەشت و گوڤەندی نەورۆز لە ئالیەکی دیەوە، هەلی گونجاو و دەلیڤەی لەباری دەرەخساند بۆ کچان و کورانی ئەڤیندار و تا مەزرۆی ژووان، تا خۆیان برازێننەوە و بە یەکدی بگەن و رازی پەنگخواردووی دڵیان بۆ یەکدی هەڵبرێژن و تا دڵداری ویڵ و سەرگەردان بە دیداری دلبەرەکەی شاد ببێت و پەیمانی خۆشەویستی نوێ بکەنەوە، تەنانەت دڵدار و دلبەری وا هەبوون، تەنها بە هیوا و مەبەستی چاوپێکەوتن، نەورۆزان دەچوونە دەرەوە، بۆ ئاکە نەورۆز بەخۆی "عیدێ وصال بێت"[2]:

لەورا کو ئەوان غەرەض ژ گەشتێ
مەقصوود ژ چووینا ب دەشتێ
ئەو بوو کو چ طالب و چ مەطلووب
یەعنی دو طەرەف موحب و مەحبووب
ئەڤ هەردو جەلەب کو هەڤ ببینن

(١) مەم وزین، ل٩١.

(٢) مەم وزین، ل٨٥.

کوفئێ د خوە ئەو ژ بۆ خوە بینن[1].

....

رابوونەڤە خانم و خەواتین
وان ژی تژی گول کرن بەساتین
حووران کرە مەسکەنێ خوە جەننەت
بێ پەردە و بێ مەلال و مننەت
ئەتراب و کەواعبێ د عەذرا
موردان و موراهقێ د زیبا
وان لێك دکرن مەتاعێ یێک عەرض
تەخمین دکرن ب(طول والعرض)
سەوداگەر عشقێ بوون د بازاڕ
هەم بائعێ حوسنێ هەم خرێدار[2].

هەر لە سەرویەندی ڕۆژێکی نەورۆز بوو، مەم و زین چاوویان بەیەك کەوت و یەکدییان خۆشویست و شەیدای یەکدی بوون و داستانی نەمری مەم وزینی لێ لەدایکبوو، کە من لە لێکۆڵینەوەیکدا گەهیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە لە سەدەی ٥ك/ ١١ز و سەردەمی دەوڵەتی دۆستەکی-مەروانی بووە[3].

لەو باوەڕە دام کە بەزموڕەزم و گە شتوگوزاری نەورۆزان، پتر تایبەت بوو بە دە سەڵاتداران و چینی دەوڵەمە ند و دەستڕۆیشتوو و دانیشتووانی شارەکان، دەنا کوردی ڕەوەند و نیوچە ڕەوەند و لادێیی،

---

(١) مەم وزین، ل٨٩.

(٢) مەم وزین، ل٩١-٩٢.

(٣) بڕوانە کتێبی: لە بارەی مێژوو و کەلتووری کوردییەوە، دەزگای جەمال عیرفان (سلێمانی: ٢٠٢١)، ل١٤-٤٦.

لە بەر چڕوپڕیی فرمان و ئیشوکاری نەبڕاوەی سەرشانیان، دەمی ئەوەیان نەبوو سەری خۆیان بخورێنن، کەنگی دەپەرژانە سەر ئەوەی یادی نەورۆز بکەنەوە و ئاهەنگ بگێڕن، لای ئەوان تەنها چەمکە ئابوری و سروشتیەکەی نەورۆز گرنگ و مەبەست بوو کە مانای خۆشبوونی کەش و گۆڕانی ئاووهەوا و بڕانەوەی سڕوسارییی زستانی دەگەیاند، دواتریش سازدان و ڕێکخستنی کاروباری خۆیان لە وەرزی نوێدا.

لەوە دەچێت دەرچوون و گەشت و سەیرانی نەورۆزانیش وەك ڕێوڕەسمەکانی دی، بەرەبەرە کز بووبێت و برەو و گەرموگوڕیی جارانی نەمابێت و تەنها نەورۆز وەك ڕۆژێکی خۆش و ناسراوی ساڵ و بناغە و مەکۆی دانانی ڕۆژژمێری مابەوە و دەستەڵاتداران کردبیانە دەلیڤەیەك بۆ وەرگرتنی دیاری گرانبەها و شرینی کە تا کوتاهی سەدەی نوزدە و سەردەمی قاجاری و عوسمانی هەر مابوو[١].

٥-٤- گێڕانی شایی و دیلان:

وێڕای ئاگرکردنەوە و ئاو پرژاندن و رووکردنە سروشت و سەیران، سازدانی گۆڤەند و شایی و هەڵپەڕکی و گێڕانی کۆڕی ستران چڕین لە گەڵ بەکارهێنانی ئامێری مۆزیکی، برگە یەکی دیکەی بنەڕەتیی جەژنی نەورۆز بوو، جێگای داخە زانیاریمان لەسەر ئەم بابەتە گرنگەش یەکجار کەمە و ئەوەی هەشە بە ڕێککەوت هاتووە، دەگێڕنەوە

(١) بروانە: النوروز وأثره في الأدب العربي، ص٥١-٦٤، جشن های آب، ص ٢٧٦-٣١٠.

جارێکیان صۆفیی ناودار ئەبومەنصوری حەللاج (م:٣٠٩ك/٩٢٢ز) بە نزیك شاری ئەهاوەندی کوردنشیندا تێدەپەڕێت و گوێی لە دەنگی دەهۆڵ و زورنا دەبێت و لە یاوەرێکی دەپرسێت ئەوە چییە؟ ئەویش پێی گوتووە ئەوە نەورۆزە و خەڵکی ئاهەنگ دەگێڕن[1].

ئەوەش بڵێین کە یەکێك لە ئاوازە ناسراو و دێرینەکانی ئێرانییەکان ناوی (نەورۆز) بوو و لەو سەرچاوە مۆزیکیەکاندا ناوی ئەم ئاوازە براوە، سترانێکی تایبەتیش بە نەورۆز هەبووە و دەنگێك ـ ئاوازێك هەبوو کە بە بۆنەی نەورۆزەوە دەکرا یە گۆرانی[2]، دەبێت ئەم ئاوازە لە کوردستانیش ناسراو بوو‌بێت و کرابێتە ستران، تەنانەت مۆزیکزانی کورد عومەری کوڕی خدری داسەنی (م:٧٥٨ك/١٣٥٧ز) شارەزایی لێهەبوو[3].

ئەم ئاوازە نەورۆزیەش چەند جۆرێکی هەبوو وەك نەورۆزی رەسەن و نەورۆزی حیجازی و نەورۆزی عەجەم و نەورۆزی عەرەب و بەیاتی بچووك و گەورە[4].

رەنگە شایی و بووك گواستنەوەش لە کوردستاندا پتر لە رۆژانی نەورۆزدا ئەنجام درابێت، گەرپیدەی ئینگلیزی کلۆد یۆس جیمس ریچ(١٧٨٧ـ١٨٢١) لە درێژەی گەشتەکەیدا بۆ کوردستان، رۆژی (٢١)ی ئازاری ١٨٢٠ دەگاتە ئاواهییێکی نزیك قزلریات ـ سەعدیە و بۆ شەوەکەی

---

(١) ابن الساعي الخازن، أخبار الحلاج، ص٤٥ـ٤٦.

(٢) ابو الفرج الأصفهاني، الأغاني، ٧٥/٩.

(٣) العمري، مسالك الأبصار، ٤٠٠/١٠.

(٤) جشن هاى ئاب، ص١٠٥.

ئامادەی زەماوەندی بووک گواستنەوەیەک دەبێت و دەبینێت چۆن خەڵکەکە شیربازی دەکەن و بە دەوری سۆپا و چراوە سەما دەکەن [1] و کاتێک چووە بۆ سنەی بارەگای میرانی ئەردەڵان، دەڵێت کوڕێکی خانی ئەردەڵان، کچی شاهی قاجاری مارەکردووە و بەتەمایە ڕۆژی نەورۆزی داهاتوو بیگوازێتەوە [2].

هەر لەم چوار چێوەیەدا، شوێنەوارناس هێنری فرانکفۆرت(١٨٩٧-١٩٥٤)دەگێڕێتەوە کە دەمێک لە بەهاری ساڵی ١٩٣٠ سەرقاڵی کنە و هەڵکۆڵین بووین لە شوێنەوارەکانی خۆرساباد لە باکوری موصڵ، لە شەوی ٢١/٢٠ ئادار واتە شەوی نەورۆز، بە دەنگ و هەرای گۆرانی و چەپڵەڕێزان و سەمای ئێهادییەکان بەئاگا هاتینەوە و دواتر زانیمان دووانیان هەر کرێکاری خۆمان بوون، ئەمجا بە درێژی باسی سەما و ستران و ڕێوڕەسمی بۆنەکەی کردووە کە زیاتر بۆ باران بارین بووە کە کوردانی باجەڵان لە گوندی فازڵییە ئەنجامیان دەدا [3].

---

(١) رحلة ريج، ص٣٧٤.

(٢) رحلة ريج، ص٢٣٤.

(٣) سروودێکی (تەمموز) لە کوردستاندا، وەرگێڕانی د.ئازاد حەمە شەریف، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٢٠٤)، ل١١٦-١٢٣.

٥-٥- ڕێکخستنی چالاکیی ڕۆشنبیری و پێشبڕکێ:

هەر لە نەورۆزدا، چالاکیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری سازدەدرا و هەر ناوچەیەک بە شێوازی تایبەتیی خۆی، شادمانی و ئاسودەیی خۆی دەردەبڕی، گەڕۆکی عوسمانی ئەولیا چەلەبی لە گەشتەکەیدا - ساڵی ١٦٥٦ز- دەگاتە ئامێدی و دەڵێت: ئامێدییەکان گەلێك شیعری پێنج بەیتی و پێنج خشتەکی و شەش خشتەکی و حەفت خشتەکی و هەشت خشتەکییان بە کوردی داناوە و بە بۆنەی نەورۆزەوە، مەزن و بچووك و خوێندەوار و نەخوێندەوار لەسەر ڕێگاکان گرددەبنەوە و ئەو شیعرانە بەیەکدیدا دەڵێن و بۆ یەکدی دەیسەننەوە(١).

پیرەمێردیش لە ڕۆژنامەی (ژین)، ژ(٧٣٧) کە ڕۆژی (٢٨ی مارتی١٩٤٤) دەرچووە، دەگێڕێتەوە کە بە منداڵی لە سلێمانی لە ڕۆژانی نەورۆزدا، دەچوونە مزگەوتی شێخ ئەورەحمانی شێخ ئەبوبەکر، ئەوجا عەبدولاسورەی تۆڵەتوویی بە خەتێکی خۆش، نەورۆزنامەی بۆ دەنوسینەوە:

نوروز شد، نوروز شد   نوروز نو فیروز شد

دنیا همە پیروز شد.....بلبل غزل آموز شد

بابا بدە نوروزیم   تا برخوری از روزیم

---

(٢)Evliya çelebı Sıyahatnamesi, s. 309.

"ئیتر ئەمە بە هەموو کۆڵان و سەربانێکدا، بە گۆرانییەوە ئەمانگوت. ئەو ڕۆژەیش ئازاد بووین، ئەچووینە ئەو دەشتە، ئیتر نەمانئەزانی ئەم ڕۆژە چییە"[1].

بڕگەیەکی دیکەی ئاهەنگی نەورۆز، ڕێکخستنی پێشبڕکێ و گەمەی میللی بوو، هەرچەند پێزانینمان دەربارەی ئەم لایەنەش کەمە، خەڵکی بەغدا لە شەوانی نەورۆزدا بوکەڵەیەکیان دروست دە کرد بە بار ستایی منداڵێك و جلی جوانیان دەکردە بەری و بەخشڵ و زێڕ دەیانڕازاندەوە و لە سەربانان دە یانگێڕا و گە مەیان پـ ێدەکرد و بەدەمـ یەوە دە هۆڵ و زوڕنایان لێدەدا و ئاگریان دەکردەوە، ئەم یارییە ناوی(دووبارەکە) بوو کە پەیڤێکی عەجەمیە واتا عەرەبی ن یە، لەمبارە یەوە ژ نە شاعیرێك دەڵێت:

شاورني الْكَرْخِي لما دنا النې... روز وَالسَّن لَهُ ضاحكه
فَقَالَ مَا نهدي لسلطاننا.... من خير مَا الْكَفُّ لَهُ مَالِكه
قلت لَهُ كل الْهَدَايَا سوى ... مشورتي ضائعة هالكه
أهد لَهُ نَفسك حَتَّى إِذا ... أشعل نَارا كنت دوباركه[2].

هەروەها کات بەسەربردن بە جۆلا نەکردن، گەمە یەکی د یی باوی نەورۆزان بوو لای ئێرانیەکان، لەمبارەیەوە کابرایەکی دیندار بە ناوی

، نزار ئەیوب گولی، ژ کەفنترین هۆزانڤانێ بەهدینان مەلا ڕەمەزانێ عەباسی، کۆڤارا دیرۆك، ژمارە(١٢)، ل٣٦-٤١.

(١) پیرەمێرد چیی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە، ل٥٧-٥٨.

(٢) التنوخي، نشوار المحاضرة، ١١٠/١، الصفدي، الوافي بالوفيات، ٣١٤/١٦.

(طلحة بن مصرف الکوفي: م١١٢ك/٧٣١ز) دەیگوت حەزدەکەم ڕۆژی نەورۆز بگوزەرێت و من هەستی پێ نەکەم و پێم ناخۆشە مرۆڤێك ببینم لەسەر جۆلانە یاری دەکات[1].

دوور نیە ئەم دوو گەمەیە و هی دیکەش لە ڕۆژانی نەورۆزی کوردستاندا سازدرابێ، بۆ نموونە دانیشتوانی شاری وان، نەورۆزان هەڵدەستان چی گامێش وئەسپی جسن و هوشتر و بەرانیان هەیە لە هۆڵ و تەوێلەکانیان دەردەهێنا و دەیاندان بەشەڕەوە و دەمێکی خۆشیان بە تەما شاکردن دەگوزەراند[2].

لە ڕاستیدا لە یادکرد نەوەی جەژنی نەورۆزدا، جگە لەوا نەی باسکران، ڕێوڕەسمی دی هەبوون وەك: چوارشەممە سورە و حەفت سین و میری نەورۆزی...هتد، بەڵام هێچ زانیارییەکیان لە سەر دەست ناکەوێت.

سەبارەت بە چوارشەممە سورە، لە هەواڵێکدا هاتووە کە میران و سەرانی کورد چوارشەممەیان بە ڕۆژی ئاشتی و پشوودان دادەنا و ئامادە نەبوون بچنە شەڕوکوشتار[3]، گومان لەوەدا نیە کە ئەم نەریتەش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە چوارشەممە سورەی نەورۆزەوە هەیە.

---

(١) الحكيم الترمذي، نوادر الأصول في أحاديث الرسول، ص١٥٨، ١٦٥، البيهقي، شعب الإيمان، ٥/٢٤٤. پێغەمبەر(ص) نەهی لە سواربوونی جۆلانە کردووە، چونکە بەهۆیەوە عەورەی مرۆڤ بە تایبەت هی ژنان دەردەکەوێت.

(٢) رحلة أوليا جلبي في كوردستان، ص٢٤٨.

(٣) البدليسي، شرفنامه، ص٢٣٩.

٥-٦- ئەیوبییەکان و یادکردنەوەی نەورۆز:

یادکردنەوە و ئاهەنگگێڕان بە نەورۆز و پیرۆزیی ئەم ڕۆژە لای ئەیوبییەکان فەرامۆش نەکراوە کە وەك ئاشکرایە بەخۆیان کوردن و ئێرانین، بەڵام بەو پێیەی ئەوان لە ڕۆژگاری شەڕی خاچهەڵگرەکاندا، دەسەڵاتداریێتی بەشێکی گرنگی جیهانی ئیسلامی و ڕێبەرایەتیی شەڕی پیرۆزی جیهادیان دەکرد و لە ململانێدا بوون دەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوای مەسیحی و کێشەی ئایینی و سیاسی و شارستانی لەئارادا بوو، بۆیە ناکرێت لە شەڕی پیرۆزی جیهاد بیت و هاودەم یادی جەژن و بۆنەگەلێکی نائیسلامی، بگرە نەگونجاو لەگەڵ پرانسیپەکانی ئیسلام بکەیتەوە، بۆیە دەگمەن دەنگوباسی نەورۆز لە مێژووی ئەیوبی بەرچاو دەکەوێت و ئەوان پتر کاریان بۆ ئەوە دەکرد مەزهەبی سونی لە مصر و شام بڵاوبکرێتەوە و سەرقاڵی وەدەرنانی خاچهەڵگرەکان بوون لە قودس و کەنارەکانی شام.

لە ڕاستیدا بەڵگە و ئاماژە لە سەرچاوەکاندا کەمن سەبارەت بە چۆنیەتی یادکردنەوەی نەورۆز و بیرەوەریی ئەم ڕۆژە لەکن ئەیوبییەکان، بەڵام پاش مردنی سوڵتان صەلاحەدین لە ساڵی٥٨٩ك /١١٩٣ز، بۆ جارێکی دی لە مصر جەژنی نەورۆزی قیبتی کرایەوە، قیبتیەکانیش کە ناو و ڕێوڕەسمی ئەو جەژنەیان هەر لە ئێرانیەکان وەرگرتووە، دەستیانکرد بە ئاوپرژاندن و مەشروب خواردنەوە و ئاهەنگگێڕان[1].

---

(١) المقريزي، الخطط المقريزية، ٢/٣٦.

لە لایەکی دیکەوە، وا پێدەچێت نەورۆز ڕۆژێکی پیرۆز و مژدەبەخش بووبێت لای بنەماڵەی ئەیوبی، ئەوەبوو دەمێک سوڵتان صەلاحەدین ساڵی٥٦٤ک/١١٦٩ز پۆستی وەزارەتی لە مصر گرتە دەست، ناردی بە شوێن نجم الدین ئەیوبی بابی تا بەخۆی و خاوخێزانەوە لە دیمەشقەوە بهێن بۆ قاهیرە، کەچی نجم الدین ئەیوب ئەم کۆچەی بۆ مصر دواخست تا هاتنی وەرزی نەورۆز[1]، دەبێت خۆدواخستنەکەی نجم الدین ئەیوب لە سۆنگەی ئەوەوە بووبێت کە نەورۆزی بە ڕۆژێکی پەسند و پڕ خێروبێر زانیوە و ویستویەتی لەو ڕۆژەدا بکەوێتەڕێ تا کۆچەکەی بۆ مصر بێ ئاریشە و سەرکەوتوو بێت، هەروەها شاعیر (ابن سناء الملك: م٦٠٨ک/١٢١١ز) لە شیعرێکدا لە ستایشی شاه سیف الدین محەمەد (الملك العادل: م٦١٥ک/١٢١٨ز)ی برای سوڵتان صەلاحەدین، ناوی نەورۆزی هێناوە و دەڵێت:

وشَب لهيبُ القَلب اذ فاضَ مَدْمَعي

فَنَوْرَزَ طَرفي اذ رأى القَلبُ مُهرجا[2].

٥-٧- شاعیرانی کورد و نەورۆز:

زۆرینەی شاعیرانی کورد، هەر لە با با تاهیری هەمەدانیەوە(م: ٤٩٢ک /١٠٩٩ز) تا ئەمڕۆ، خۆشی و دڵڕفێنی نەورۆزیان لەیاد بووە و لەبیریان

---

(١) ابو شامة، الروضتين في أخبار الدولتين، ٢/ ٩٧.

(٢) عبدالكريم شاهين، عيد النوروز، الأصل التأريخي والأسطورة، ص٢٨.

نەکردوە و بە ڕۆژێکی پڕ لە جوانی و شادمانی و گوشادییان دا ناوە و بە جوانی و دلگیریی بەهار و سروشتدا هەڵیانداوە[1].

لای شاعیرانی کلاسیکی، مەگەر هاتنی نەورۆز بە قەد پە یدابوونی دلبەر، دڵتەنگی و خەمگینی بڕەوێنێتەوە، لەکن بابا تاهیری هەمەدانی خۆشیی دیداری یار هاوتای خۆشیی جەژنی نەورۆز بووە، کەچی بە لای مەلای جەزیریەوە ـ وەك باسکرا ـ نەورۆز سەرسالی دڵە و دەمێك دلبەر دەردەکەوێت و وەك چرا هەلدێت، دلی نالودە و داگیرساوی شاعیر دەحەسێتەوە و لە لای دەبێتە جەژنی نەورۆز:

ئەڤ نار و سیقالا دلە دائیم ل وی قالا دلە

نەورۆز و سەرسالا دلە وەقتێ هلێتن ئەو سیراج[2].

لە دوای خانی، سالمی صحیبقران (١٨٠٥-١٨٦٩) زیاتر لە شاعیرانی دی، ناوی نەورۆزی هێناوە و بەلای ئەوەوە وەك زۆربەی شاعیران، هێمایە بۆ دڵخۆشی و دەمی بەزم وصەفا و رابواردنە:

صوبحی نەورۆزە، وەختی بەزمی شەراب

"الصبوح، الصبوح، یا أصحاب"

فەصلی عەیش و نەشاطە، هەی نامان

" المُدام، المُدام، یا أحباب"

---

(١) بڕوانە: کە شکۆلە شیعرێکی کوردیی گۆرانی، کۆکرد نەوەی شێخ عەبدولمومینی مەردۆخی، بڵکەی ژین (سلێمانی: ٢٠١٠)، ل١٦٢، ١٦٥، ١٧٥-١٧٦، ٣٧٤.

(٢) دیوانا مەلایێ جزیری، ل١١٢.

ئەی حەریف، هەفتەیێکە ئابی بەهار

"راح چون لعل آتشین دریاب"[1].

لە دوو شیعری دیدا دەڵێت:

بە رەنگ سالم چ سەهلە صوبحی نەورۆز گەر بە یەڵدا بێ

بەبێ روویی جیهان ئەفرۆزی یاری نازەنینی من[2].

نەسیمی بادی نەورۆزی شەمیمی عەنبەری(؟) هێنا

بەریدی عاشقان دیسا پەیامی دولبەری هێنا[3].

و بە بۆنەی گەڕانەوەی عەبدوڵا پاشای بابانەوە بۆ بەغدا، دەڵێت:

سەختگیریی کرد، ئەگەر سەرما، وەکوو ئەفراسیاب

یادی نەورۆزی بە میثلی پووری دەستان هاتەوە.

باغە پەژموردەی خەزان و خورەمی ئەوقاتی حووت

ماهی نەورۆزی بە عەکسی ماهی ئاپان هاتەوە[4].

حاجی قادری کۆییش دەڵێت:

رۆژتە ئەی بادی نەورۆزی لەبن بەفری گران

کانی پێی سڕبوو، چناریش دەستی چوو پەنجەی تەزی[5]. ئەمەو دەیان شیعر و پەخشانی دی[6].

(1) دیوانی سالم، بنکەی ژین، ل147_148.

(2) دیوانی سالم، ل572.

(3) دیوانی سالم، ل830.

(4) دیوانی سالم، ل830_831.

(5) دیوانی حاجی قادر، ل164.

سەرچاوەکان

یەکەم: سەرچاوە عەرەبیە بنەڕەتیەکان:

- ابن الأبار، محمد بن عبد الله البلنسي(ت: ٦٥٨هـ/١٢٦٠م).
- إعتاب الكتاب، مطبوعات مجمع اللغة العربية(دمشق:١٩٦١).
- ابن الأثير، عزالدين علي بن محمد الجزري(ت: ٦٣٠هـ/١٢٣٢م).
- الكامل في التأريخ، دار المعرفة(بيروت:٢٠٠٧).
- أبو داود، سليمان بن الأشعث السجستاني(ت: ٢٧٥هـ/٨٨٩م).
- سنن أبي داود، دار الكتاب العربي(بيروت:؟).
- ابن أبي شيبة، عبدالله بن محمد بن إبراهيم(ت: ٢٣٥هـ/٨٥٠م).
- المصنف في الأحاديث والآثار، مكتبة الرشد(الرياض:١٤٠٩هـ).
- الأرشيف العثماني، دفتر تحرير مُفصل وإجمال ولاية أربيل لسنة ٩٤٩هـ/١٥٤٢م، ترجمة د.خليل علي مراد(أربيل:٢٠١٥).
- الأصفهاني، أبوالفرج علي بن الحسين(ت: ٣٥٦هـ/٩٦٧م).
- كتاب الأغاني، دار الفكر (بيروت:١٩٨٦).
- البدليسي، شرفخان بن شمس الدين(ت: ١٠١٠هـ/١٦٠١م).
- شرفنامه، ترجمة محمد جميل الروزبياني، ط٢(أربيل:٢٠٠١).
- البيروني، ابوالريحان محمد بن أحمد (ت: ٤٤٠هـ/١٠٤٨م).
- الآثار الباقية عن القرون الخالية، دار العراب (دمشق:٢٠١٣).

---

(١) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: محەمەد عبدالرحمن زەنگەنە، نەورۆز نامە، دار الجاحظ (بەغدا: ١٩٨٥)، حسين عزيز رواندزی، نەورۆز لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی الحوادث (بەغدا: ١٩٨٥)، عومەر ئیبراهیم عەزیز، دیاری نەورۆز لە پەخشانی کوردیدا (هەولێر: ١٩٨٩)..

- البيهقي، أبو بكر أحمد بن الحسين (ت: ٤٥٨هـ/١٠٦٥م).
- شعب الإيمان، دار الكتب العلمية (بيروت: ١٤١٠هـ).
- التنوخي، المحسن بن علي (ت: ٣٨٤هـ/٩٩٤م).
- نشوار المحاضرة وأخبار المذاكرة، دار صادر (بيروت: ١٩٧١).
- الثعالبي، عبد الملك بن محمد النيسابوري (ت: ٤٢٩هـ/١٠٣٨م).
- ثمار القلوب في المضاف والمنسوب، دار المعارف (القاهرة:١٩٨٥).
- يتيمة الدهر في محاسن أهل العصر، دار الكتب العلمية (بيروت:١٩٨٣).
- الجاحظ، عمرو بن بحر بن محبوب الكناني (ت: ٢٥٥هـ/٨٦٩م).
- التاج في أخلاق الملوك، المطبعة الأميرية (القاهرة:١٩١٤).
- المحاسن والأضداد، مكتبة الخانجي (القاهرة: ١٩٩٤م).
- جرير، جرير بن عطية بن حنيفة (ت: ١١٠هـ/٧٢٨م).
- ديوان جرير (الموسوعة الشاملة).
- الجهشياري، ابوعبدالله محمد بن عبدوس (ت: ٣٣١هـ/٩٤٢م).
- الوزراء والكتاب (القاهرة: ١٩٣٨).
- الحكيم الترمذي، محمد بن علي (ت: نحو٣٢٠هـ/٩٣٢م).
- نوادر الأصول في أحاديث الرسول، دار الجيل (بيروت: ١٩٩٢).
- الخطيب البغدادي، ابوبكر أحمد بن علي (ت: ٤٦٣هـ/١٠٧٠م).
- تأريخ بغداد، دار الغرب الإسلامي (بيروت:٢٠٠٢).
- الزمخشري، محمود بن عمر الخوارزمي (ت: ٥٣٨هـ/١١٤٣م).
- الكشاف عن حقائق التنزيل، دار إحياء التراث العربي (بيروت: ؟).
- ابن الساعي الخازن، علي بن أنجب البغدادي (ت: ٦٧٤هـ/١٢٧٥م).
- أخبار الحلاج، منشورات الجمل (كولونيا:١٩٩٩).
- أبو سعيد النقاش، محمد بن علي الأصبهاني (ت: ٤١٤هـ/١٠٢٣م).

- فنون العجائب، تحقيق: طارق الطنطاوي، مكتبة القرآن (القاهرة:؟).
- ابو شامة، عبدالرحمن بن إسماعيل (ت: ٦٦٥هـ/١٢٦٧م).
- الروضتين في أخبار الدولتين، دار الكتب العلمية (بيروت: ٢٠٠٢).
- ابن الشعار، المبارك بن الشعار الموصلي (ت: ٦٥٤هـ/١٢٥٦م).
- قلائد الجمان، دار الكتب العلمية (بيروت: ٢٠٠٥).
- الصفدي، صلاح الدين خليل بن أيبك (ت: ٧٦٤هـ/١٣٦٢م).
- الوافي بالوفيات، دار إحياء التراث العربي (بيروت:٢٠٠٠).
- الصولي، ابوبكر محمد بن يحيى بن عبدالله(ت: ٣٣٥هـ/٩٤٧م).
- أخبار الراضي بالله والمتقي الله، دار المسيرة (بيروت: ١٩٧٩).
- أدب الكاتب، تحقيق محمد بهجت الأثري (القاهرة:١٩٤١).
- الطبراني، ابو سعيد ميمون بن القاسم (ت: ٤٢٦هـ/١٠٣٥م).
- مجموع الأعياد، تحقيق:ر.شتروطمان (هامبورغ:١٩٤٣).
- الطبري، ابوجعفر محمد بن جرير (ت: ٣١٠هـ/٩٢٣م).
- تاريخ الطبري، دارالمعارف (القاهرة:١٩٧٩-١٩٨٢).
- ابن عساكر، علي بن الحسن بن الدمشقي (ت: ٥٧١هـ/١١٧٦م).
- تاريخ دمشق، دار الفكر (دمشق:١٩٩٥).
- العسكري، أبو هلال الحسن بن عبدالل ه(ت: ٣٩٥هـ/١٠٠٥م).
- كتاب الأوائل، دار البشير(طنطا :١٤٠٨هـ).
- العمري، أحمد بن يحيى بن فضل الله (ت: ٧٤٩هـ/١٣٤٨م).
- التعريف بالمصطلح الشريف، دار الكتب العلمية (بيروت: ١٩٨٨).
- مسالك الأبصار، المجمع الثقافي (ابوظبي: ٢٠٠٣).
- العمري، ياسين(ت: بعد١٢٣٢هـ/١٨١٦م).
- غاية المرام في تأريخ بغداد، مط: دار البصري (بغداد: ١٩٦٨).

- الفارقي، أحمد بن يوسف علي (ت: بعد٥٧٧هـ/١١٨١م).
- تأريخ الفارقي، دار الكتاب اللبناني (بيروت: ١٩٧٤).
- ابن فرحون، إبراهيم بن علي اليعمري (ت: ٧٩٩هـ/١٣٩٧م).
- الديباج المذهب في معرفة أعيان علماء المذهب، تحقيق: د. محمد الأحمدي، دار التراث (القاهرة: بلا).
- الفردوسي، ابوالقاسم (ت: ٤١١هـ/١٠٢٠م).
- الشاهنامه، الترجمة العربية، تحقيق عبدالوهاب عزام (القاهرة:١٩٣٢).
- ابن الفقيه، أحمد بن محمد الهمداني (ت: ٣٤٠هـ/٩٥١م).
- كتاب البلدان، تحقيق: يوسف الهادي، عالم الكتب (بيروت:١٩٩٦).
- القاضي النعمان المغربي (ت: ٣٦٣هـ/٩٧٣م).
- دعائم الإسلام، تحقيق: آصف بن علي، دار المعارف(القاهرة: بلا).
- القرطبي، أحمد بن أحمد الأنصاري (ت:٦٧١هـ/١٢٧٢م).
- الجامع لأحكام القران، دار الكتب المصرية (القاهرة:١٩٦٤).
- القزويني، زكريا بن محمد بن محمود (ت: ٦٨٢هـ/١٢٨٣م).
- آثار البلاد وأخبار العباد، دار صادر (بيروت: بلا).
- ابن قيم الجوزية، محمد بن أيوب الزرعي (ت: ٧٥١هـ/١٣٥٠م).
- أحكام أهل الذمة، دار ابن حزم (بيروت:١٩٩٧).
- المسعودي، علي بن الحسين بن علي (ت: ٣٤٦هـ/٩٥٧م).
- التنبيه والأشراف، مكتبة الخياط (بيروت: ١٩٦٥).
- مروج الذهب ومعادن الجوهر، دار الأندلس (بيروت:١٩٨١).
- مسكويه، أحمد بن محمد بن يعقوب (ت: ٤٢١هـ/١٠٣٠م).
- تجارب الأمم تحقيق: أبو القاسم إمامي، سروش (طهران:٢٠٠٠).
- مطراقي زاده، نصوح أفندي السلاحي (ت: بعد٩٥٨هـ/١٥٥١م).

- رحلة مطراقي زاده، الترجمة العربية، المجمع الثقافي(أبوظبي: ٢٠٠٣).
- المقدسي، المطهر بن طاهر (ت: نحو٣٥٥هـ/٩٦٧م).
- البدء والتاريخ، مكتبة الثقافة الدينية (بور سعيد: بلا).
- المقريزي، تقي الدين أحمد بن علي (ت: ٨٤٥هـ/١٤٤١م).
- الخطط المقريزية، دار الكتب العلمية (بيروت: ١٩٩٨).
- النجاشي، أحمد بن علي بن أحمد الأسدي (ت: ٤٥٠هـ/١٠٥٨م).
- الرجال (فهرست أسماء مصنفي الشيعة)(بلا).
- ابن النديم، ابو الفرج محمد بن إسحق النديم (ت: ٣٨٣هـ/٩٩٣م).
- كتاب الفهرست، دار المعرفة (بيروت: ١٩٧٨).
- النويري، أحمد بن عبدالوهاب (ت: ٧٣٣هـ/١٣٣٣م).
- نهاية الأرب في فنون الأدب، دار الكتب العلمية (بيروت: ٢٠٠٤).
- ابن وضاح القرطبي، محمد بن بزيع المرواني (ت: ٢٨٦هـ/٨٩٩م).
- البدع والنهي عنها، مكتبة ابن تيمية (القاهرة: ١٤١٦هـ).
- ياقوت الحموي، ياقوت بن عبدالله الرومي (ت: ٦٢٦هـ/١٢٢٩م).
- معجم الأدباء، دار الغرب الإسلامي (بيروت:١٩٩٣).
- معجم البلدان، دار احياء التراث العربي (بيروت: بلا).

- دووهەم: سەرچاوە نوێیەکان(بە عەرەبی):
- آرثر كريستنسن، إيران في عهد الساسانيين، ترجمة يحيى الخشاب (القاهرة:١٩٥٧).
- إدزارد د. أ، قاموس الآلە والأساطير، ترجمة: محمد وحيد خياطة، دار مكتبة سومر(حلب:١٩٨٧).

– الكسندر هايدل، سفر التكوين البابلي، ترجمة:سعيد الغانمي، دار الجمل (كولونيا:٢٠٠٧).

– جوردي غورغاس، الحركة الكردية التركية في المنفى، ترجمة:جورج البطل، دار الفارابي (بيروت:٢٠١٣).

– حسين قاسم العزيز، الجذور الأسطورية لملحمة نوروز الشعبية، دار الشؤون الثقافية العامة(بغداد:٢٠١٠).

– راجحة خضر النعيمي، الأعياد في بلاد وادى الرافدين، دار صفحات (دمشق:٢٠١١).

– ريج، ك.جيمس، رحلة ريج سنة ١٨٢٠، ترجمة: بهاءالدين نوري، الدار العربية للموسوعات (بيروت:٢٠٠٨).

– رينيه لابات، المعتقدات الدينية في بلاد وادي الرافدين، ترجمة الأب البير أبونا ود.وليد الجادر (بغداد:١٩٨٨).

– ر.س.زيهنير، المجوسية الزرادشتية، ترجمة د.سهيل زكار، دار التكوين(دمشق: بلا).

– صموئيل نوح كريمر، من ألواح سومر، ترجمة طه باقر، دار الوراق للطباعة (لندن:٢٠١٠).

– السومريون، ترجمة الدكتور فيصل الوائلي، وكالة المطبوعات (الكويت :١٩٥٧).

– طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، دار الوراق للنشر المحدودة (بيروت:٢٠٠٩).

– عبدالرحمن مزوري، نوروز والأزدهاك والكورد، منشورات الأكاديمية الكردية (اربيل: ٢٠١٣).

- عبدالسلام هارون، نوادر المخطوطات (نشر وتحقيق)، الجزء الثاني، دار الجيل (بيروت:١٩٩١).
- فاضل عبدالواحد علي، سومر أسطورة وملحمة، دار الشؤون الثقافية العامة (بغداد:١٩٩٧).
- كارم محمود، أساطير التوراة الكبرى وتراث الشرق الأدنى القديم، دار الحصاد (دمشق:١٩٩٩).
- كاظم عبد علي، النوروز مظهر من مظاهر التواصل بين العرب والفرس، رسالة ماجستير، الجامعة اليسوعية (بيروت:١٩٧٥).
- محمد أمين رشيد، النوروز في الأدب الفارسي، رسالة ماجستير، كلية الآداب (جامعة عين شمس:١٩٧٦).
- الشيخ معروف النودهي، الأعمال الكاملة، ج٣(بغداد:١٩٨٤).
- نائل حنون، حقيقة السومريين، دار الزمان(دمشق:٢٠٠٧).
- عقائد مابعد الموت، دار الشؤون الثقافية العامة(بغداد:١٩٨٦).
- وصفي حسن، عيد نوروز في الشعر العربي، مطبعة الخاني(دهوك: ٢٠١٢).

سێیەم:سەرچاوە فارسی وکوردییەکان:

- ئەحمەدێ خانی (م:١٧٠٧ز).
- مەم وزین، بەرهەڤکرن تەحسین ئیبراهیم دوسکی، دەزگای سپیریز (دهوك:٢٠٠٨).
- أحمد كسروى، شهرياران گمنام، نگاه(تهران: ١٣٨٥هـ.ش).
- تومرخانی یازجی(م: ١٦٣٤ز)،(منظومه تاريخ هكارى).
- جزیری، مەلا ئەحمەدی کوڕی محەمەد(م:١٠٥٠ك/١٦٤٠ز).

– دیوانا مەلایێ جزیری، بەرهەڤکرن تەحسین ئیبراهیم دوسکی، دەزگای سپیرێز(دهوك:٢٠٠٥).

– حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی(بەغدا:١٩٨٦).

– حارسی بەدلیسی(سەدەی١٨ز)، لەیلا ومەجنوون، بەرهەڤکرن: تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، دەزگای سپیرێز(دهۆك:٢٠٠٤).

– حمدالله مستوفی قزوینی(ت: ٧٥٠هـ/١٣٤٩م).

– تارخ گُزیدە، مؤسسە انتشارات أمیر کبیر(تهران:١٣٨١هـ.ش).

– رەزا دەشتی، نەورۆز و بۆنەکان لە گێڕانەوە مێژووییەکاندا، وەرگێڕانی رێبوار سەرتیپ زەندی، چاپخانەی زانا (سلێمانی: ٢٠١١).

– د.رەفیق شوانی، نەورۆز سەرەتای شارستانیەت و جەژنی نەتەوایەتی کوردە، ئەکادیمیای کوردی (هەولێر:٢٠١٤).

– سالم، عەبدولڕەحمانی صاحیبقڕان(م:١٨٦٩ز).

– دیوانی سالم، بنکەی ژین(سلێمانی:٢٠١٥).

– سدیق ساڵح، پیرەمێرد چیی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە (ئامادەکردن)، بنکەی ژین(سلێمانی:٢٠١٣).

– عبدالرقیب یوسف، مەلا عومەری رەنجوری ی شالەبەگی، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٠٧)(ئەیلول: ١٩٨٥).

– عەبولعەزیم رەزایی، مێژووی نەورۆز و کرۆنۆلۆجیای ئێران، وەرگێڕانی شەریف فەلاح، خانەی موکریانی(هەولێر:٢٠١٢).

– عمر خیام، نوروزنامە، مطبعة روشنائی(طهران:١٩٣٣).

– د.مەولود ئیبراهیم حەسەن، نەورۆزی کورد..لە ئەفسانەوە بۆ جیهانی بوون، دەزگای بەدرخان(هەولێر:٢٠١٢).

– نزار ئەیوب گولی، ژ کەڤنترین هۆزانڤا نێ بە هدینان مەلا رە مەزانێ عەباسی، گۆڤارا نیرۆك، ژمارە(١٢)(دهۆك:پاییز٢٠١٦).

– نوروز(مجموعه مقالات)، بەکوشش علی دهباشی، نشر أفکار(تهران :١٣٩١هـ.ش).

– هاشم رضی، جشن های آب، نوروز سوابق تاریخی تا أمروز، انتشارات بهجت (تهران:١٣٨٥هـ.ش).

– هنری فرانکفۆرت، سرووتێکی(تەمموز) لە کوردستاندا، وەرگێڕانی: د.ئازاد حەمە شەریف، گ.رامان، ژمارە(٢٠٤)(هەولێر:٥–٥–٢٠١٤).

– گۆڤاری ژین، ژمارە(٧)، ئیستەنبول:٢ی کانون ثانی١٣٣٥هـ.

– چوارەم: سەرچاوە بە تورکی وئینگلیزی:

- Evliya çelebı sıyahatnamesi hazirlayanlar: Seyit Ali Kahraman, Yucel Dağli, (Istanbul :2000), IV Kitap.

- James Morier, Second Journey through Persia,Armenia and Asia Minor (London:1818).

پاشکۆ

بەشێك لە سەرگوزشتەی فەرەیدون و زوحاك بەگوێرەی گێڕانەوەیەك،،،،

..وفي أخبار فريدون على رواية الفرس: لما أقبل بالبيوراسف من المغرب نحو المشرق ليسجنه بدنباوند مرّ بكورة إصبهان- وقد طوى أفريدون أياما لم يذق طعاما- فطلب قوما يمسكونه عليه ريثما يتغدى. فجمع الملك عالما من الناس فلم يقدروا على إمساكه، فأدار سلاسله على جبل من جبال إصبهان وأوثقه بأساطين وسكك من حديد قوية. وتوثق منه حتى ظن أنه قد أحكم ما أراد. حتى إذا جلس على غذائه، اجتذب البيوراسف سلاسله مع تلك الأساطين والسكك واحتمل الجبل يجره بسحره ثم طار به في الهواء، فتبعه أفريدون فما لحقه إلّا بالمدينة المعروفة ببزورند وهي الري. فلما لحقه قمعه بمقمعة من حديد كانت في يده فسقط مغشيا عليه ورسا ذلك الجبل المنقول من إصبهان بمدينة الري. فهو الآن جبلها المطلّ عليها. فلعن أفريدون ذلك الجبل ودعا الله أن لا ينبت عليه شيئا في شتاء ولا صيف وأن لا يثبت عليه ثلج ولا تسرح عليه سارحة تؤمّه ولا أهلية ولا يأتي إليه حيوان فأجاب الله دعاءه، فهو كذلك إلى يوم التناد.

...ومضى أفريدون- بعد أن حبسه في الكهف واستوثق منه- منصرفا إلى دار مملكته ووكل أرمائيل بحفظ البيوراسف وطعامه. فكان يذبح له في كل يوم رجلين فيغذي بأدمغتهما حيّتيه اللتين على كتفيه أعواما.

ثم إن أرمائيل تحوّب من ذبح الناس فتلطّف في استنقاذهم واحتساب الأجر في إطلاقهم من القتل، فمضى إلى قرية من قرى دنباوند تسمى مندان فبنى

على جبلها أبنية جليلة وقصورا عظيمة وجعل فيها بساتين وعيونا تجري في صحون تلك الدور والبساتين، وبنى في بعض تلك القصور بيتا بخشب الساج والابنوس وصور فيه جميع الصور، فلم يكن لأحد في ناحية المشرق، بناء أشرف منه ارتفاعا وحسنا ودقة نقوش وكثرة عمل وتزاويق وتصاوير وتماثيل.

....وكان أرمائيل نازلا في قصوره وأبنيته التي بناها فإذا جاءوه بالأسارى من الآفاق ليذبحهم ويأخذ أدمغتهم فيغذي الحيتين، أعتق في كل يوم أسيرا ونبح مكانه كبشا وخلط دماغه بدماغ المقتول وغذا به الحيتين أعواما كثيرة. ثم بدا له في الذبح فكان إذا جاءوه بالأسارى أعتقهم وأسكنهم الجبل الغربي من قرية ميندان فبقي على ذلك من حاله ثلاثين عاما يعتق في كل عام سبعمائة وثلاثين إنسانا...

فلما كان بعد ثلاثين حولا من مملكة أفريذون أنفذ إلى أرمائيل رسولا يأتيه بخبر البيوراسف. فلما وافاه أنزله. أرمائيل معه في قصره. فسأله الرسول عما صنع فأخبره خبر المعتقين من الذبح وإنزاله إياهم الجبل الغربي. ولمّا أمسى أمر المعتقين أن يوقد كل واحد منهم على باب الموضع الذي هو فيه نارا ففعلوا. فقال الرسول: ما هذا؟ قال: هؤلاء المعتقون من الذبح. فقال الرسول بالفارسية: وسمانا كي ته آزاد كردي؟ أي: كم من أهل بيت قد أعتقتهم؟ وتناهى الخبر إلى أفريدون فسرّ به سرورا شديدا ومضى نحو جبل دنباوند فوقف عليه فلما تقرر عند فعل أرمائيل شرفه ورفع درجته وسماه المصمغان وأقطعه مدينة دنباوند برساتيقها وقراها وعقد له تاجا وأقعده على سرير ذهب...وكان أفريذون سجن البيوراسف في النصف من ماه مهر وروز مهر، فلما أصبح جعله عيد المهرجان...

كان الضحاك أشد الناس غيرة، فركب يوما إلى الصيد فجاء أفريذون في خيله فدخل داره واحتوى عليه وعلى نسائه. وبلغ ذلك الضحاك فوافى منزله. فلما نظر إلى أفريذون في داره مع نسائه أدركته الغيرة فغشي عليه وسقط عن دابته. ووثب أفريذون فأوثقه ثم تتبع عماله فأخذهم وغلب على ملكه وذلك ماه مهر وروز مهر، فصيره يوم المهرجان. فقالت الأعاجم مهريان لقتل من كان يذبح في كل يوم واتخذوه عيدا. وأخذ المصمغان وقال: إنك كنت شرٌ عماله وكنت صاحب الذبح، فأذبحك كما كنت تذبح الناس. فقال: إن لي بلاء.قال: وما هو؟ قال: كان يأمرني بذبح اثنين في كل يوم فكنت أذبح واحدا وأعتق الآخر. قال: وكيف نعلم صحة ما ذكرت؟ قال: اركب معي حتى أريك إياهم.

فركب معه وسار حتى أشرف على جبال الديلم والشور فنظر إلى عالم قد توالدوا وتناسلوا. فقال: هؤلاء كلهم عتقائي. فقال أفريذون: وس ما ناكي ته آزاد كردي؟.كم من أهل بيت أعتقتهم؟ اذهب فقد ملكتك عليهم. فأعطاه مملكة دنباوند. فلم يزل الضحاك عنده موثقا ستة أشهر ثم قتله يوم النيروز فقالت الأعاجم: أمروز نوروزي اي استقبلنا الدهر بيوم جديد. فاتخذوه عيدا[1].

---

[1] كتاب البلدان، ص٥٥٢_٥٥٤.